# عەزیز بەگی بابان
## لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا

دکتۆر ڕەئوف عوسمان

سلێمانی ٢٠٢١

دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان



بڵاوكراوەكانی ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٢٠٢١

**زنجیرە: (٨٠)**

بەڕێوەبەری دەزگا:
سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماكسی مۆڵ

# عەزیز بەگی بابان
## لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا

دکتۆر ڕەئوف عوسمان

سلێمانی ٢٠٢١

# عەزیز بەگی بابان
# لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا

نووسەر: دکتۆر ڕەئوف عوسمان

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

هەڵەگری: رێژین سەعدوون

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢١

تیراژ: ٣٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، یان هەر شێوازێکی تر بێت.

## پێڕست


دەستپێک.......................................................................٧
سالمی ساحێبقران ١٢٢٠-١٢٨٦ک...........................................١٠
عزیز بەگەکان.....................................................................١٩
ماجەرای شەڕەکەی عەزیز بەگ لە زمانی شیعرەکانەوە.......١٩
چارەنووسی عەزیز بەگ..........................................................٦٩
چارەنوسی میرنشینی بابانەکان...............................................٧٣
کۆتاییەکان.........................................................................٧٦
سەرچاوەکان........................................................................٨١

## دەستپێك

خـوێنەری ئـازیز لە سـەرەتادا بڕیـارم دابـوو کە بەتەنیـا تیشـک بخەمە سەر چامە بەناوبانگ و کەم وێنەکەی سالمی ساحێبقڕان

**لێم گەڕێن با گۆشەگیربم، دەستەئەژنۆ کەف ژەنان**
**گێژەڵوکەی باینەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان**

دیـارە بیـروڕای جیـاواز هەیە لەسـەر ژمـارەی بەیتەکـانی ئەم چامەیە، هەندێک پێیان وایە کە (٨٣ یان ٨٤ یان ٨١) بەیتە، هەندێکی تـر دەیگەیەننە سـەروو سـەد بەیـت و ئەمەش بۆخـۆی بـابەتێکە، ئەم چامەیە باس لە ماجەرای شـەڕێکی دەستەویەخەی خوێناوی دەکات لەنێوان سـەربازەکانی ئیسـماعیل پاشـا کە نـامیق پاشـای والـی بەغـدا کردوونیەتە سـەر سلێمانی و لە ئەنجامدا شـەڕێکی قـوورس لەنێوان سەربازەکانی عەزیز بەگ و ئیسماعیل پاشادا ڕوی داوە.

چـامەکە مـاجەرای شـەڕەکەی عەزیـز بەگ و داگیرکەرەتورکەکـان بـاس دەکـات و تـاکە سـەرچاوەی زانیـاریی بەخشـینی ئەو شـەڕەیە بە هەموو پێکهاتەو توخمەکانیەوە، وەک چەک، جەنگاوەر، جێگا و کـاتی شـەڕ، کوژراو، بریندار و دەستوپێ پەڕێو، هەڵمەت بردن، بەرگری، هاوار و فیغان، پاشەکشە، خیانەت، فرتوفێڵ، ترس و بێم، ئازایەتی... هتد.

دیارە ئەنجامی ئەم شەڕە ناهاوسـەنگە کۆتـایی هێنـانە بەدەسـەڵاتی میرنشینی بابان (١٨٥٠)ز و تەسلیمکردنەوەیەتی بە دەسەڵاتی بە غداو عوسمانیەکان و پلەوپۆستی عەبدوڵا پاشاش لە پاشایەتی بابانەوە بۆ قایمقامی سلێمانی دیاری دەکرێت!

مەبەسـت لەم تـوێژینەوەیە، ئەهمیەتـی چـامەکەی سـالمە نەک لە زەمـین و زەمـانی خۆیـدا بەتەنیـا، بەڵکـوو بـۆ هەتـا هەتـایە، چـونکە

بەشێکە لە مێژووی میللەتەکەمان، ئەمە جگە لە هێز و پێزی چامەکە لەڕووی هونەری شیعرەوە وەک ژانرێک، دیارە بیرخستنەوەی ئەم کارەساتەو فەرامۆشنەکردنی و زانیاریی پتر لە ڕووداوەکە ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژوویی و ڕووناکبیریشە و ناکرێت هەروا فەرامۆش بکرێت.

ئەوەی کە زۆر هانی دام بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە و یارمەتیشی دام لەمەڕ پەیداکردنی سەرچاوە و زانیاری، برای ئازیز و دڵسۆز کاک ئەحمەد حسێن بوو، نموونەی زۆربێت.

لەبەر ئەوەی کە بابەتی ئەم شەڕە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەندێک ڕەهەندی ترەوە، پێکهاتەو ووردەکارییەکانی ئەم ڕەهەندانەش تیشکی فرە و ڕووناکتر دەخەنە سەر پانۆراما و ئەنجامەکانی شەڕەکەی عەزیز بەگ و بەرچاوی خوێنەریش ئاوالەتر دەکەن، هەربۆیە ئەم دوو چامەیەی ترم وەک تەواوکەر و ڕێپێشاندەر هاتە پێش چاو و ناکرێت خوێنەر ئاگای لێیان نەبێت.

چامەی یەکەم

**بەدەئەحواڵی ئەشخاسێ کە خاسەی مولْکی بابانن**
**لە بێدادی فەلەک هەریەک سەرا سیمە و هەراسانن**

چامەی دووەم

**دەکا دونیای پڕ شۆڕش بەدایم فیتنەها پەیدا**
**بەنەیرەنگ و فسون هەردەم لە هەرمووێی وەغا پەیدا**

من وای بۆ دەچم بەرواری دانانی ئەم دووچامەیە بەرودوابن لەگەڵ دانانی چامەی (لێم گەڕێن)، چونکە ئەم دوو قەسیدەیە تەواوکەر و ڕووناککەرەوەی چەمک و ڕەهەندەکانی قەسیدەی

یەکەمن و بە هەرسێکیان تابلۆیەک دەنەخشێنن کە قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی نەتەوەکەمان بە ئازایەتی و شکستەوە، بەگیان فیدایی و ترسنۆکی و خیانەتەوە، بەیەکگرتووی و ناکۆکی و دووبەرەکییەوە، ئەمە جگە لە ئاگاداربوون لە عەبقەریەت و توانا و لێهاتوویی سالمی ساحێبقڕان لە نەخشەکێشانی پانۆرامای ئەو لەوحە ناوازە و کەم وێنەیە.

ناکرێت ئەو زەمین و زەمانە پڕ لە کێشە و ئاریشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە پشتگوێ بخرێت و هەروا بەسادە لەوحی بۆی بنوارین، چونکە لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتە هەیە و باری سیاسی کوردیش لە خاڵی مۆلەقە و ناجێگیردایە، چونکە تا هەنووکە کوردی باشوور سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەتی خۆی نییە، دیارە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو، بەدەر نییە لە بەدەستهێنانی پەند و عیبرەت و وانەی سوودمەند، بەتایبەتی لە مێژووی کورددا، چونکە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان هەمیشە چاوەڕوانکراو و فرەیە، ئەگەر لە بەرگی جیاوازیشدا بێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی هۆکارەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و چوونیەکن. ئەگەر دیاردەی شەڕ و ئاشتی درێژەپێدەری سیاسەت بن، ئەوا ئەم شەڕەی عەزیز بەگیش لەگەڵ تورکەکاندا درێژەپێدەری ئەو ململانێیەن لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و بابانییەکاندا، وە بەرگریشە لە قەوارەی میرنشینەکە و سلێمانی، چونکە لەم کاتەدا داگیرکەرە ڕۆمییەکان هاتونەتە سەر سلێمانی و خەڵکەکەیان خەڵتانی خوێن کردووە و چیان ویستبێت بەسەر ئەهلی شاریاندا هێناوە و خۆیان کردۆتە فەرمانڕەوای شار و بەزەبری هێز شەرعیەتیان داوە بە داگیرکردنی سلێمانی.

# سالمی ساحێبقران
# ١٢٢٠-١٢٨٦ك

سالمی ساحێبقڕان ڕەمز و سومبولێکی گەورە و دیاری شیعری کلاسیکی کوردییە و خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی دەوڵەمەند و پڕ شکۆیە و مەخابن تا هەنووکە وەک پێویست توانا و عەبقەریەتە شیعرییەکەی نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی شایان بەخۆی، کەس وەک دەریاوانێکی لێزان دوڕ و گەوهەرەکانی نەدۆزیوەتەوە و بە خاوی و شاراوەیی ماونەتەوە .

پێکهاتەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و مەرج و ڕەهەندە سەرەکییەکانی لە شیعری سالمدا بەتۆخی ڕەنگیداوەتەوە و بۆتە سەردێڕ و ناونیشانی بەرهەمە بە بڕشتەکانی.

سالم لە یەک کاتدا ئەهلی مەبنا و مەعنایە، جەمسەرەکانی هاوکێشەی ئەم دوو ڕەهەندە بە ئاڕاستەیەک کارلێکیان کردووە و لێکدا تواونەتەوە، کە توخمێکی شیعری باڵا و لوتکەیان بەرهەم هێناوە و لە شاکارەکانی سالمدا خۆیان بینیوەتەوە.

تابلێی کیشی شیعرەکانی مەوزون و وەک ئاوی ڕەوان بێگرێ و گۆڵن و خۆ سەخڵەتکردنیان پێوە دیار نییە و لەسەر بەحرە کورت و درێژەکان شیعری هۆنیوەتەوە، قافییەکانی سوار و دوور لە هەڵە و کەموکوڕین، ئاهەنگ و موزیکای ناوەوەی بەیتەکانیش ئێجگار ناوازە و پڕ لە هارمۆنیان و لەگەڵ واتاکاندا بەجوانی دێنەوە.

سەیری ئەم چوارینەیە بکەن:

**بەڕوخ ڕەنگین، مەیان لاغر، کەمەر، زەڕین**
**نیگە شاهین، موو موشکین، زەنەخ سیمین، لەب شیرین**
**لەبت شەککەر، خەتت عەمبەر، موژەت خەنجەر، قەدت عەرعەر**
**لە عیشقت دڵ، وەکوو بولبول، لە ڕووتا گوڵ، وەکوو گوڵچین**

تــا کمەنــدێتی (تفــرد) ســالم لەوەدا دەبینرێــت کە لێکچوانــدن و خوازەکانی (التشبیه والاستعارة) لە هەندێک بابەتدا جاروبار لە دنیای کلاسـیک دەردەچـن و وێنە و تابلۆگەلێک دەنەخشێنن کە تـێکەڵن لە دنیای بیروسۆز، هەست و نەست، خۆڕسکی و دروستکردن.

پێکهاتەی شیعریی لای سالم تێکەڵەیەکە لە موفرەداتی کوردی و عەرەبـی و فارسـی، بەڵام زمـانی کـوردی نەک زاڵ و زۆریـنەیە لە هەموویـدا بەتەنیـا، بەڵکـوو دەسـتوورە ڕێزمـانییەکەی مـوفرەداتە عەرەبـی و فارسییەکانیشـی خسـتۆتە ژێـر ڕکێفـی خـۆیەوە، ئەمە لە کاتێکـدا کە شـیعری کـوردی لە سـەردەمی سـالمدا بەم زمـانە لە سـەرەتادا بووە، واتە سـالم قۆناغبەندی لە کەمەوە بۆ زۆر و لەپێش دەسـتیەوە بـۆ وەسـتایی نەبینیـوە و هەر لە سـەرەتاوە بە کـامڵی و وەستایی دەستی پێکردووە و گەشتۆتە مەنزڵ، با ئەوەش نەبوێرم کە زمانی کوردی لەسەر دەستی نالی و سالم و کوردیدا تەقینەوەیەکی هونەری و فەرهەنگی و شیعری ئەوتۆی بینی کە تا ئێستا بەرهەمی هەوڵەکانیان دەچنینەوە و جێگای دەستخۆشیە.

گۆران لە وەسفی سالمدا دەڵێت:

**لە دائرەی سەلەفا ئەی قەریحەڕوون و ڕەوان**
**کەسم نەدی کە وەک تۆ خورەی بێ ئاهەنگی**

## به حوزنی پڕ له بەدیعەوە وەکوو کەلیم گریان
## ئەگەرچی وێنەیی حافظ بەغەلغەلە و شەنگی

گـۆران لەنێـوان شـیعرەکانی سـالمەوە، دوو شـاعیری گەورەی فارس بەیاد دەکات کە کەلیمی هەمەدانی و حافزی شیرازین لە دوو خەسـڵەتدا، داهێنـان و شـاعیریەتی خۆڕسـک و ڕەوان و دوور لەخۆکردن، دیارە ڕاوبۆچوونی گۆرانی شاعیر بە هەند وەردەگیرێت و حسابی وردی بۆ دەکرێت.

لای سالم وشە فەرهەنگی و ڕۆژانەییەکان وەک خۆیـان نامێنن و گۆڕانی چۆنیەتی (نـوعي)یـان بەسـەردا دێـت بەپێـی ئەو پەیوەنـدییە ڕێزمانی و ڕستەسازییەی کە نەخشەی بۆ کێشاون و دایڕشتون، واتە گۆڕانکاریی ڕیشەیی نوێی چێ کردووە، لە فەرهەنگی ڕۆژانەییەوە بۆ هـۆنراوەی پـڕ ئارایشـت و نـاوازە، شـیعرێک کە هەمـوو کـات هەر دەدرەوشێتەوە و ژیانمان لا دەکاتە باخچە و ڕەوەز.

لە هۆنراوەکانی سالمدا وەستایەتی لە داڕشتنی واتـا شیعرییەکاندا بەدی دەکرێن و خوێنەر کەم تا زۆر دێننە سەر وردبینی و سـەرنجی قــووڵ، لە ئەنجــامی ئەم قووڵــداچونەوە خوێنــدنەوەی جیــاواز و دەوڵەمەنـد بەرهەم دێـت و هێرمۆنتیکـا سـەرهەڵ دەدات، دیـارە لەم مەیدانەدا نالی وەسـتای بەهرەمەند و سـەرامەدترە لە هەمـوو کەس و هەمیشــە شـیعرەکانی خوێنـدنەوەی جیـاواز هەڵـدەگرن و مـاددەی تیاڕامانن.

سـالم زۆربەی شـیعرەکانی بـۆ دەسـتەبژێری (نخبـة) کومەڵگـا نووسیووە و چێژ و جوانی و داهێنانەکانی ئەوان بە باڵای دەبڕن و تینویتیـان پێـی دەشـکێت، نەک بەتەنیـا لەبەر ئەوەی کە بەخشـێک لە موفرەداتەکـانی فارسـی و عەرەبـین و زۆرینـە نـایزانن، بەڵکـوو لەبەر قــووڵی واتاکــان و هێمــا مێژووییەکــان و بەکارهێنــانی هــونەرە

بەدیعییەکــان و ئەو هاوکێشـــە فــرە ڕەنــگ و بــۆیەی کە داهێنــانی قەدرگرانی تێدا کردووە و ئەسپی خۆی تێدا تاوداوە.

علی کمال باپیر دەڵێت:

**لە گەورەگەورەی شوعەرای کوردان**
**حەزرەتی عەبدولڕەحمانی بابان**
**لەقەبی سالم تەبعی مەوزونە**
**شیعری هەروەک ئاو ڕەوان و ڕوونە**
**سالم ئوستادی شوعەرای کوردە**
**نەوەی بابانە فیکری زۆر وردە**

ســـــەبارەت بە نازنـــاوی عەبـــــدولڕەحمان بەگ کە (ســـــالم)ە، مێژوونووسانی ئەدەب دەڵێن سالم هەمیشە لەڕ و لاواز و نەخۆش و لەش بەبار و دەردەژە بووە، ئەوەتا خۆیشی دەڵێت:

**ئەوەندە چەرخی داوم چەرخی بێ چەرخ**
**سەراپا لاغرم وەک ڕشتەیی ڕێس**

هەر لەم دەسپێکەدا وشـەی (چەرخ) سـێ واتـای جیـاوازیی هەیە و خۆڕسکانەش چێ کراوە و زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار نییە و ئەمەش دەچێتە خانەی هونەری بەدیعەوە و پێی دەگوترێت (جناس) هەر بۆیە ناویـان نـاوە (ســالم)، بـۆ نـوقڵانە لێـدانی چـاکبونەوە لە نەخۆشــی و سەلامەتی، عەرەبەکانیش لەسـەر هەمـان ڕێڕەو، بە مارگەسـتە (لـدیغ) دەڵێن (سلیم) بە هیوای چاکبوونەوە، بەکوێر (أعمى) دەڵێن، (بصیر) بە هیوای بینین.

سالم هەر بە سروشت خۆی شاعیر بووە و بەهرەیەکی باڵای خۆڕسک بۆتە بەردی بناغەی بەرهەمەکانی و لەسەری وەستاوە، بەڵام بەهرەی تەنیا و تەنیا ناکاتە سەرکەوتنی هەمیشەیی لە هەموو بوار و بابەتەکاندا، هەر بۆیە سالم ئەو بەهرەیەی پەروەردە کردووە بە ڕووناکبیری شیعری و گەڕان بەدوای ئەدەبی فارسیدا، نەک هەرئەمە بە تەنیا، سنعەتکاریشی لە داڕشتن و هێلکاری و وێنە و دیمەنەکاندا کردووە، واتە بەهرەی خۆڕسک و سنعەتکاری ورد و شارەزایانە کارلێکیان کردووە و لێکدا تواونەتەوە و بەرهەمی ناوازە و سەرتەڵیان بەرهەم هێناوە، پشتبەستن بە بەهرەی تەنیا لە داڕشتنی شیعرا، وێنەی سادە لەوح و کەمخایەن لە مێشکدا دروست دەکات، واتە خورپەوجوانییەکی تەمەن کورت لە خانەکانی مێشکدا وێنا دەکات، هەروەها سەنعەتکاری تەنیاش، وێنەی وشک و بێڕۆح بەرهەم دێنێت، بەڵام ئاوێزانکردنی بەهرەی خۆڕسک و سەنعەتکاری، بەرهەمی کامڵ و ناوازە و تەمەندرێژ چێ دەکات، لای سالم زۆر جار هاوکێشەکە لە هەندێک بابەتدا بەلای زاڵبوونی سەنعەتکاریدا سەردەکێشێت بۆ بەرەوعەقڵانیەت و قووڵداچوون و ئەندازەکاری، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەوهەر و بنەمای ئەدەبی کلاسیکە.

سالمیش وەک نالی و کوردی شارەزایی تەواوی هەبووە لە ئەدەبی فارسیدا و بەو زمانەش شیعری هۆنیوەتەوە، (ئەگەر سەیری شیعرە فارسییەکانی سالم بکەین لە بواری وەزن و کەڵکوەرگرتن لە سەناعەتە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان، وشەی ڕەنگاوڕەنگ و خەیاڵی شیعری لە ئاستێکی باشدان و بە پێچەوانەی ئەو شاعیرە کوردانەی کە شیعری فارسیان زۆر بەهێز نەبووە، شیعرەکانی سالم تا ڕادەی زۆر خۆش و شیرینن، لە بارەی قاڵب و دیمەنی شیعریشەوە زۆر جۆراوجۆر و ڕەنگا و ڕەنگە و لە غەزەل و قەسیدە و تەرجیع بەند پێک هاتووە و جێگەی خۆیەتی کاری تایبەتی بۆ بکرێ و سەرنجی جیاوازیی لەسەر بدرێ).

جەمال بابان لە زمانی (ع بەسۆز)وە دەڵێت کەشکۆڵێکی دەستنووسی مەلا نەجمەدینم لایە کە بە ناوی یادی شەوێکی بەکرەجۆوە بۆی نووسیوومەتەوە، لە بەرگی یەکەمیدا دەڵێت: "کە ڕۆمییەکان سالم بەدیل دەگرن و دەینێرنە شاری حللە لەوێ لەدوای ماوەیەک لەسەر وەزیفەیەکی میری دایدەمەزرێنن، زۆر شیعری لەوێ بە عەرەبی و کوردی گوتووە.

لەم شیعرە چەند بەیتێکی دەنووسین کە نارەزایی خۆی و ئەسپەکەی دەردەبڕێت بەرامبەر بە ماڵە خانەخوێکەی و لە دەست تەقدیر و قسمت دەڵێت:

**ئاخ و داخ دڵ غافڵە نازانێ قسمەت چی ئەدات**
**ئەمڕۆ وا لێرەم، بەڵام ئاخۆ کوێم ئەبات**
**(شاتر)ی تەقدیر کە پێشکەوت، ڕات ئەکێشێ و تۆ ئەڕۆی**
**کاتێک دەیزانن کەوا خستوتیە ناوداری بەڵلا**
**حللە خورمایە، منیش مێشێکی شیرینپەرست**
**نەفسی سەرکەش ڕوو لە خورمای کوردکوژەی شیرین ئەکات**
**ڕەهبەر و قسمەت جڵەوکێش، بردمیە ماڵێ**
**کاشکی هەرگیز نەچومایە، بەڵام چیبکەم چارم نەما**

وا دیارە لەسەر فەرمانی دەسەڵات ئە و ماڵەی بۆی دەستنیشان کراوە کە تیایا بمێنێتەوە، بە پێی دابونەریتی ئەو زەمین و زەمانە. ڕەفیق حیلمی دەڵێت (بەڵام ڕووخانی حکومەتی (بەبە) کە لە هەموو کوردێکی ئەو دەورە زیاتر کاری لە سالم کردووە، وەکوو بلبلی باڵشکاو و هێلانە ڕووخاو هێناویەتە فریاد و ناڵەوە و بۆتە هۆی کۆچی ئێجگاری وە بە چەشنی (شێت)ێکی وێڵ و سەرگەردان ڕووی کردۆتە تاران و لەوێش وەڕس بووە:

**خۆزگە ئەم زانی لەتارانا نەجاتم کەی ئەبێ**
**کۆی یارم مەشهەدم یامەنزڵم هەر (رەی) ئەبێ**

دیارە لەم حاڵەتەدا سالم دەرگا و پەنجەرەکانی شاری لێ داخراوە و بە سەرلێشێواوی نەیزانیوە، دوای تاران و حلله بۆ کوێ مل بنێ و قوڕی کوێ بکات بەسەریا، ئەوەی سالمی گەیاندۆتە ئەم دۆخە ناجێگیرە، تەنیا و تەنیا ڕووخانی میرنشینی بابان و هاتنی تورک و زوڵم و زۆری لەڕادەبەدەریان و حەڵاڵکردنی خوێنی کورد بووە.

لەم جۆرە حاڵەتە مۆلەقەییەدا و لە کۆتاییەکانی تەمەندا گۆڕستانی سەیوان بەیاد دەکات و دێتەوە سلێمانی و نزیک مستەفا بەگی کوردی ئامۆزای و پێکەوە لەژێر دار ئەرخەوانەکانی سەیواندا دوا هەناسەی وڵاتێکی داگیرکراوی هەش بەسەر دەدەنەوە.

سالم لە مەبەست و بابەتی (موضوع) شیعردا تا توانیویەتی پەلی هاویشتوە و ئەوەی ویستوێتی ئەسپی داهێنانی تیا تاوداوە و گۆی هونەری تیا بردۆتەوە.

لە بواری هۆنراوەی نیشتیمانیشدا جێگا دەستی ئێجگار دیارە لەگەڵ کەمی هۆنراوەکانی ئەم بوارە بە ڕێژەی بابەتەکانی تر بەتایبەتی شیعری غەزەل، سالم چۆتە ترۆپک، وەڵامەکەی نالی و شەڕە سەختەکەی عەزیز بەگی بابان و هەڵڕشتنی زووخاو و کەسەر بۆ ئەو میرنشینەی کە ڕەگەزپەرستە ڕۆمییەکان سەریان بڕی و کۆتاییە تراژیدییەکانی میرانی بابان، ئەو بەرهەمە نەمر و ناوازانەن کە ناکرێت لەبیر بچنەوە و دەبوو چامەی شەڕە بەناوبانگەکەی عزیز بەگ لە پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکاندا جێی خۆی بکردایەتەوە.

سالم وەک شایەتحاڵێکی ئەو قەسابخانەیەی کە بۆ خەڵکی سلێمانی دانرا، ئەو کوشت و بڕ و تاڵانیەی کە دووچاری هات، ئەو ئازایەتی و نەبەردییەی کە جەنگاوەرانی کورد نواندیان بۆ بەرگری لە

شار، وەک کامێرایەکی چاوتیژی بەهرەمەند هەموو مەرگەساتەکانی تۆمار کردووە و هیچی لێ ون نەبووە.

چاونەترسانە و بێ کۆکردن لە سزای داگیرکەر، سەرکۆنە و ڕیسوای ڕەگەزپەرستەکانی کردووە کە خەڵکی سقیل و جەنگاوەریان پێکەوە قڕکردووە و سلێمانیان کردۆتە قەسابخانە، دیارە ئەمە پیشەی داگیرکەرانی کورد بووە لە هەموو سەردەمێکا.

زۆربەی هەرە زۆری دیوانەکەی تەرخانە بۆ شیعری دڵداری و پیاهەڵدانی باڵا و چاو و لەشولار و سیحری ئاخاوتن و پرچ و... هتد.

لای سالم زیادەڕەوی (مبالغة) فرە هەیە لە بۆ سووتان و پەرێشانی و هەڵوەراندنی دانە فرمێسکی درشت و خەمی ژووان و وەسفی لەڕادە بەدەری مەعشوقە. ئەوەندەی هەستم پێ کردبێ هاوکێشەی نێوان خۆی و مەعشوق یەکسان بۆتەوە لە سووتان و پەرێشانی ئەم و جوانی و نازداری ئەو، تێکەڵاوکردنی ئەم دوو ڕەهەندە ئەو شیعرە دەگمەن و جوانانەی لێکەوتۆتەوە، دیارە وەک عەرەبەکان گوتویانە خۆشترین شیعر درۆزن ترینییەتی (أعذب الشعر أكذبه) واتە زیادەڕەوی لە باسی هەردوو تەرەفی هاوکێشەکە، شاعیر و شیعر بۆ گوتراو .لە بواری داشۆرینیشدا (الهجاء) سالم ئەسپی خۆی تاو داوە و گەشتۆتە مەنزڵ، سالم لە وەسفی هەر بابەتێکی شیعردا ئێجگار ورد و بە سەلیقە و ئەندازیارانە وێنە شیعرییەکانی دروست کردووە، لە وەسفی حاڵەتە مەعنەوی و ڕۆحییەکاندا قووڵداچوە و گیانێکی مرۆڤدۆست و ئینسانیانەی کردووە بە بەردا و خوێنەریشی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کردووە، لە بواری وەسفی دیاردە و دیمەنەکاندا، شاعیرەکان چون یەک نیین و هەریەکەیان لە بوارێکدا داهێنانیان کردووە و پێوەی ناسراون، بەڵام سالم دەستی بۆ وەسفی هەر دیمەن و دیاردەیەک بردبێت گۆی سەرکەوتنی تیا بردۆتەوە، چاوێکی تیژ، هەستێکی ناسک، بیرێکی قووڵ، توانایەکی زاڵ بەسەر فەرهەنگی وشە، شاعیریەتێکی خۆڕسک و باڵا، هەموو

ئەمــانە ســالمیان گەیانــدۆتە ترۆپــک لە بــواری وەســف لە هەمــوو بابەتەکاندا، نەک تەنیا بابەتێ.

لە وەســفی حــاڵەتە مادییەکانیشــدا عەقڵیەتێکــی ئەنــدازیارانەی هەمەلایەنەی بەکار هێناوە و نەیهێشتووە هیچی لێ ون بێت، چاوی نەخشاندنی بۆ دنیای خەمە ئەبەدییەکانی ئێجگار تیژ و هونەرمەندانە بووە.

من لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەتەنیا دەستم بۆ شیعرە نیشتیمانییەکانی بردووە، بەتایبەتی چامەی (لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم) کە باسی شەڕەکەی عەزیز

بەگی بابان دەکات و مەبەستی سەرەکێشیم هەر ئەو قەسیدەیەیە، چونکە لە نێو ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا بابەتی وا گرنگ و هەمیشە زیندوو ئامادە لە ژیانی سیاسی میللەتەکەماندا نەگوتراوە و میللەتی کوردیش تا هەنووکە لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوە تاڵە دایە و لێی نابێتەوە.

# عزیز بەگەکان

لە نێو بنەماڵەی بابانەکاندا چەند عەزیز بەگ ناو هەبووە و زۆر جار خوێنەر لێی تێکچووە و نەچۆتەوە سەر ئەوەی کە مەبەستێتی، ئەم حاڵەتی تێکەڵبوونە ناچاری کردم کە کێوماڵ و بەدواداچوونی بۆ بکەم بە مەبەستی دڵنیابوون و ئەنجامی ڕاست و دروست.

١. عزیز بەگی کوڕی ئەحمەد پاشا کوڕی سلێمان پاشا کوڕی مەحموود پاشا کوڕی خالید پاشای یەکەم، کە دەکاتە ئامۆزای عەبدولڕەحمان پاشا.

٢. عەبدول عەزیز بەگ کوڕی مەحموود پاشا کوڕی خالید پاشا.

ئەم عەزیز بەگە هەشت کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی سلێمان، مەحموود، عوسمان، فەرهاد، مستەفا، حەمەو بەگ، کویخا هۆمەر، کە دەکاتە باپیرەی سێتەڵانییەکانی خواروو و سەروو، وە شەجەرەکەی لای مەلا کەریمی سێتەڵانییە لە زەڕایەن.

٣. عەزیز بەگی پیرمەسور، ئەو سوارچاکەیە کە سالم چامەکەی بۆ گوتووە یەکێک بووە لە جەنگاوەر و پیاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و خوێندەوار و فەرماندە مەزنەکانی بابان و کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابانە و ناوی هاتووە بە پاڵەوانی شەڕی پیرمەسور، جمال بابان دەڵێت بۆیە پێی گوتراوە عەزیز بەگی پیرمەسور، لەبەر ئەوەی ماڵ و موڵکەکانی نزیک مەزارگەی پیرمەسور بووە. ناوچەی بازیان لەژێر فەرماندەی ئیداری و سەربازی و دارایی ئەم عەزیز بەگەدا بووە.

### ماجەرای شەڕەکەی عەزیز بەگ لە زمانی شیعرەکانەوە:

**جیهان گەر ڕووبەڕووی من بێ، بەخوونرێژی ظه فه ر نابا**
**دەکەم بۆ حیرزی جان و دڵ بە چالاکی پەنا پەیدا**

سالم لێرەدا شانازییەکی گەورە بە شان و شکۆی عەزیزبەگەوە دەکات، لە ڕێی دروستکردنی هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگەوە، کە سەرێکی هەموو دنیایە و سەرەکەی تری بەتەنیا عەزیز بەگە و بۆتە بارتەقا و یەکسان بەگەورەیی دنیا! واتە دوژمنایەتیکردنی هەموو دنیا بە هیچ دەزانم و کارم تێ ناکات، مادام عەزیز بەگ پشت و پەنامە هەر سەردەکەوم و ترسیشم نییە، ئەوەی جێی دەسخۆشی سالمە، ئەوەیە کە لێرەدا وشەی (خوونرێزییە) کە لە هونەرە بەلاغییەکاندا پێی دەفوترێت (الأحتراس)، واتە ئەگەر دنیا ڕووبەڕووم ببنەوە بەخوێنڕێژی دەرەقەتم نایەن، بەڵام ئەودیوی ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەر بە خوێنڕشتن نەبێت ئامادەی هەموو ڕێکەوتن و ئاشتەواییەکم، کە ئەمەیان بەڵگەی پشتبەستنە بە عەقڵ و لۆژیک و زمان حاڵی ڕاستەقینەی سالم و عەزیز بەگە بەرامبەر بە داگیرکەرە تورکەکان، واتە لێک تێگەشتن و دانوستان و ئاشتەوایی بەر لە شەڕ و پێکدادان، بەڵام تورکەکان هەڵوێست لە هێزە زۆرەکەیانەوە وەردەگرن.

لێرەدا (تناسب) هەیە لەنێوان (ظفر) لە لایەک و هێز و پێزی عەزیز بەگ لە لایەکی ترەوە. دیارە زیادەڕەوی (المبالغة) خەسڵەتێکی ئەدەبی کلاسیکە و جۆرێکە لە دەربڕینی گونجاو لە زەمین و زەمانی خۆیدا.

**بە حوجەت نێزەگەر لێدا سیپەر وەک کاغەزی قەندە**
**بە هەر وەزعێ لەگەڵ بازوویی ئەو حوکمی قەزا پەیدا**
**لەمەیدانا بەڕەسمی ڕەزم، ئەگەر مەرکەب بدا جەولان**
**لە ناڵەی گاوو ماهی، دێ لەژێر خاکا صەدا پەیدا**

سالم وەسفی هێزی دەست و بازووی عەزیز بەگ دەکات، قەڵغانی ئاسنی دوژمن لە ئاست سەرەنێزەی ڕمی عەزیز بەگدا، وەک کاغەزە و دوژمن شڕوپڕ دەکات، بە هەر لایەکیشدا دەست بادا مردن و

شکست دەبارێنێتە سەر دوژمن، ئەم خەسڵەتە (کنایة) یە نەک بەتەنیا لە بەکارهێنانی هێز و قوەتدا، بەڵکوو وەستایەتی و لێزانینیشە لە هەڵسوکەوتی مەیدانی شەڕدا، واتە بەکارهێنانی دوو توخمی گرنگی کۆ کردۆتەوە لە عەزیز بەگدا کە دوژمنی پێ ڕیسوا کردووە. لە مەیدانی هەڵمەت و سوارچاکیدا، عەزیزبەگ گەر ئەسپەکەی تاوبدا و بکەوێتە ڕمبازی، گا و ماسی لەژێر زەویدا دەخاتە جووڵە و دەنگە دەنگەوە و سەر زەوی و ژێر زەوی دەخرۆشێنێت، لە کۆندا وا باو بووە کە زەوی لەسەر پشتی گا وەستاوە و گاکەش لەسەر پشتی ماسی!

**دەبێ گەربێتە ڕووی مەیدان، وەکوو بەبری بەیان یەک دەم**
**لیباسی ڕوو بەهی دەردەم لە ئەندامی کیا پەیدا**
**ئەگەر ئاوی بەقای نۆشیبێ دوژمن فایدە نادا**
**لەمەوجی جەوهەری تیغی، حروفی لابەقا پەیدا**

عەزیز بەگ لە سوارچاکی و دەستوبرد و چاپوکیدا وەک بەور هەڵمەت دەبا و داناکاسێ بەرامبەر دوژمنە داگیرکەرەکان، هەر ئەمەشە وای کردووە کە وەک کراسی ڕێوی کردبێتە بەر تورکەکان و زارەترەکی کردبن و لە بەرامبەریا خۆیان بۆڕاناگیرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەو ناو و ناوبانگەیەتی لە بواری شەڕ و پێکدادان و جەوانمەردیدا لەنێوان بەور و ڕێویدا، واتە ئازایەتی و ترسنۆکی (طباق) هەیە، دوژمنی داگیرکەر ئەگەر ئاوی حەیاتیشی خواردبێتەوە و لە خۆی پشتەسوربێت کە هیچی لێ نایەت، لە هەڵمەتی دەست و تیغی عەزیز بەگ ڕزگاری نابێت و سەرەونگون دەکرێت، لەنێوان بەقا و لا بەقادا جیناسی ناقص هەیە، ئەوەی کە هەستی پێدەکەم بەکارهێنانی هونەرە بەدیعییەکان لای سالم زۆر لەخۆکردن و خۆماندوکردنی پێوە دیار نییە، بەڵکوو خۆڕسک و بۆهاتنە و ئەمەش

گەواهـی ئەو شـاعیریەتە سـەرتەڵ و نـاوازەیە کە سـالمی کـردۆتە سومبولی لووتکەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.

**بەپەستی دوژمنی سەرکەش عەجایب سەرفرازێکە**
**بەسەر هەر گەردەنەوشاخا، لەپێتا وەک لیوا پەیدا**
**لە خاکا خوێنی مەرجانی دەبێ مەخلوت و بێ حورمەت**
**دەگا ئەڵماسی دەشنەی ئەو لە گەردندا سەنا پەیدا**

سالم لێرەدا دوو هەڵوێست نمایش دەکات، یەکێکیان هەڵوێستێکی لاواز و ترسنۆکانەی داگیرکەرە، کە زۆر دڵخۆش دەبن بەوەی کە بە سـەلامەتی خۆیـان تەسـلیمی عەزیـز بەگ بـکەن و ڕزگاریـان بێت لە شـەڕ و لە مـردن بپـارێزرێن، هەڵوێسـتی دووەمـیش لێبـوردەیی و دڵفراوانـی عەزیـز بەگە کە ڕێـز لەو خـۆ تەسـلیمکردنە دەگرێـت و دەیانپارێزێـت. ئەگەر دوژمـن بە شـاخ و کێویشـدا ڕاکـات و بیەوێـت خـۆی دەربـاز بکـات، لەتوانایـدا نیـیە و عەزیـز بەگ هەر پەیدەسـتی دەکات، واتە یان کوژران و ڕیسوابوون، یـان تەسـلیمبوون و ملکەچی و ژێـرپێکەوتن. کـۆکردنەوەی ئەم دوو خەسـڵەتە لە عەزیـز بەگـدا، لێبـوردەیی و ئینساندۆسـتی لە لایەک و ئـازایەتی و جەنگـاوەری لە مەیدانی شـەڕدا لە لایەکی ترەوە، بەڵگەی کەسـایەتییەکی نمـونەیی و نیشـتیمانییە و دوورە لە دڵڕەقـی و خوێنڕشـتنەوە، ئـاخر ئەم نەچـۆتە سـەر خـاک و وڵاتـی ئەوان، ئەوە داگیـرکەرانن کە بەردەرگایـان بەم گرتووە و هاتوون شارەکەی داگیر بکەن، واتە ئازایەتی و سوارچاکی عەزیز بەگ بۆ زوڵم و زۆر و ئازاردانی خەڵک بەکار نـایەت، بەڵکوو بـۆ بەرگـری لە مـیللەت و عەدالەت و شـەڕکردنی داگیـرکەران بەکـار دێت.

ڕژانی خوێنی داگیرکەر و تێکەڵبـوونی ئەو خـوێنە بە خـاکی کـورد بەڵگەی بێحورمەتی و بێقەدری ئەوانە، چونکە داگیرکەری ترسنۆک و

بێ ئەرزشن، بریسک و هوڕی خەنجەرەکەی عەزیز بەگ هەمیشە لە ملی داگیرکەردا ڕووناکی و بلاچە دەدات.

**ئەگەر وەک کێوی قاف مەحکەم بێ، دوشمنگاهی حەملەی ئەو**
**لە مەیدانی گورێزادێتەوە ڕووبەروو قەفا پەیدا**
**وەلێ طالع نەبوو، پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا**
**بەمەردانی دلاوەر، حاصلي کۆشش، جەفاپەیدا**

سالم لەنێوان هاوکێشەیەکەوە، کە سەرێکی دوژمنە و وەک کەژی قوللەی قاف بەرز و گەورە و بەهێز و دوورەدەستە، سەرەکەی تریشی عەزیز بەگە، ئەو دوژمنەی کە وەک کێوی قافە، شکستی پێ دێنێ و ناچاری دەکات کە چنگ لەسەرشان پشت بکاتە سوپاکەی عەزیز بەگ و هەڵتیزینێ لەبەردەم هێز و ورەی عەزیز بەگدا.

هەر بەدوای وەسفی ئەم پاڵەوانێتیەدا، سالم ڕەشبینی و بێ هیوایی دای دەگرێت و بەرچاوی ڕەش دەبێت و شکستی کۆتاییەکانی شەڕ دەخاتە سەر شانس و طالع و بەخت چونکە بەخت یاوەریان نەبوو، سالم وەک شیوەن و خەم دایگرتبێت بۆ پیاوی جەربەزە و پاڵەوانی وەک عەزیز بەگ کە ڕۆژگار گەوهەرە پرشنگدارەکەی دەشارێتەوە و ونی دەکات، بۆیە دەبێت هەمیشە هەر بەشی پەژارە و خەم بێت، مەبەست لەوەیە کە مێژوو سەرکەوتوو دەینوسێتەوە نەک تێکشکاو، دیارە لەم حاڵەتەدا مافی پاڵەوانێکی وەک عەزیز بەگ و یاوەرانی ون دەکرێت و پێشێل دەبێت.

**خودایە! موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە، سا لوطفێ**
**بەئیکسیری و جودی ئەو بکا وەک موو بەها پەیدا**

سالم هەموو جوانی و بەهرە و ڕەواج و سەرکەوتنێکی میرنشینەکە دەبەستێتەوە بە جەوهەر و ئازایەتی عەزیز بەگەوە، بە ئاڕاستەیەک کە تەنیا هەر بەو دەکرێت قەدر و پایە و شانازییەکانی میرنشینەکە بپارێزێت و نەهێڵێت لەوە بێقەدر و لاوازتر بێت، لەوەدەچێت سالم بێئومێد بووبێت لە میرەکانی تری بابان، چونکە هەر خەریکی نیفاق و دەستەگەرایی بوون و بەرژەوەندی زاتی خۆیان خستۆتە پێش پاراستن و بەهێزکردنی میرنشینەکەوە، هەربۆیە ئاوات و خواستەکانی میرنشینەکە و خەڵکی بەستۆتەوە بە هیمەت و ویژدانی عەزیز بەگەوە، لە سێبەری ئەم بەیتە شیعرەوە هەست دەکەم کە سالم ڕەشبینە بە میرەکانی تری بابان و هەموو خولیا نەتەوەییەکانی خۆی بەستۆتەوە بە دەست و مەقامی عەزیز بەگەوە.

**عەزیزە وا لەناوچاهە، خوداوەندی! نەجاتی دە**
**لە چیهری ئەوبکا (یەعقوب) دڵی شێوەی صهفا پەیدا**

نزا لە خواو پەیامبەر و پیاوچاکان لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا سروشتی مرۆڤە بەگشتی و خۆرهەڵاتییە بەتایبەتی بۆ فریاکەوتن و بەدەمەوەهاتن، فیردەوسی لەشانامەدا چەندان جار هانای بردۆتە بەر خودا و هێزە ڕۆحییەکان و داوای سەرکەوتنی لێ کردوون بۆ جەنگاوەرەکانیان، هۆمیرۆس لە ئەلیازەدا هەمیشە یەخەی خوداکانی زەریا و خۆر و مانگ و... هتد گرتووە و پاڕاوەتەوە لێیان کە پاڵەوانەکانیان سەرخا و نەهێڵێت توشی لێقەومان و شکست ببن، چونکە ئەوانە ڕەمز و سومبولی نەتەوەکەیانن.
سالمیش دەپاڕێتەوە لە یەزدان کە عەزیز بەگ بپارێزێت لەو تەنگانەیە ڕزگاری بکات، ئەمێستا مولکی بابان لە مۆلەقەدایە، عەزیز بەگ وەک حەزرەتی یوسف کەوتۆتە نێو چاڵەوە و گەمارۆ دراوە، سالم بەناچاری و پەژارەیەکی زۆرەوە دان دەنێت بەو واقیعە تاڵ و

پڕ لە نەهامەتیەدا، تێکشکان و نوشستی ڕووی کردۆتە سوپاکەی عەزیز بەگ، خەڵکی شاریش خەم دایگرتوون و قوڕ بەسەر خۆدا دەکەن، ناوهێنانی (یعقوب) کە باوکی حەزرەتی یوسفە و بەستنەوەی بە بەسەرهاتی کەوتنە چاڵی (عەزیز بەگ)، لە ڕەوانبێژیدا پێی دەڵێن (تلمیح) واتە کورت کردنەوەی مێژووییەکی دوورودرێژی ڕووداوەکە و هێمابۆکردنی بە وشەیەک، ئەم بەیتە شیعرێکی (المتنبي)م بیر دێنێتەوە کە بۆ ئازایەتی (سیف الدولة) گوتویەتی، کاتێک کە کەوتۆتە نێو گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکان لەگەڵ ڕۆمانەکاندا بە ئاراستە و شێوازێک، کە (سیف الدولة) کەوتۆتە نێو پێڵوەکانی مردنەوە، بەڵام مردن چاوی داخستووە و ئەویش سەلامەت بووە.

**وقفت وما في الموت شك لواقف**
**كأنك في جفن الردي وهو نائم**

لە ئەدەب و شیعری خۆرهەڵاتیدا زۆر جار، چ سەرکەوتن چ تێکشکان دەبەسترێتەوە بەتاکەوە، وەک سەرکردەی ڕاستەوخۆی شەڕ، ئیتر هەر چی جەنگاوەرەکانی تر و بەشەکانی سوپاکە کە زۆربەی ئەرکەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، کەمتر ناویان دەبیسترێت، دیارە هۆکار زۆرن بۆ ئەم ڕەهەندە، سروشتی شەڕی کۆن، پێکدادانی ڕاستەوخۆ و بەرچاو بووە لە مەیدانی شەڕدا، دیارە خەڵکە ئازا و بەهێز و ورەبەرزەکان پتر دەردەکەون و ڕۆڵەکەیان بەرچاوترە، تەنانەت هەندێک جار سەرەتای شەڕ لەنێوان دوو جەنگاوەری هەڵکەوتەی هەردوو لایەنەکەوە بووە، ئەمە جگەلەوەی کە بەکارهێنانی جۆری چەک و پلان و ئیدارەدانی شەڕ ڕۆڵی تایبەتی و کاریگەری خۆی هەیە، هەر بۆیە وەک دەگوترێت ڕێژەیەکی زۆر لە جوڵاندنی مێژووی نەتەوەکان لەسەر دەستی سەرکردە ئازاکاندا بەدەست دێت، وەک خالیدی کوڕی وەلید، ڕۆستەم، هکتور، ڕۆمڵ،

مۆنتگۆمری، جۆکۆف، جەیاب .......... دیارە وننەبونی ناوی ئەمانە و درەوشانەوەیان بەندە بەو زەمین و زەمانەی کە ئەمانەی تیا بونەتە پاڵەوان . لەگەڵ ئەهمیەتی لەڕادەبەدەری ڕۆڵی تاک لە دروستکردن یا پێشەوەبردن یان جوڵاندنی مێژوودا، ناکرێت بارە بابەتییەکە و دۆخی دەورووبەر پشتگوێ بخرێت، ئەهمیەتی هەریەکێک لەم ڕەهەندانە ڕێژەییە و بەندە بە زەمین و زەمانی خۆیەوە.

هەر بۆ نموونە ئەوکاتەی سەدام حسەین تەقەی لە عەبدولکەریم قاسم کرد، ئەگەر بکوژرایە، هەرگیز ئەم هەموو کارەسات و لێ قەومانە بەسەر عێراقدا نەدەهات و عێراق جۆرێکی تر دەبوو، یان ئەوکاتەی سەدام لەو کردەوەیەدا قاچی بریندار کرا، ئەگەر ئەو کات لاقی توشی گەنگری ببوایە و ببڕایەتەوە، دەبوو لە عەلاوی حلـلە شێلمی بفرۆشتایە (لەگەڵ ڕێزم بۆ شێلم فرۆشان)، بە هەر حاڵ بەستنەوەی هەموو خولیا و ئاوات و دوارۆژی ناوچەیەک، یان نەتەوەیەک، یان حیزبێک، بە تاکە کەسێکەوە، زیاتر کولتووری خۆرهەڵاتییە و ئەنجامی کارەساتبار دروست دەکات، چونکە لەناوچونی ئەو تاکەی کە جێی هەموو ئاواتەکانە، میللەتێک یان جوڵانەوەیەک فیوز دەکات و ڕەنج بێوەر دەبێت، لە مێژووی میللەتی کورددا ئەم دیاردە کەم ئەرزشە بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە و کارەساتی جەرگبڕی لێ کەوتۆتەوە.

**لە بابانا گرفتارن، پەریشان خاگر و بێکەس**
**بە جەمعیەت سیە بەختانە وەک گێسووی خوبانن**
**گەدان و بۆ گەدا دەرگا نەوا ناکەن لەبێ چیزی**
**وەکوو نەررادی دانا هەر لە فیکری خانەبەندانن**

سالم دوای شکستی شەڕەکەی عەزیز بەگ و ڕووخانی میرنشینەکە، کۆمەڵێک دیمەنی ئازاربەخش و دڵتەزێن نمایش دەکات و

ڕەهەندە دژبەیەکەکان دەوروژێنێ و پێشانگایەک لە خەم و ئازار و ماتەم چێ دەکات، بابانەکان دوای ڕووخانی میرنشینەکە سەرگەردان و بێ نەواو دڵ پڕ لە خەمن، یەکێک نییە برینە قووڵ و بەسوێکانیان تیمار بکات، ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، کەس دڵنەواییان ناکات، هێند بەخت و چارەنووسیان ڕەشە، لە ڕەشی پرچی کیژان دەکات، سالم لەم لێکچوواندنەدا توشی غەفڵەت بووە! ئەو بەختی ڕەشی بابانەکانی شوبهاندووە بە بسکی ڕەشی کیژانەوە لە بواری ڕەشیدا، (بەڵام بسکی ڕەشی کیژ) هێمای جوانی و خۆشی و دڵبزوێنی دەبەخشێتە مرۆڤ، نەک ئەوەی کە سالم مەبەستێتی! بابانەکان دوای ڕووخانی میرنشینەکەیان، خۆیان لە ماڵەوە قایم کردووە و هەژارکەوتوون و ئێستا دەرگا لە دەروەزەکەرەکان ناکەنەوە، چونکە خۆیان هیچیان بەدەستەوە نەماوە و وەک ئەو تاوڵەکەرانەن کە هەمیشە خەمی ئەوەیانە دەرگای خانەکانیان ببەستن و ئاچوخ نەبێت.

سالم پێمان ناڵێت بۆ کەس بەدەم میرانی بابانەوە ناچێت تا یارمەتیان بدا و خەم و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، ئەوان کە ئێستا هەژارکەوتوون بۆ کەس دەستگیرۆیان ناکات و دڵی پێیان ناسوتێت؟ خۆ شکستەکە بۆ هەموو بووە نەک بە تەنیا بۆ میرەکان! بێدەنگی سالم لەم بۆنە هەستیارەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە بۆشاییەکی گەورە هەبووە لەنێوان ژیانی خەڵک و بنەماڵەی میرەکاندا، دیارە لەبەر زوڵم و ستەم و باجی زۆر ڕەعیەت خۆشی نەویستون و بێزار و پڕ بووە لێیان، ئەم تاقیکردنەوە ناکامڵ و کورتبینانە تا هەنووکە درێژەی هەیە و عیبرەت وەرناگیرێت، هەر کاتێک بنەماڵە و سەرانی کورد دەرفەتێکی لەباریان بۆ ڕەخسابێت و جرە دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداریان دەست کەوتبێت، تا توانیویانە، وەک دووگ بدرێتە دەم گورگ ڕەعیەتیان فەرامۆش و سەرکوت و بێ ئەرزش کردووە و بیری دوا ڕۆژی میللەت و نیشتیمانیان گۆڕیووەتەوە بە سوودی

کـــاتی خۆیـــان و بنەماڵەکانیـــان، ئەنجـــامیش بە شکســـتی گەورە کەوتۆتەوە لە میللەت و دواڕۆژی نەتەوەکەمان.

تـوێژینەوە زانسـتی و ئەکـادیمی زانکـۆ و پەیمانگاکـان هەمیشـە لەسەر بنەمای گریمانە چێ دەکرێ و خاڵ و سـەرەتا لەوێوە دەست پێ دەکات و مەنهەجی تـوێژینەوەکەش لەسـەر چۆنێتی و سروشتی ئەو گریمانەیە دادەڕێژرێت.

بـا وەک گریمـانەیەک بپرسـین ئەگەر (خوانەخواسـتە و دووربـا! دووربا!) ئەم فیدراڵیەتەی ئێستامان لە ئەنجامی پیلانێکی هەرێمایەتی یان نێودەوڵەتی، وەک ڕێکەوتننامەی جەزائیر، شکست بێنێ و بەغدا بە شەڕ و زۆرداری شۆفێنیانە و بە هاوکاری هەرێمایەتی بگەڕێتەوە کوردســتان، ئایــا هەڵوێســتی خەڵــک بەرامــبەر بنەمــاڵە و حیــزبە فەرمانڕەواکـانی کوردسـتان چـۆن دەبێـت؟ ئایـا حاڵیـان لە حـاڵی بابانەکان باشتر دەبێت؟ تۆ بڵێی بە گوڵ خواحافیزیان لێ بکرێت؟ تۆ بڵێی ماڵ و حاڵیان نەبێتە سـەر بەشـی مـاڵان؟ تۆ بڵێی بتوانن لە نـاو خەڵکا بەئاسودەیی و سەربەرزی ژیان بەسەربەرن و کەس لە گوڵێک کاڵتریـان پـێ نەڵێـت؟ ئایـا حـوکمی مێـژوو بەرامبەریـان قـوورس و دڵڕەقـانە نابێـت؟ تـۆ بڵێـی ئەوەنـدە ڕوو قـایم بـن بەتەمـابن خەڵـک بوخوردیان بۆ بسوتێنێت؟ تۆ بڵێی ئەوەی درک بچێنێت بەتەما بێت گــوڵ بــدورێتەوە؟ ئایـــا لاپەڕەکـــانی مێـــژوو وەک تێکۆشـــەر و نیشتیمانپەروەر حسابیان بۆ دەکات، یان وەک خۆپەرست و فریودەر و هەڵمەتەکـاس؟ یـان بـا بڵێـین وەک بازرگـان و سیاسـەتبازی سـادە لەوح و کــورت بــین؟ تــاقیکردنەوە مێژووییەکــانی کــورد لە بــواری خۆبەڕێوەبردنــدا، لەگەڵ دووری و جیـاوازیی زەمـین و زەمانەکانـدا چوون یەکن و خاڵی ناوکۆییان تێ نەگەیشتنە لە فەلسـەفەی بنیاتنـانی نەتەوە و ئیـــدارەدان و بەهێزکردنـــی لە فـــۆڕمێکی شارســـتانیانە و مۆدێرنانەی پێشکەوتوودا.

**کەس نەڵێ ڕۆمی لە تەسخیری مەمالیک چابوکن**
**سستی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکی ئەوان**
**وەرنە ڕۆستەم وەک ئەمان کەی دێتە دەست بۆ چابوکی**
**وا بەجورئەت، وا بەغیرەت، وا یەل و ساحیب سینان**

ڕۆمەکـــان لای ســـالم نەئـــازا و نە جەوانـــمەرد و نەچـــابوکن بە بەراورد لەگەڵ کورد، کە سوارچاک و ئازا و بەغیرەتن و خاوەنی تیر و ڕمی خۆیـانن و هەر لە هەڵمەتبـردن و ئامبازبوونەوەی مەرگدان و وەک ڕۆستەم بەجەرگ و ئازای مەیدانن، بەڵام ئەوە نەگبەتـی بەختـی کوردە کە تورکەکان بە ئازا بناسرێن، دیارە ناکۆکی نێوان سوپاکە و خیـانەتی هەنـدێکیان و شـەڕنەکردنی سـەربازەکانی ئەحـمەد پاشـا و فریوخـــواردنی هەنـــدێکی تریـــان بەدرۆ و دەلەســـەی (کە هـــیە) کە فەرمانبەرێکی باڵای تورکمان بوو لە سلێمانی، نا بەرامبەری هێزەکـان لە ڕووی چەنـــدێتی و چەکەوە، هۆکـــاری ســـەرکەوتنی تـــورکە داگیرکەرەکان بوو، نەک ئازایەتی ئەوان و ترسنۆکی کورد.

**ئەوانەی جێ نشیمەنیان لە گۆشەی تەختی حاکم بوو**
**بە دەشتی شەهرەزورا، جوملە، وەک غوولی بیابانن**
**دەلەرزن هەوری نەو گەر پێتە ڕووی گەردن لەپاییزا**
**بەڕووتی، کۆنە خەز پۆشان لە فکری بەرگی زستانن**

سالم ئاوڕێکی خەمبارانە لە دیمەنی نا جۆر و دڵپڕوکێنی بابانەکان دەداتەوە و بەراورد لەنێوان سەردەمی هێز و حوکمڕانیان لە لایەک و شکست و دەرکردنیان لە فەرمانڕەوایی لە لایەکـی ترەوە دەکات، ئەو میرانەی کە ئەوسا حوکمیان دەکـردوو هەمـوو شتێ بـوون لە وڵاتـدا، ئەمێسـتا وەک دێـوانەیەکی پۆسـت لەکـۆڵ بە دەشـتی شـارەزووردا هاتوچۆیانە و نـازانن چی بکەن، ئەو میرانەی کە جاران سـەرتاپایان

لەحەریر گیرابوو، ئەمێستا لەبەردەم سەرمای پاییزدا دەلەرزن و مشووری کەلوپەلی زستان دەخۆن، سالم هەموو ئەم دیمەنە تراژیدیانەی بابانەکان دەبەستێتەوە بە لەدەستدانی قەوارەی میرنشینەکەیانەوە، چونکە ژیانکردن لە سێبەری قەوارەکەدا ڕێز و ئادەمیەت بۆ مرۆڤی کورد دادەنێ و بەدووری دەگرێت لە ئاوارەیی و سەر لێشێوان، بەڵام ژیان لە سێبەری داگیرکەرە تورکەکان یان هەر داگیرکەرێکی تر ڕیسوابوون و کۆیلایەتییە.

میرەکانی بابان خۆشویستنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی بە جۆرێک لەگرێژنەی دەرکردبوون، کە ئەو کەشتی حوکمەی کە هەموو ئاواتەکانیانی پێوە بەستبووە، یەک لە داخی یەک کونیان دەکرد، ئەوەی نەشیاو بوو بەرامبەر یەکتریان دەکرد، تا لە کۆتاییدا هەموویانی نوقمی دەریای گەمژەیی و بەدبەختی کرد و نەک خۆیان بە تەنیا، میللەتەکەشیان پێ ڕیسوا و زەلیل کرد.

**موریدی خانەقا زۆرن لە عەدلی ئەهلی ڕۆمیدا**
**لە ئاغایانی بێ بەش حوجرەها جێی تۆبەکارانن**
**لە بیمی تازیانەی سەید و سۆفی**
**بە ئومێدی گەزۆ و مازوو لەبن داری مەریوانن**

سالم لەپەنای دەربڕینی هەموو ئەم نەهامەتیانەدا، بێدەنگ نەبووە لە ڕەخنەگرتن لە بابانەکان، لە بواری ناتەبایی و گەندەڵی و خۆخۆریدا، هەروەها ڕەخنەی فرەیشی ئاڕاستەی هەندێک لە دانیشتوانی سلێمانی کردووە کە دەستیان بە کڵاوەکانیانەوە گرتووە و بوونەتە خەڵکی پەنا بەخوا و موریدی خانەقا و خۆیان داوەتە پاڵ عەدالەتی فریودەرانەی تورکەکان، بێ ئەوەی لە دڵەوە بڕوایان پێی هەبێت! سالم وەک ڕووناکبیرێکی زرنگ و هۆشیاری سەردەمەکەی، لەگەڵ ئەو هەموو خەم و نەهامەتیەدا، لەگەڵ ئاوابوونی خۆری

بابانەکان و ئیدارەی کوردیدا، ملی نەداوە و ئەو ڕۆژگارە ڕەشە لە پەلوپۆی نەخستووە، ئەو وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانی، ڕەخنەی توندی لە داگیرکەر و ئاکارە ڕەگەزپەرستانەکەی گرتووە و ڕیسوای کردوون و بەبارەکەی تریشدا چاوی لە ئاست زوڵم و نادادپەروەری بابانەکاندا نەنوقاندووە.

کاردانەوەی مرۆڤ لە ئاست ڕووداوەکاندا، چونیەک نییە و گەوهەری کەسایەتی لەمەڕ دۆخە نالەبار و خەتەرناکەکاندا دەردەکەوێت بە هەردوو بارەکەیدا ئەرێنی و نەرێنی، هەندێک ئامبازی مەرگ و ڕووداوە کارەساتبارەکان دەبنەوە و شکست نایان وەستێنێ و ژیان چێ دەکەن، دیارە هەندێکی تریش دەستەوئەژنۆ دادەنیشن و بەتەمان یەزدان بەبێ هەوڵی خۆیان ڕزگاریان کات، واتە بە جۆرێک لە خۆخەڵەتاندن و غافڵبوون لە ڕەوتی ڕۆژگار، هەمان دیاردە دوای هاتنی هۆلاکۆ بۆ عێراق ڕووی دا و ژمارەی تەکیە و خانەقا و ئەدەبی گۆشەگیری و ڕەشبینی سۆفی ئامێز و دوورکەوتنەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی واقیع هاتە کایەوە و هەموو هۆکارەکانی شکست و ئەنجامەکانی خستە سەر شانس و نسیب و خۆیان لە بەرپرسیارێتی دەرباز کرد.

سالم لە زۆر شوێندا لە شیعری بالا و ناوازە و سەرتەلەوە دابەزیووەتە دنیای (نظم) و بابەتی دوور لە کەشی شیعریەت و جوانکاری و خەیاڵی بەرزەفڕ و تابلۆ شیعرییە دلۆڤانەکانەوە، بەوەش دەستی ناوەتە بینی بەشێک لە چامەکەوە و خەیاڵی خوێنەری لە قاڵبێکی وشک و برینگ داوە، ئاخر گۆڕینی پۆستێکی حکومەتی بە پۆستێکی تر چ پەیوەندی بە دنیای شیعرەوە هەیە و کەی شیعر بۆ ئەوە هاتۆتە کایەوە؟

**ئاغە گە مەشوەر تجۆیە لەگەڵ سەرکاتبی**
**وا دەزانم وەرگرێ حوکمی (چیا سەوز) و شوان**

**کەس نەچێتە پێشەوە (حاجی غەنی) تەدبیرییە**
**مەئموری ثهبتی نفوسە و شاغیلی باجی دووکان**
**(بانەیی) و (ئەوزا سوتەڵ) هەردوو شەریکی قسمەتن**
**سەبتی توغرابوون بە حوکمی (ماوەت) و سەمیٚ (قەشان)**

ئەگەر سالم لەم جۆرە بەیتەی بە پەخشان بنووسایەتەوە و بیکردایەتە پاشکۆی چامەکە، یان هەر بیکردایەتە چامەیەکی سەربەخۆ باشتر دەبوو، دیارە لەو حاڵەتەدا قەسیدەکەشی ڕزگار دەکرد لەم دوو توخمی و دوو کلۆکیە، چونکە مەرج نییە هەر بابەتێک خرایە نێو چوارچێوەی وەزن و قافیەوە شیعر بێت، درێژەدان بەم بەیتە خەبەری و هەواڵسازیانە چامەکە بەرەو بە (أرجوزة)بوون دەبات.

هەسوونی ژێر دەواری شیعر بریتییە لە لێکچواندن و متیافۆر و مەجاز و وێنەی شیعری بە هەموو جۆرەکانیەوە، من بزانم سالم بۆ تەواوکردنی دیمەنەکە پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە شیعرە تەنزئامێزە کە هەمووی جیاکارییە (مفارقات) لەنێوان ڕاستی و ناڕاستی، جارانی میرنشینەکە و دوای هەرەسهێنانی، وە گەمە و لاقرتیە بە دەسەڵاتی تورکەکان و مامەڵە نا شارستانییەکانیان لەمەڕ ئیدارەدانی سلێمانی.

با ئەوەشم لە یاد نەچێت، کە ئەم جۆرە نە زمانە بۆ سەردەمی سالم کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئەو کەسانەی کە خۆیان فرۆشتووە بە تورکەکان بۆ پۆست و پلە و پایە و سالم کردوونی بە گاڵتەجاڕ و ڕیسوای نێو کۆمەڵگای ئەو زەمین و زەمانەی کردوون و نەشترساوە لە کاردانەوە و تۆڵەسەندن، حەمدی ساحێبقڕان و ڕەفیق حیلمیش لە سەردەمی شێخ مەحمووددا لەم جۆرە شیعر و وتارانەیان گوتوە، لەگەڵ جیاوازیی لەنێوان هەردوو هەڵوێستەکە و هەردوو ئیدارەکەدا، دەرخستنی ئەو ناوانە بەو ئاشکراییە و لە چوارچێوەی لاقرتیدا! خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و ئامبازبوونەوەیەکی ئازایانەیە، بە پێی بارودۆخی ئەو زەمین و

زەمانە. با ئەوەش بڵێم کە گەیاندنی ئەو چەمکە ناشیعرییانە بە فۆڕمی شیعری سەر بە کێش و قافیە خۆی لە خۆیدا کارێکی قوورس و گرانە و توانا و لێهاتویی و سنعەتکاری دەوێت و سالمیش ئازایانە ئەو ئەرکە هونەرییەی بەجێ هێناوە و شانی داوەتە بەری، نمایشکردنی ئەم ڕاستییە تەنزئامێزەی سالم بەو دیقەتە و تەنانەت هێنانی ناوی هەندێک لەو کاراکتەرانەش هاوکێشەی چامەکە تەواو دەکەن و بە ئەنجامی دەگەێنن.

سالم زۆر چاونەترسانە و دوور لە خۆپاریزی و کۆکردن لە داگیرکەر، وەک شایەتحاڵێک هەموو ڕووداوەکانی تۆمار کردووە و دژایەتی تورکەکانی ئاماژە پێ داوە و لەگەڵ دژایەتی سەرسەختانەی تورکەکانیشدا بەشان و باهوی جەنگاوەرانی کورددا هەڵی داوە و عەزیز بەگی لە دڵی مێژوودا لاواندۆتەوە و کردوویێتییە سومبولی ڕزگاری و بەرخۆدان، هەر بۆیە دوای داگیرکردنی سلێمانی، ئیتر چاوی بەشاردا هەڵنەهاتووە و ئاوارەی حلە و تاران بووە و لەوێندەرێش کز کز هەڵقرچاوە بۆ شاری لە خوێندا شەلاڵ و خەڵکە بەشمەینەت و سەرکوتکراوەکەی. ئەمەیە قەدەری سلێمانی هەمیشە وەک پشکۆی ژێر باری خۆڵەمێش چاوەرێی ڕەشەبای تۆڵەی کردووە، بۆ گەشانەوە و سوتاندنی داگیرکەر و ستەمکاران.

سالم لە هەندێک شوێندا شۆخی و گاڵتە بەو سەربازانە دەکات کە لە شەڕەکەدا ڕایان کردووە، یان بە فرت و فێڵی (کەهیە) کە فەرمانبەرێکی باڵای تورکەکان بووە لە سلێمانی هەڵخەڵەتێنراون، یان خیانەتیان لە هاوڕێکانیان کردووە، دیارە ئەمانە لە هەر شوێنێ بن بە چاوی نزم و ڕیسواییەوە سەیر دەکرێن.

**نیظامانی مولازیم مەنصەبی ماضي (بحمدالله)**
**لە لادێدا بە دوو شایی هەموو جۆ پینی دیهقانن**
**خیانەت پیشەکانی هەموو فەوجی بیر ئینجی لە برسانا**

**بەناچاری لە دێی یۆفی لەرا وەرزێری دۆمانن**
**مەلەخ طە بعن لەهێشوی دەغڵی دیهقانی بە هەر لادا**
**لەناو جاری گەنم هەر یەک وەکوو داهۆڵی خەرمانن**
**درێخا بۆ سوارەی خاێی پاتەختی سولەیمانی**
**لە قرگە و قزلەر و قۆرخ بە ڕووتی جومڵە گاوانن**

ئەو سەربازانەی کە جاران پلەدار بوون لە ناو سوپای بابانەکاندا و ڕێزی خۆیان هەبوو ئێستا سوپاس بۆ خودا (بحمداللە) لە لادێکاندا بە دوو پەنجایی کرێکاری بۆ جووتیارەکان دەکەن و لە نێو جارە گەنمدا خەریکی گوڵەوەچنین و تەماع لە بەرووبوومی جووتیارە هەژارەکان دەکەن و بوونەتە داهۆڵی نێو کێڵگەکان، ئەوانەشی کە جاران کاربەدەست بوون ئێستا بونەتە وەرزێری دۆمەکان! دیارە سالم تانەی هەست پڕوکێنیان لێ دەدا، چونکە دۆم (ڕێزی فرەم هەیە) لە کۆمەڵگای کشاوەرزیدا بە پلەی خوار جووتیار هەژمار دەکرێت، سالم بۆ هەندێک لە و سەربازانەی کە لێیان قەوماوە و ترسنۆک دەرچوون سوپاس بۆ خوا (بحمداللە) بەکار دەهێنێت، بەڵام بۆ جەنگاوەرە ئازا و گیانبەخشەکان بەداخەوە (درێخا) بەکار دەهێنێت.
ئیتر شاریش دوای ڕووخانی میرنشینەکە و داگیرکردنی لە لایەن تورکەکانەوە، بۆتە کۆت و بەندیخانە و خەڵکەکەش دەستبەسەر و بێچارە و سلێمانیش ئاوەها:

**شەهرێکە پڕ لە ظوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین**
**جاییکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ**

سالم هەر چەند دەکات ناتوانێت بێدەنگ بێت لە ئاست سەربازەکانی ئەحمەد پاشا کە سستیان نواندووە بەرامبەر بە هاوبەشیکردنی شەڕ و مۆری ترسنۆکیان داوە لە نێو چاوی خۆیان

**دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە**
**حەسرەتا یەک دڵ نەگەینە شیوەکەی (گردی گوڵان)**
**مەیلی لانیان بوو وەکوو کەرویشکی پاشڕاو هاتنەوە**
**دەرنەچوون چابوو حەملەی دێلە (کەهیا) کول کران**

سالم لەسەر گاڵتە و لەسەر سەرزەنشتکردن بە بەشێک لە سەربازەکانی ئەحمەد پاشا دەڕوات و دەڵێت هیچ ئازایەتی و مەردایەتێکیان نەنواند و یەکدڵ و یەکدەست نەبوون و نەیانتوانی خۆیان بگەیێننە لای گردەکەی مامەیارە، واتە کارێزی وەستا شەریف، سالم بۆ شۆخی و لاقرتی، بە کەرویشکی لاوازیان لە قەڵەم دەدا، کە لەبەر ترس و تەمەڵی لانەکەیان چۆڵ ناکەن و لەبەر فڕوفێڵ و هەڕەشەی (کەهیا) ئامادەییان نییە لە شەڕدا، ئەمەیە لووتکەی تراژیدیای نێو بابانەکان، دوژمن بە بەرچاوتەوە هێرش بێنێ، هاوڵاتییەکەت بکوژێ و شارەکەت داگیر بکات، بەڵام ئامادە نەبیت بەرگری لە شارەکەت بکەیت، هەر لەبەر ئەوەی کە لەم کاتانەدا عەبدوڵا پاشا دەستی زۆرتر ڕۆیشتووە! ئاخر عەبدوڵا پاشا و ئەحمەد پاشا برابوون، هەردووکیان بە درێژایی حوکمدار یان دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد و سوپای داگیرکەریان لە تورکیا و ئێرانەوە دەهێنایە سەر یەکتر، دیارە سەربازەکانیشیان چاو لە خۆیان دەکەن و هەروا دەبن، هیگڵ دەڵێت: "مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە خیانەتکردن لە یەکتر و عیبرەت وەرنەگرتن و سووربوون لەسەر پیادەکردنی هەڵە و خیانەتەکان".

هەر بۆیە سالم پەتی ئیرادەو بڕوا دەپچڕێنێت و دەڵێت:

**موڵکی بابان پڕ لە غەوغا خاکی کوردستان لە غەم**
**مایەیی فیتنە و فەساد و ماجەرا بو ئاسمان**

سالم سکالا لە زەمانە و شکستی بابانەکان دەکات و دەڵێت:

**لە ظولمی چەرخی دون پەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ**
**بەراهی کۆیی دوونا نا لە هەر سوکاسی گەردانن**
**لە بابان ئەمیستە چونکە قاوەی نۆکەری دۆغە**
**لە حەلقەی ئەهلی حەسرەتدا هەموو کە مۆڵە فنجانن**

لەبەر نادادپەروەری و زوڵمی ڕۆمییەکان، هەموو ئەوانەی کە ژیانیان پڕ بوو لە خۆشی و وەک حاتەم دەست و دڵ باش بوون، ئەمێستا کاسەیان بەدەستەوەیە و ماڵە و ماڵ سواڵ دەکەن و دەست لە خەڵک پان دەکەنەوە و ئێستا کە ڕۆژ ڕۆژی هەتیو مچە و ناکەسبەچەیە، ئەم دیمەنە دڵتەزێنە، ڕووخانی ساسانییەکانم بیر دەخاتەوە، کە پاشا و خانەوادەکانیان دوای ڕووخان، ئاوارە بوون و کەوتنە سواڵکردن بەشارانەوە، بەدیعی هەمەدانی لە بەشێک لە مەقاماتەکانیا، پاڵەوانە سواڵکەرەکانی، بەشێکیان لە خانەوادەی ساسانییەکانن و بە فرت و فێڵ خۆیان دەژێنن.

### صەفی باشانی (باب ئوغلی) لەدێی کۆستە و دەباشان بەدەوری گەلەدا چۆماغ دەرکەف، جوملە چۆپانن

کاربەدەست و هەڵسوڕاوانی ئیدارەی بابانەکان ئێستاکە لە دێی کۆستە و دەباشان، شوانی و کار لەوەڕاندن دەکەن و سەریان کز و پەژمردەن، مەبەست لە (کۆستە) گوندی کۆستەی چەمە و دەباشانیش ئەوی کات هەر گوند بووە و کانی و ئاوی تیابووە. ئەم دیمەنە تراژیدییانەی شاری سلێمانی دوای هاتنی حوکمی داگیرکەر، هەمان وێنەی داگیرکەرە لە هەر وڵاتێکدا، سەربازەکانی تەیموری لەنگ،

سەربازەکانی عێراق لە کوێت یان ئێران، ئێستای تورکیا لە ئامەد و شارەکانی تر... هتد.

واتە داگیرکەر هەر داگیرکەرە، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی بە پێی هەلومەرجی جیاواز دەگۆڕێت، سەیرکەن موستەفا بەگی کوردی لە هەمان بۆنەدا چی دەڵێت:

**زەمانە ڕۆژی کردینە شەوی تار**
**صەفای (ئاستانە) و (تارانە) ئەمشەو**
**لە لایێ شینی و لایێ بەزم و شادی**
**یەقین دیاری ستەمکارانە ئەمشەو**
**بەباڵای دڵ کە کاڵای غەم بڕاوە**
**وەکوو تەختی (بەبە) وێرانە ئەمشەو**

هوشیاری نەتەوەیی لای سێ کوچکەی بابان ئێجگار قووڵ و دەوڵەمەند بووە، بەشێک لەو هۆشیارییە کاردانەوەی زوڵم و زۆری تورک بووە بەرامبەر میللەتی کورد، موستەفا بەگ لەم دێڕانەدا ئاستانە و تارانی بە یەک چاو سەیر کردووە و هەردووکیانی بە داگیرکەرانی کوردستان لە قەڵەم داوە، ئەمە لە کاتێکدا کە داگیرکەری سلێمانی لەوکاتەدا تورک بووە نەک فارس، بەڵام لای (کوردی) داگیرکەر هەر داگیرکەرە، موستەفا بەگ بەر لە نزیک لە دوو سەدە، هۆشیاری سیاسی لەمانەی لای خۆمان و ئێستا باشتر بووە، چونکە ئاستانە و تارانی لە یەک ئاستی داگیرکەریا بینیووە، بەڵام ئەمێستا دوای پتر لە دووسەدەی ڕەبەق لە نوشوستی و هەڵسانەوە و تاقیکردنەوەی تاڵ بە دەست داگیرکەرەوە، هەندێک بە بەگ، بەڵام بەخێرایی لەسەر سەدوبیست ڕووە و تورکان دەڕۆن و دەیانکەنە فریادڕەس! خۆ هەندێکی تر بە ئۆتۆمبێلێکی عەنچە، کە گێڕی پێشەوەی تیانەماوە، بە بەگ ڕووە و خۆرهەڵات چنگ لەسەر شان

ڕەو دەکەن! هەنـــدێک لەبەر بێمتمـــانەیی بەدەر و درواســـێ ڕووە و بەغدا بۆ پێشەوە ڕادەکەن، وەک بەغدا فرەباش و دڵسۆزبێت و کەمی پێ نەکـردبین! هەنـدێک دەڵـێن عەشـرەت بـا یەک بـین و هەر لێـرەش بمرین، چونکە بێگانە دادمان نادات... هەندێک... هەندێک! ئەم هەندێکانە لەبەر ژاوەژاوی نێو خۆیان، ئاگایان لەوانەکانی مێژووی دوورونزیک نەمـــاوە و دوور لە بەرژەوەنــدی نبشـــتیمان و لۆژیــک، ڕەو ڕەوەی سواوی مێژووی خودی خۆیان و بنەماڵکانیان ئەراێنن، ئەم هەنـدێکانە هێنـــد ســـادە لەوحـــن، ئەوە نـــازانن کە دەســـەڵاتدارانی بـــاکوور و خـــۆرهەڵات و بەغـــدا نەک لە ژێـــری ژێـــرەوە، بەڵکـــوو لەســـەری ســـەرەوەش یەک ڕاو یەک ســـتراتیژ و یەک فەلســـەفەن، درێـــغ بـــۆ نیشـــتیمان! خـــۆزگە ئێســـتاکە ســـێ کـــوچکەی بابـــان لە ســـووچێکەوە پانۆرامای عەقڵی سیاسی ئەم هەندێکانەی! دەبینی، بتزانیایە چۆن لە خەمدا توکیان لەسـەری خۆیـان دەبـڕی! ئەو بەیتـانەی سـەرەوە ئەوە دەســـەلمێنن کە تورکەکـــان، نەهـــاتوون بەتەنیـــا هەر میـــر لەنـــاوبەرن، بەڵکـوو وەک کودەتـایەکی خوێنـاوی گشـتگیر، هەمـوو ئەوانەی کە لە میرنشـینەکەدا موچەخـۆر و بـاڵا دەسـت و فەرمـانبەر بـوون تـار و ماریان کردوون و ئاڵای شەڕ و لەناوبردنیـان دژ بەرز کـردوونەتەوە! ئەم هەنگـــاوە مەترســـیدارە ئەوە دەســـەلمێنێت کە تورکەکـــان دژی دەوڵەتـداری کووردبـوون و هەرگیـز بڕوایـان بەوە نەبـووە کە کـورد دەتوانێت یان دەبێت خۆی حوکمی خۆی بکات و پێویسـتی بەبێگـانە نەبێت! سالم دەڵێت::

**نەبانی و نەباغی ما لە فەوجی لەشکری ئیسلام**

**لەخۆفا طیفلی مەردوم وەک عەیالی ئەهلی زەنگانن**

**کەس نەڵێ ڕۆمی لە تەسخیری مەمالیک چابوکن**

**سستی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکی ئەوان**

**لە ئە صلا بانی ئەم کارە کاسبهای شەهری بون**

**له ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میثلي مەروانن**
**له ظولمی چەرخی چەپگەردش درێغا، حەسرەتا داد!**
**بە میثلي (سالم) ی بێکەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن**

ئەوەی هەمیشە برینی خەمە ئەبەدییەکان دێنێتەوە سوێ ئەوەیە، کە سالم جارێکی دی باسی ناکۆکی و براکوژی و کلکی تەورەکە دەکات، هێما بۆ شێرپەنجە دێرینەکەی نێو ڕیزی کورد دەکات کە بە ئامان و زەمان لێی نابێتەوە و چۆتە کرۆمۆسۆماتەکانی میر و سوڵتان و سەرکردە چاوچنۆکەکانی، دیارە ناکۆکی و دووبەرەکی زێفی لە میرنشینەکە سەند بوو، وەک مارەکەی شێخ هۆمەر ئاڵابووە ملی، برا دژی برا، برازا دژی مام، هەر هەموویان دژایەتی هەر هەموویان دەکرد! ئاخر هۆکارەکە خۆ جیاوازیی بیروباوەڕ نەبوو، جگە لە پلە و پارە و پۆست هیچی دی لە ئارادا نەبوو. لەوەدەچێت بابانەکان نەیاریان زۆربووبێت و ئەم دیاردەیە لە ژیانی سیاسی و حکومداریدا ئاساییە، بەڵام نەیاری سەرەکی بابانەکان وەک سالم دەڵێت، کاسبکارەکانی شاربوون.

**لە ئە صلا بانی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون**
**لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میثلي مەروانن**

دەشێت بپرسین ئەم کاسبکارانە بۆ دژایەتی بابانەکانیان دەکرد؟ تۆ بڵێی بابانەکان وەک دەرەبەگ و خۆبەزلزان و فەرمانڕەوای هەژمون کەر، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم کاسبکارانە کردبێت؟ ئایا دەشێت کاسبکارەکان وەک پیتی بورجوا هەڵسوکەوتیان کردبێت؟ کوا مەرجە چینایەتێکانی دروستبوونی چینی بۆرجوا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی ئەو سەردەمەدا؟ تۆ بڵێی باج و قوورسایی خرابێتە سەر ئەم چینە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بابانەوە؟ مامەڵە و سەرچاوەی

هێنانی شمەک بۆ بازاڕی سلێمانی لە بەغداوە بووە یان کرماشان یان کەرکوک، یان تەورێز یان ئاستانە یان هەموویان؟ بابانەکان بۆ کام لەم شـــارانە مەرجیـــان هەبـــووە و ڕێگـــای لـــێ داخســـتوون؟ ئەم کاسـبکارانە وەک سـالم دەڵێـت دەسـتیان لەگەڵ تورکەکـان تـێکەڵ کـردووە و دەسکێشـیان کـردوون تـو بڵێـی کاربەدەسـتان، دژایەتـی بازرگـانیکردن لەگەڵ ئێرانییەکانیـان کردبێـت و لەسـەر ئەوە تێـک چووبن، فایەق بێکەس هەمان بۆچوونی سەبارەت بە کاسبکاری شار هەیە:

**وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان**
**هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان**
**حاجی توتنەکەت مادەم فرۆشرا**
**قیروسیا لەصهد کوشتن و هەرا**

هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕە جۆربەجۆرانە ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کە هەستی نەتەوەیی لای ئەم چینە بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئێجگـــار لاواز بـــووە، بەڵام ئەمەیـــان بە پـــێچەوانەی ئەورووپـــا و دروســـتبوونی دەوڵەتە ناســـیونالیزمەکانی وەک ئەڵمانیـــا و ئیتاڵیـــا، بەتایبەتی لە سـەروبەندی یەکگرتنەوەی نەتەوەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیـادا، کە پـاڵەوانی نەتەوەیـی وەک گاریباڵـدی و بسـمارکی هێنـایە گـۆڕێ، دەشـێت تـوێژینەوەی وردی زانسـتانە لەسـەر ئەم دیـاردە نـامۆیەی کاسـبکار و بازرگـانی کـورد بکرێـت، ئایـا دەشـێت بـۆ بەرژەوەنـدیی تـایبەتی خۆیـان لەگەڵ نەتەوەی سـەردەسـتا کلـک گـرێ بـدەن و پشـت بـکەنە مـیللەتەکەی خۆیـان؟ ئایـا لە ژێـر چەکـمەی ڕەقـی سـەربازانی تورکدا چ خواست و هیوایەکی ئەمانە دێتە دی؟

با ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە زۆرینەی دەرەبەگەکان و سـەرۆک خێڵەکـانیش هەر هاوکـاری دەسـەڵاتی بێگانەیـان کـردووە و لە زۆر

قۆناغــدا چەکیــان بــۆ هەڵگرتــووە و بــونەتە پیــاوی، دیــاردەی چەکهەڵگرتنی عەشایەر و تایەفە و تایەفەگەری لای کورد بۆتە نەریت

دیــارە ئەمە ئەوە دەگەیەنێــت کە کــۆمەڵگەی کــوردی گەشــەی چینایەتی ئاسایی نەکردووە. بەدەر لە هەمــوو تیۆرێکی سۆسیولۆژی و سیاســی و ئــابووری ژیــانی بەرێکــردووە، ئــێمە تــا ئێســتا نــاتوانین پێناسەیەکی زانستیانە بکەین بۆ کۆمەڵگەی کوردی باشوور، ئایا ئەم کــۆمەڵگەیەی ئێســتامان کــۆچەریە، کشــاوەرزییە، پیشەســازییە، بازرگانییە؟ یــان هەموویــانە یــان هیچیــان نییە؟ یــان تێکەڵەیەکــی بــێ ســەروبەرە؟ ئەم گەشەســەندنە بــێ ســەروبەر و ناسروشــتییە هۆکارەکەی داگیرکەرانی کوردستانە کە ناهێڵن گەشەسەندنی ئاسایی ڕوو بــدات و هەر ڕۆژەی شــەڕ و وێرانکــاری و ناســەقامگیری دێــنە کایەوە. دیارە ئەم دۆخە مۆلەقەیە، هێندەی تــر پێکهاتە ئۆرگانییەکەی وێــران کــردووە، ســالم لەســەر دەرنجــامە تراژیــدییەکانی ڕووخــانی بابانەکان دەڕوا و پانۆرامای وردەکارییەکانی دەخاتە پێشچاو:

**ئەوانەی بەرشکەستی ئیلتیزامی حایلی ڕۆمن**
**لە تاو بێنەو نییە، گاگەلچەرینی میری جافانن**
**ضەرەر کەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی**
**فەقیری موڵکی (هەوشار) و غەریبی شاری تارانن**
**بەدیهقانی بڵاوبوون دایرەی بێ کەس بە قۆپیدا**
**لە بەڵخە و دۆکەرۆ و نەوتی و دەللوجە و سەیووسێنان**
**حەیادارانی بێ حورمەت لەتاو بێ ماڵیی و عوسرەت**
**فەقیری دێی فەقیرە و تەکیە و ئەستێڵ و تافانن**

زاراوەی (ئیلتیزام) ئەوانە دەگرێتەوە کە زەوی و زاری دەوڵەتیان بە کرێ گرتووە بە بڕێک پارە، وا دیارە ئیتر ئەو باجەیان بۆ نەدراوە و لە تاو دانەوەی قەرزەکە ڕایان کردووە و ئاوارەبوون بەدێهاتەکاندا

و بە وەرزێری و شوانی و گاوانی و مزوری و خزمەتکاری خۆیان ژیاندووە، هەندێکی تریان بوونەتە گاوانی میرانی جاف، دیارە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە عەشیرەتی جاف لەو سەروبەندەدا بە بەهێزی ماونەتەوە و لەدەرەوەی میرنشینی بابان بوون، یان لەنێوەندی هەردوو دەسەڵاتی بابان و ئێراندا بوون و جۆرێک لە دەسەڵاتی کۆچەریانەی گەڕۆکیان هەبووە بەسەر ئەو ناوچانەی کە گەرمیان و کوێستانیان تیا کردووە و ئەو شوێنانەش کەوتوونەتە ناو سنوورەکانەوە، ئەوەی کە لە دەقەکەدا دەردەکەوێت، سوپای تورکەکان لەو سەروبەندەدا بەتەنیا لە شاری سلێمانیدا بوون و دەسەڵاتیان بەسەر دێهاتەکاندا نەشکاوە یان نەیان ویستووە پرشوبڵاو ببنەوە، ناوی ئەو دێهاتانەی قەرەداخ کە سالم هێناونی (بەڵخە، دۆکەرۆ، نەوتی، دەلوجە، سەیوسێنان، فەقیرە، تەکیە، ئەستێڵ... هتد تا ئێستا وەکوو خۆیان بە ئاوەدانی ماونەتەوە و گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە، لە ڕاستیدا دیاردەی ئاوارەبوون و ڕەوکردنی تاک و کۆمەڵ، دوای ڕووخانی دەسەڵاتە کوردییەکان، یان شکستی ڕاپەرین و شۆڕشەکان، یان شەڕ و شۆڕی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان، زۆر باو بووە لە مێژووی پڕ لە نەهامەتی و شکست خواردووی کوردا، ئائێستاش عەشیرەت و خێڵەکان بەشێکیان لە عێڕاق و ئەوی دیش لە ئێران، دیارە هێڵی سنووری نێوان ئەم وڵاتانە سەپاو و زۆرەملێیە، دوای ڕووخانی شۆڕشەکانی شێخ سەعید و شێخ عوبەیدوڵا و بەدرخانییەکان، زۆربەی سەرکردە و کادر و جەنگاوەر و خەڵکە دیارەکانیان، لە چنگ مەرگ و بەندیخانە و ئازار، ڕووە و سووریا و میسر و فەلەستین و عێڕاق و تەنانەت ئێرانیش ڕەویان کردووە، یان خۆیان شاردۆتەوە، دیارە بەم حاڵەتە کورد هێزی مرۆیی فرەی لەدەست داوە، دوای ڕووخانی کۆمارە تاقانەکەی کوردستان سەدان تێکۆشەر و سەربازی نەناسراو پەنایان بردە بەر عێڕاق و سووریا و ئازەربایجان و سۆڤێت، هەژار و هێمن و زەبیحی

و حەسەنی قزڵجی و دەیان تێکۆشەری تر هاتنە باوەشی گەرموگوڕی باشوورەوە و لەوێ جارێکی دی کوانوی تێکۆشانیان گەرم کردۆتەوە، دوای نسکۆی ئەیلولیش سەدان تێکۆشەری نێو شۆڕشەکە، دەسەڵاتدارانی عێراق دووری خستنەوە بۆ ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاست و هەندێکی تریشیان ڕووە و ئەمریکا و هەندەران ملیان نا، دیارە ئەم کۆچ و کۆچباری و ئاوارەیی و دەربەدەری وڵاتانە لە دێرەوە بە باڵای کورد بڕاوە و بە ئامان و زەمان لێی نابێتەوە، مەولانا خالیدی شارەزووری لە ئاوارەیی کابول و غەزنەین و قەندەهارەوە، لە ڕۆژی جەژنا، هەناسەی سارد، فرمێسکی گەرم، گریانی بێدەنگ، هەڵدەڕێژێت بۆ سەرچنار و بەکرەجۆ و ئەلهای شار دەکات، با گوێ ڕادێرین:

**موسم عیداست و مانومیداز دیدار یار**
**عالمی درعیشی و نوش و ما دوچشم اشکبار**
**بێ نواو دڵ پر ازخار و غریب و درد مند**
**دست بردل، سربزانو، چشم در رە، دل نگار**
**بکرە جویی شد زهر چشم روان ز خون دڵز**
**عاقبەت کردم دوا داغ فراق سرچنار**
**خالدا گر نیستی دیوانە و صحرا نورد**
**تۆکوجا و کابل و غزنین و خاک قندهار**

دیارە ئاوارەیی و دەربەدەرێکەی مەولانا پەیوەندی بە پێکهاتەی نا جێگیر و پڕ وەیشومەی میرنشینەکەوە بووە و هیچ دەرفەتێکی نەماوە بۆ ژیانکردن لە سلێمانی. نالی بە زمانی عەرەبی لە حیجازەوە هەر بۆ سلێمانی دەگری و شارەزووریش دەکاتە پایتەختی ئەم دنیایە، شارەزوور واتە سلێمانی لای نالی ئەو گوڵەمێخەکەیە کە دراوە لە کاکۆلی جوانترین کناچەی سەرزەوی، سەرچنار و بەکرەجۆ

ئەو شمشاڵەن کە بەسەر لێوی ڕۆژگارەوە خەمناکترین ئاواز دەچڕن بۆ ئاوارەیی و دەربەدەرێکەی نالی، یان ئەو دوجۆگەیەن کە لە چاوەکانی نالیەوە بەخوڕ دێنە خوارێ.

**زورت زورة إلى الزوراء أو إلى الروم أو إلى الشهباء**
**أو إلى شهرزور مسقط رأسي موطن العلو موطئ الآباء**
**ماء وجه العراق وردا ووردا فهي خضراؤها على الغبراء**

نالی لەنێوان بەغدا و ئیستەنبووڵ و شامدا، شارەزوور هەڵدەبژێرێ و دەیکاتە مەکۆی پیاوەتی و باڵانمایی، ئەم عەشقەی سلێمانی دوای داگیرکردنەکەی لە لایەن تورکەکانەوە هێندەی تر گڕی بەرداوەتە دڵی سێ کوچکەی بابانەوە و لاواندویانەتەوە.

کاتێک شارێک کە پایتەختی میرنشینەکە و قیبلەی دڵی دانیشتوانەکەیەتی، لە لایەن جەندرمە و ئوردوی ڕەگەزپەرستی هەمەجی داگیر دەکرێت و خەڵتانی خوێن دەکرێت، ئیتر هیچ سنوورێک نامێنێت لەنێوان تاریکی و ڕووناکی، حەق و ناحەق، ژیان و مردن ئیتر سلێمانی دەچێتە ڕیزی بەغدای ژێردەستی مەغۆل، پاریسی ژێر دەستی ئەڵمان، ناڵێم قاهیرەی ژێر دەسەڵاتی ناپلیۆن، چونکە بەلایەنی کەمەوە فەڕەنسیێکان چاپخانە و کۆمەڵێک ئامرازی بەشارستانیکردنی میسریان هێنا، بەڵام ئۆردوی تورک و کوشتن و نەخوێندەواری وتاڵانی زەبروزەنگیان هێنایە سلێمانی، دیارە لەو زەمین و زەمانەدا شەریعەتی دارستان پەیڕەوکراوە و وڵاتێک نەبووە کە ناوەندگیری بکا یا لەسەر کورد هەڵبداتێ، ئەوەیشی کە هەبووە لەناوچەکەدا ئێرانییەکان بوون، ئەوانیش نەک ئاسایی بووە بەلایانەوە، بەڵکوو دڵخۆشیش بوون و لەوانەشە ئەگەر تورکەکان ئەو کارە یان نەکردایە ئەوان بیان کردایە هەر بۆیە مستەفا بەگی کوردی بەبێ هیوایی و خەمەوە لەو سەروبەندەدا گوتویەتی:

**بە دۆستی خۆم دەزانی عالەموڵلا**
**کەچی هەر چی دەهات ئەغیاری من بوو**

واتە دوژمنایەتیکردنی کورد تا سەر ئێسقان، لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بێ هیچ دوو دڵی و سڵەمینەوەیەک پیادە دەکراو تا هەنووکەش ئەم دیاردەیە درێژەی هەیە، بەڵام بە شێوەی جیا جیا و ڕووپۆشکراو و لە خشتەبەر، لەوە دەچێت ئەم دوژمنیایەتیکردنەی کورد لە قۆناغی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گوازرابێتەوە نێو کرۆمۆسۆماتەکانی داگیرکەران، ئەگینا لە پای چی دوای تێپەڕبوونی نزیک لە سێ سەدەی ڕەبەق و دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریتە خێرایە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمانە بە هەمان بەیت و بالۆرەی کۆن دژایەتی کورد دەکەن. سالم لە چامەکەیدا تیشک دەخاتە سەر هێزی ڕاوڕووت کە لە کاتی هێرشی سوپای تورکدا بۆ سەر سلێمانی، چ غەدرێکیان لەم شارە کردووە، تالان و بڕۆ گەشتۆتە ئاستێ، بەتایبەت بۆ سەرماڵ و حاڵی بابانەکان، کە ماڵەکانیان ڕووخاندوون و خشتەکانیان دەرهێناوە و بردویانە بۆ دێهاتەکان، بۆ دروستکردنی خانووی سەرلەنوێی جووتیاران، دیارە زۆربەی ئەم کارە خەڵکی دێهاتەکانی دەوروپشتی شاربوون، سالم دەڵێت تەنانەت یەکێکی وەک حاجی کاک ئەحمەدیش نەیتوانیووە بەرگری لەخۆی بکات لە ئاست ئەم چەتە و ڕاوڕووتکەرانەدا، سەیر بکەن سالم چەندە بەسەرسوڕهاتنەوە باسی دڵڕەقی و بەدڕەوشتی ڕاوڕووتکەران دەکات! چۆن بەهاکانی هاوڵاتیبوون و ئایین و ویژدان لای ئەمانە لە گۆڕ نراوە!

**هەی پەنا بەخوا لە دەست ئێڵی غەوارەی دەوری شار**
**کافرۆشی و چنگنی و چوچانی و جافی تەلان**
**عەزمی هەرکاتی بکا – فەرضهن ئەگەر (کاک ئەحمەد)ە**

**وای دەماڵن سێ کەڕەت تادێنە (کانی ئاسکان)!**
**بۆ نەجیبانی و یلایەت بوونە ئافەت نانەجیب**
**چامەیی شەهری لەدەست صهحرا نشین بەس دادڕان**

لێرەدا پرسیارێک سەر دەردێنێ، بۆچی بابانەکان هێند دوژمندار بوون؟ بۆچی خەڵکەکە بەم شێوەیە بەربوونەتە ملک و ماڵیان؟ تۆ بڵێی مەبەست لەم ڕاوڕووتە، دەستخستنی سوودی ماددی بێت، یان تۆڵەسەندنەوە لە بابانەکان؟ دوژمنایەتی دێهاتییەکان بۆ گەشتۆتە سنوورێک کە خشت بە خشتی ماڵەکانیشیان دەربهێنن؟ ئەگەر وا دانێین نەریتی ڕاوڕووت لای دێهاتێکان ئاسایی بووە و بە جۆرێک لە ئازایەتی دانراوە! بۆ ئەمانە بیریان نەکردۆتەوە کە سوپای تورک جانەوەرە؟ ئەی بەچاوی خۆیان نەیان بینیووە؟ ئەی دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتی جەندرمەی داگیرکەر؟ ئەی کاسبهای شار بۆ هێندە دوژمنایەتی بابانەکانیان کردووە؟ ئەی خەڵکەکەی تر بۆ بەپەلە جێی ئەوانیان گرتۆتەوە و پلە و پۆستەکانیان دابەش کردوون؟ دیارە ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە! کورد لە فەرمانڕەوایەتی خۆیدا نەیتوانیووە تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی عادیلانە و دەسەڵات پیادە بکات ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەر ئەوەندەی دەستی گەیشتبێتە پلە و پۆست و سامان و پارە، ئیتر نەهەستی نەتەوەیی، نە بەهای ئینسانی، نەوڵات بەهەند زانین، دادی نەداوە و دەستی کردووە بەتاڵان و بڕۆ لەژێر پەردەی یاسا و تۆڵەسەندن و چەندەها بیانووی پڕوپووچدا، دوای ڕزگارکردنی گەلی جەزائیر لە دەست فەڕەنسێکان و ئەو هەموو قوربانییەی کە گەشتە ملیۆنێک شەهید، گەلی جەزائیر هێند فەرمانڕەوا خۆماڵییەکانی خۆی زوڵمیان لێکردن، لە خۆپیشاندانەکاندا داوایان کرد کە با فەڕەنسا بگەڕێتەوە و حوکمیان بکات! دیارە ئەمە گەڕانەوەی مێژووە بەرەو دواوە، سەدامی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ چی بە کورد نەکرد؟ هەر ئەوە مابوو لەبنی دەربێنێت، کەچی ئێستا کە لە

تـاو دزی و ڕاوڕووتـی حیزبی خۆمـاڵی کـوردی! بەشـێک لە خەڵکەکە دەڵـێن ئـاخ بـۆ سـەدام! دیـارە ئەمە گەورەتـرین شکسـت و خەمە، کە کـورد نەیتـوانی و ناتوانێت بە عەدالەت و یاسـا و یەکسـانی حـوکمی خۆی بکات! باشـە خۆ ئێستا نزیکەی (٢٠٠) سـاڵ تێپەڕیووە بەسـەر ئەو مێژووەدا، ئەی بۆ کاربەدەستە خۆماڵییەکان خراپتر دەکەن؟ باشە بۆ دەبێت مێژوو خۆی دوبارە بکاتەوە؟ بەڵام لە داروبارێکی خراپتردا نەک باشتر! تۆ بڵێی پاشماوەکانی نەریتی کۆچەریتی و تیرە و خێڵ دوای (٢٠٠) دووسـەد سـاڵ هەر لە کـاردا بێـت و کـاڵ نەبێـتەوە، تاقیکردنەوە و ژیانکردنی (٢٠٠) سـاڵ نەتوانێت هەڵسوکەوتی مرۆڤ بگۆڕێـت، خانەکـانی مێشـکی ڕوونـاکتر بکـاتەوە! لە شـەڕی ئەیلـولی ڕەشی حەفتاکاندا، کە لەنێوان پاشانشینی ئوردون مەلیک حوسـەین و فەلەسـتینییەکان ڕووی دا، مەلیک حوسـین کە عەرەبە و موسـڵمانە و ئەهلی بەیتی پەیامبەرە (د. خ) لەسـەر بێت! بە جۆرێکی هێند توند و بـێ بەزەییـانە پەلامـاری فەلەسـتینییەکانی دا، بەناچـاری و بـۆ خۆپاراسـتن لە ژیانیـان، پەنایـان بـردە بەر وڵاتـی ئیسـرائیل، کە جوولەکە و غەیرە عەرەبن! واتە لە یەکلاییکردنەوەی دووڕێیانی ژیان و مردندا، خەڵکەکە نەتەوە و ئایین وەلادەنێن و ژیانی خۆیان دەخەنە پـێش هەمـوو شـتێکەوە ئەمەیە لـۆژیکی ژیـانکردن و خۆپـارێزی، لە سـەردەمی عەباسـییەکاندا (مـوعتەزیلە) کە تـاقمێکی عەقڵانـی هۆشـیار بوون، دەیانگوت سەرۆکێکی غەیرە عەرەبی نامسـوڵمان، بەڵام عادیل، باشـترە لە سـەرۆکێکی عەرەبی مسـوڵمان، بەڵام ناعادیل! چـونکە لای ئەوان عەدالەت ئەساسی فەرمانڕەوایەتییە واتە (العدل أسـاس الملک)، لۆژیکی ژیان و تاقیکردنەوەکانی فەرمانڕەوایانی کـورد، گەیاندومیەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرگیز فەرمانڕەوایەکی خۆماڵی (کورد)ی ناعادیل، باشـتر بێـت لە داگیرکەرێکـی عـادل! باشـە بـۆ دەبێـت فەرمـانڕەوای خۆمـاڵی یـان بـا بڵێین سـەر بە نەتەوەی خۆمـان هەر دەبێت ناعادیل بێت! بۆ سیفەتی ناعادیلی و ناشەفافی هەمیشە ئـاوێزانی کاربەدەستی

کورد بێت و بگوترێت تاقیکردنەوەمان نییە و لە قال و بەلاوە ژیان هەروا بووە! بۆ فەرمانڕەوای خۆمان دادپەروەر و دڵسۆز نەبێت؟ لای بەندە فەرمانڕەوای دادپەروەری کورد هەمیشە باشترە لە فەرمان ڕەوای دادپەروەری غەیرە کورد ئەمە حەقیقەتە و خۆزگە وا دەبوو، ئەوانەی دەڵێن فەرمانڕەوای کورد ئەگەر دیکتاتۆریش بێت باشترە لە فەرمانڕەوای بێگانە ئەگەر عادلیش بێت، ئەمە گریمانەیەکی لاواز و دوور لە لۆژیکە و دەبێتە پاساو و ڕێخۆشکردن بۆ کاربەدەستە باڵاکان و خەڵکە هەڵمەتە کاس و بێبەزییەکە بە ئارەزووی خۆیان زوڵم و زۆر بکەن لەژێر سێبەری کوردایەتی و نەتەوە و زاراوە لەخشتەبەرەکاندا. گەوهەری کوردایەتی عەدالەتخوازی و بەرهەمهێنانی ئازادی و ڕزگاری و یەکخستنی ڕیزەکانی کورد و موقاوەمەتی هەموو ستەمکار و زاڵمێکە. دەبێت چەمکی پیادەکردنی عەدالەت و یەکسانی بەرامبەر یاسا، خواستی باڵای ئینسانی کوردبێت، نەک پاساوی بێ بنەما و دوور لە لۆژیک و هزری شێواوی سەردەم، چونکە مەفهومی نەتەوە و دەوڵەت لەسەر دەستی گۆڕانکارییەکانی بیر و فەلسەفەی گلۆبالیزما ئالوگۆڕی ڕیشەیی بە سەردا هاتووە و چەمکەکانی ئایدۆلۆژیای سەردەمی شەڕی سارد بەسەرچووە و (مقایسە)ی لەسەر ناکرێت، با ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئیمپراتۆرییەتە نەخۆشەکەی عوسمانی، سەرباری ئەوەی کە خۆی بە کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆوە تلاوەتەوە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نابەجێ و دوژمنکارانەوە، باج و خەراجێکی زۆری لەسەر میرنشینەکان داناوە و خۆی بە خاوەنی ئەم وڵاتە داناوە، واتە خەڵکی میرنشینەکە دووجار چەوسێنراونەتەوە، جارێک لە لایەن خودی ئیمپراتۆریەتەکەوە، جارێکی دی لە لایەن میر و دەست و پێوەندەکانیانەوە، ئەم دووجار لەقاڵبدانەیە کەوا خەڵکەکەی تووڕە و بێزار کردووە و ویستویانە هەر چۆنێک بێت لەیەکێکیان ڕزگاریان بێت. سالم بەدوورودرێژی باسی لە شیرازەدەرچوونی دەسەڵاتەکانی

نێو شار دەکات دوای ڕووخانی میرنشینەکە، کە هیچ شت وەک خۆی نەماوە، خاوەن پیشەکان کارەکانیان گۆڕاوە و هە رچی بنەمای لێزانین و پڕۆفیشناڵی هەیە لەدەست دراوە، هەربۆیە دەرخستنی ئەم بشێویە وادەست پێ دەکات:

**دل لە میحنەت کەیلە، تابی سەیری ناو شارم نییە**
**عەینی چاوم خوێنی تێ زاوە لە داغی مەردومان**

سالم باسی کۆمەڵێک ناوی خەڵکی دیار و نازناو و پیشەکانیان دەکات کە ئێمە نایانناسین، بەڵام ئەم خاوەن پیشە و خەڵکانە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی تورکاندا گۆڕانکاری بێسەروبەر و لنگەوقوچ هاتووە بە سەریاندا، بۆ نموونە (دەروێش ئاغا لەوەدەچێت کەسایەتی شار بووبێت) لە جیاتی (مستۆ) گۆڕانی دەڵێت، لەجیاتی (محمود ئاغا)ی حەکیم باشی لە جیاتی پزیشک بەکار هاتووە، بابەجانی حەمامچی دانراوە، سالم گاڵتەجاڕی بە هەندێک ناو و پیشە دەکات، چونکە سەر براوە تەلای کلک و کلکیش براوەتە لای سەر و ئەوەی عەقڵ قبووڵی نەکات بەسەر شاریان هێناوە، لەبەیتی (٢٠)وە هەتا بەیتی (٤٧) واتە (٢٧) بەیتە شیعر ڕەخنە و لاقرتی و تەنزە بە ئیدارەی دوای بابانەکان کە تورکەکان دایانمەزراندووە، دیارە ئەم بشێوی و بێسەروبەری و لە شیرازەدەرچوونی شتەئاساییەکان دەرهاویشتەی دوای شەڕە، بەرهەمی حوکمی بێگانەیە کە شەلم کوێرم بەربۆتە سلێمانی و خەڵکانێکی دەوێت کە خزمەتکاریی بکەن و وەک هەر ئامێرێکی بێ ئەرزش بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئیتر مەبەستی نییە کە ئەمانە پیشەیی بن، دز و جەردە بن، پیاوخراپ بن، گرنگ ئەوەیە کارەکەی فەراهەم بهێنێت و حوکمی وڵات بکات، هەمیشە بێگانە بە چاوێکی سووک و ڕسوایی سەیری کەسانێک دەکات کە داردەستی خۆیان بن و هەرگیز متمانەشیان پێ

نـاکەن، سـالم کەمتەرخەمـی نە کـردووە لەدەرخسـتنی ڕوی ڕەش و قێزەونی ئەم داگیرکەرانە:

**لە کوێی بێنم ئیتر سەبر و قەرار و تاقەت و ئولفەت**
**کە یارم دەربەدەر دۆستان هەموو بێسەر دڵ ئاوارە**
**هیوایەکم بەشەیتان گەر ببێ ئومێد بە تورک ناکەم**
**ئەواتۆیش چویت و من چ بکەم کە ڕا هەر ڕای موختارە**
**قەومی کوردان گریەکن بۆ خانەدان و گەورەتان**
**نیمە مەحبوس، هەندێ مەقتول، باقیان مەنفی کران**
**جەمعی ئەهلی دڵ ئەمێستە لێرە بوونە بەفری پار**
**لانەواز و دەربەدەر، وێڵن لە کوچەی شارەکان**

سـالم سـەبر و قەراری لەبەر بـڕاوە، دۆسـت و هـاوڕێ و یـارانی هەموو ئاوارە و دەرەبەدەر بوون، لای ئەو شـەیتان جێگـای ئومێدترە وەک لە تورک، چونکە داگیرکەر و ستەمکار و دڵبەرد و بێ هونەرن.
سـالم ڕووی دەمـی دەکـاتە مـیللەتەکەی و داوای شـین و گریـان و شەپۆڕیان لێ دەکات، چونکە خانەدان و گەورەکانیـان کوژراو و دیل و ئاوارە کراون و وەک بەفری ساڵی پار بەنـاخی زەویدا ڕۆچوون و تەرەوەنەی شـاران بـوون و جـارێکی دی بە ڕووخسـاریان شـاد نابێتەوە. سـەیری ئەم تەراژیدیایە! لە لایەک شـار لە دەست بدەیت و دوژمنی ستەمکار تیا فەرمانڕەوا و ژیان بکات، لە لایەکی دی هـاوڕێ و دۆسـت و کەسـوکار لە دەسـت بـدەیت و لەچـاوت ون بکـرێن! هەر ئەم بـێ ئـۆقرەییەیە کە داوای گریـان و شـین و شـەپۆڕ دەکـات لە مـیللەتەکەی و دەڵێت، دەبێـت پرسـەی ئیقلـیم گیـرانە بـۆ ئەم کۆسـتە گەورەیە بگیرێت.
موستەفا بەگی کوردیش سالم ئاسا خەمێکی زۆری هەڵڕشتووە لە دەست نەک تورکە داگیرکەرەکان بە تەنیا، بەڵکوو ئێرانییەکانیش.

**عەجەب مەگرە نەھەر ڕۆ ڕۆی عەجەمە**
**پەشێوی ظوڵمی ڕۆمی نانەجیبم**

نالیش لە حیجازەوە هەر بەهێرشکردنە سەر تورکان نەوەستاوە، بەڵکوو ئێرانیشی خستۆتە پاڵ:

**ویح جارین جائرین عن القید وحق الجوار و الألتقاء**
**فیم تبکي من فرقة الفرق الرو م وترک الأعاجمالعجماء**
**کنت فاکهتم فهل ذقت منهم بلغه من بلاغهالبلغاء**

نالی کۆڵێک خەم و داخ لە دەست ئەم دوو دراوسێیە واتە (تورکیا و ئێران ) هەڵدەڕێژێت کە زوڵم و زۆرداریمان لێ دەکەن و هەر چی واتای دراوسێیەتی و پیاوەتییە تیایاندا نییە، نەک هەرئەمەش بەڵکوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قسەیەکی خۆش و جوانی لێ نەبیستون، خەمەکەی نالی لەوەدایە کە ئەمانە دراوسێن و هەمیشە لووتت بە لوتییانەوەیە، ئەم چامانەی سالم لەمەڕ شەڕ و شۆڕەکانی نێوان تورک و کورد، لەو سەروبەندەدا و کوژانەوەی یەکجارەکی چرای میرنشینی بابان، دەچێتە خانەی نووسینەوەی مێژووەوە، بەڵام بە هۆنراوە، واتە مەرج نییە ئێمە بەتەمای توخمەکانی شیعریەت و دەستنیشانکردنی میتافۆڕ و وێنەی شیعری و جوانکارییە وشەیی و واتاییەکانی بین، لەم جۆرە نەزم و بابەت و کەرەستانەدا، وردەکاری لەدەرخستنی ڕووداوەکاندا بێپێچ و پەنا، مەبەستی سەرەکی دەپێکێت، با ئەوەش لەبیر نەکەم کە سالم جاروبار بەتایبەت لە وێناکردنی تابلۆ حەماسەت ئامێز و دیمەنی سەرسامکەری پاڵەوانی شەڕەکاندا، دەچێتەوە سەر ڕێچکەی شاعیریەت و کەم تا زۆر توخمەکانی شیعریەت و جوانکاری فۆڕم و خەیاڵی فراوان و وێنەی شیعری بەکار دەهێنێت، بەتایبەتی لە وەسف و پیاهەڵدانی عەزیز بەگ کە پاڵەوانی سەرەکی شەڕەکە بووە. لە

سەروبەندی ڕووخانی میرنەشینەکەدا سالمی ساحێبقران، پاڵەوانێکی نەتەوەیی بە ناوی عەزیز بەگ نمایش دەکات، ئەم سوارچاک و پاڵەوانە ئامبازی داگیرکەرە تورکەکان دەبێتەوە، خۆی و جەنگاوەرەکانی بەگیانێکی نەبەزین و موقاوەمەتەوە بەرگری لە سلێمانی دەکەن و لەو پێناوەدا زۆربەیان بەشەهیدی سەردەنێنەوە و ئەوانی دیش یان بریندار، یان دیل، یان ئاوارەی دێهات و کەژ و کێوەکان دەبن، ئەم داستانەی سالمی ساحێبقران پانۆرامایەکی هەمەلایەنەی ئەو شەڕە بەرگری و عادیلانەیە کە هێزەکەی عەزیز بەگی بابان دژی تورکانی بێ هونەر و داگیرکەر ئەنجامیان داوە، ئەم چامە مێژووییە ڕۆحێکی درامی هێند دەوڵەندی تیایە کە دەشێت بکرێتە کورتە فلیم، هاوکێشەی دراماکە لەنێوان دوو هێزی نابەرامبەر دایە، هێزێکی داگیرکەری هەمەجی پڕچەک و تفاقی مەشق دیدەی دەوڵەتی، یان با بڵێین ئیمپراتۆری، لە بەرامبەر هێزێکی لۆکاڵی کەم چەک و تفاق و ژمارە، بەڵام خاوەن بڕوا و ئازا و چاونەترس و بەرگری کەر لە خاک و شەرەف، سالم لەم کارەیدا بۆتە مێژوونووسێکی بەئاگا و ورد و بابەتی، بەڵام وەک وتم بە شێوازی شیعر کەرەسەکانی شەڕ و پێکدادان نمایش کراون، سالم وەک پەیامنێری بەرەکانی جەنگ و کامێرایەکی شایەدحاڵ بەسەر ڕووداوەکانەوە، وێنەی ماجەرا و وردەکاری شەڕەکەی بۆ کێشاوین. ئەم بەرهەمە شیعرییەی سالم، سەرجەم مەرجەکانی نۆڤڵێتی سەرکەوتووی تێدایە.

**شوێن: سلێمانی.**

**کات: دواکاتەکانی سەردەمی بابانەکان.**

**شوێنی شەڕ: گەڕەکی پیرمەسور و حاجی حان.**

**پاڵەوانی سەرەکی: عەزیز بەگی بابان.**

**کەسایەتی نەرێنی: خۆفرۆش و تاڵانچێکان و کەهیە.**

**ڕووداو: ماجەرای شەڕی نێوان سەربازەکانی تورک و هێزەکەی عەزیز بەگ.**

**جۆری گێڕانەوە: بە شیعر**

**گێڕەرەوە (ڕاوی): سالم.**

**جۆری گێڕانەوە: تێکەڵەیەک لە بابەتی و خودی.**

**دیمەنەکان: پێکدادان و خوێنڕژان و دەست و قاچ پەڕین و هاوار و فیغان.**

**جێگەی جوڵاو: دیمەنە جیاوازەکان بەدێهاتەکانی قەرەداغیشەوە.**

**بابەتی نۆڤلێت: شەڕی نێوان داگیرکەر کە نەتەوەی سەردەستە لەگەڵ نەتەوەی ژێر دەست.**

کە دەڵێم گێڕانەوەی خودی (السرد‌الذاتي) مەبەستم لەو لایەنگرییەی سالمە لە عەزیز بەگ و یاوەرانی، واتە سۆز و هەستی خودیی نەتەوەیی لە هەندێک دیمەندا زاڵە بەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا. سالم پەنا و هانا دێنێتە بەر پاڵەوانی جەنگەکە، کە عەزیز بەگە، چونکە باری شار ئاڵۆزە، دوژمن هێزێکی زۆری هێناوە، خەڵکەکە لە دڵەڕاواکێدان، لە هەر ئانوساتێکدا بێت دوژمن هێرش دەکاتە سەر شار، عەزیز بەگ ئەم سوارچاک و جوامێرە ئەگەر بە شاخی ئەلبورزدا گوزەر بکات، سمی ئەسپەکەی هێند بەتوندی ئەدات لە بەردی چیاکە ورد و خاشی دەکات، خۆ بریسکەی شیری دەستیشی لە کاتی هەڵمەتدا شەوی یەڵدا ڕووناک دەکاتەوە، فردەوسی لە شانامەدا هەمان وەسفی جەنگاوەرە سوارچاکەکان دەکات:

**پەناهم شەهـ سوارێکە، گورزەکا گەر بە ئەلبورزا**
**سمی ئەسپی لەخارا توتیا پەیدا**
**ئەگەر خورشیدی تیغی بێ بەسەر شەودا شەبەیخون کا**
**دەکا بەرقی بەیەک پرتەو لەیەڵدا چیاپەیدا**

لەم جۆری وەسفی سوارچاک و جەنگاوەرانە، پڕ بە پڕ لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، دیارە مەبەستی جەنگاوەرەکانی پێغەمبەرە (د. خ) کە سوێندیان پێ دەخوات (والعاديات صبحا، فالموريات قدحا، فالمغيرات صبحا، فأثرن بە نقعا،فوسطن بە جمعا) بەشاری کوڕی بورد لەوەسفێکی ئەم جۆرە شەڕەدا هەر وەک سالم دەڵێت:

**كأن مثار النقع فوق رؤوسنا**
**وأسيافنا ليل تهاوى كواكبه**

فیردەوسی لەشانامەدا لە هەمان بۆنەی وەسفی ئەسپەکەی ڕۆستەمدا دەڵێت:

**دوسمی ستودان دورین پەهنە دەشت**
**زەمین شەش شود و ئاسمان گەشت هەشت**

سالم لەسەر وەسفی جوامێری و ئازایەتی عەزیز بەگ دەڕوات و دەڵێت:

**هەماوەردی عەروسی قەبر و تیغی ماشیگەی مەرگە**
**لە زەخمی موردەگان بۆ دەست و پا، ڕەنگی حەناپەیدا**
**لە مەیدانا بەرەسمی ڕەزم، ئەگەر مەرکەب بدا جەولان**
**لە ناڵەی گاوو ماهی، دێ لەژێر خاکا صهدا پەیدا**

عەزیز بەگ هەر کاتێ ئەسپەکەی لە مەیدانی جەنگدا تاوبدا، زەوی دەلەرزێ و ئەو گاو ماسیەی کە دەگوترێت زەوی لەسەر یان وەستاوە دەست دەکەن بەهاوار و ناڵە ناڵ و لەرزە، لە وەسفی

بەرامـبەرەکەی عەزیـز بەگـدا واتە جەنـدرمە داگیرکەرەکانـدا دەڵێـت، لەجیـاتی ئەوەی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنـێ، عەزیـز بەگ دەیکـاتە بووکی دەست و پێ خەناوی، موتەنەبیش لە وەسفی ئازایەتی (سیف الدولة)ی حەمدانیدا بەرامبەر دوژمنەکانی دەڵێت:

**فمساهم وصبحهم حرير**
**وصبحهم وبسطهم تراب**

سالم لەڕووی هونەری شیعرەوە لە وەسـفی عەزیـز بەگدا ئێجگار سەرکەوتووە و هیچی کەم نییە لە وەسفەکانی فیردەوسی لەشانامەدا بۆ ڕۆستەم، کۆی وەسفەکانی لە سێ بابەتدا خۆیان دەنوێنن، لایەنی مەعنەوی کە بریتییە لە ئازایەتی و بەرخودان و مقاوەمەت، لایەنێکی دی ئەسپ و تفاقی چەک، لایەنێکی دی باری جەستەیی، سالم باسی پـاڵەوانێتی (ظـاهر و قـادر) بەگ ناوێـک دەکـات لەو شـەڕەدا و ڕۆڵەکەیان بەرز دەنرخێنێت:

**وەختی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی واپێ دەکەن**
**دێتە لەغزش پێ و ڕیکاب و سست دەبێ دەستی عینان**
**شێری بێشەی موڵکی بابان مەردی مەیدان ظاهیرە**
**گەر کەسێ بێنێتە خاگر دەست و بردی گەرمیان**

سـالم لە بەرامـبەر وەسـفی جەنگـاوەرانی کـورددا، لاوازی و بـێ ئیرادەیی دوژمنی داگیـرکەر دەردەخـات، لەنێوان ئەم بەیتانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی شـەڕکەرانی هەردوو لا سـوارەبن و کەمتر پیـادەی تیابێـت، هەر کاتێـک سـوارەکانی کـورد پەلاماریـان دابێـت، دوژمـن پێـی لە ئـاوزەنگی شـل بـووە و دەسـتی جڵەوی ئەسـپەکەی سسـت بـووە و سـەری لـێ شـێواوە و خـۆی لەبەردەمیـا نەگرتـووە،

لەوەدەچێت لە سەرەتادا هێزەکەی عەزیز بەگ سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ و دوژمنی کوردبێتە گورگی چوارچاو لە کۆلانەکانی پیرمەسوور و حاجی حاندا و سەریان لێ شێواندبن، سالم وەک فۆتۆگرافەرێکی بەسەلیقە و شارەزا وێنەی گەرموگوڕی شەڕەکەی کێشاوە: هاوار و فیغانی تورک (سەن سەن) و (گێل ئولان)، غەوی تۆپ و تفەنگ، دەست و پەنجەی پەریو، هەو هەوی بابان، جەنگاوەری گلاو، ڕاکەڕاکەی شەڕکەران، پەلامار و کشانەوەی لەپڕ، هێند تیر و ڕم بەکار هێنراوە لە لایەن جەنگاوەرانەوە، مەیدانی شەڕەکە وەک بێشەی لێهاتووە و چاوچاو نابینێ.

**هاتە ژێر پاساری تەنگ لەشکر، ریکاب ئەندەر ریکاب**
**کەوتنە سەر کۆلان و بێ ڕێگە، عینان ئەندەر عینان**
**بوو بە جێی بەبر و غە ضە نفە ر کوچە کوچە و ناوسوقاق**
**سەر محەللە ڕەنگی بێشەی گرت لەنێزەی جانستان**
**زەنگی صە حرای مەحشەری بوو شێوەکەی لای پیرمەسوور**
**گرمە گرمی تۆپی ڕۆمی هەو هەوی سوارەی بابان**

کووچە و کۆلانەکانی پیرمەسوور و حاجی حان جمەی دێت لە شێر و بەوری جەنگاوەرە بابانێکان، هەردوو بەرەکە بەگەرمی و حەماسەتەوە تێکڕژاون و بواری دەرچوون و هەلاتن بۆ کەس نەماوە، سالم لە بەرامبەر گرمە گرمی تۆپی ڕۆمەکان، (هەوهەوی) سوارەی بابانی داناوە، کە ئەمە لەلایەک بەڵگەی نابەرامبەری ئەو دوو هێزەیە، لە لایەکی ترەوە بەڵگەی ئازایەتی جەنگاوەرانی عەزیز بەگە کە ئامبازی ئەو هێزە گەورەیە بونەتەوە.

دوای شەڕێکی سەخت لەوەدەچێت کە ترازوی هێز و سەرکەوتن بەلای دوژمندا کەوتبێتەوە، بەتایبەتی دوای بەکارهێنانی تۆپ و هێزی تازە نەفەسی تورکان و خیانەتی بەشێک لە شەڕکەران، دیارە شانۆی

مەیدانی شـەڕەکە گەڕەکـی پیرمەسـوور و حـاجی حـان بـووە و لە سەراوە دراونەتە بەر تۆپ، لە سەرەتادا و دواییش هـێرشیان کردبێتە سەریان

**گەرچی پێشا پێش بەهەیبەت چوون و ئازا کەوتنەباڵ**
**حەسرەتا، باز هەم باز هەم نەیانزانی نیظام وابێ حەیان**
**سێ بلووک لای پشتی گرت و سونگی دووران هاتنەپێش**
**فیرقەیێ لای (پیرمەسوور) نیوەی کۆڵانی (ئەحان)**

سـالم باسـی هەنـدێک جـاش و بەکرێگیـراو دەکـات کە لەپـێش دوژمنەوە بوون و شەڕی عەزیز بەگیان دەکرد، دیارە شەڕەکە کۆڵان بە کۆڵان و تەن بە تەن و ماڵ بە ماڵ بووە و هێزەکە پێکدا هەڵپژاون و دەرگای جەهەنمی شەڕ خراوەتە سەر پشت.

لە سـەرەتادا هێـزەکەی عەزیـز بەگ بەتەمـای ئەوە نەبـوون کە دوژمـن بەو دڵـڕەقیە پەلامـار بـدا، هەر بـۆیە بەپەلە دەسـتیان لـێ کـردنەوە و شـەڕی دەسـتەویەخە گەرمتـر بـوو، دوژمـن لە هەنـدێک کـۆڵان و کـوچەی حـاجی حانـدا ڕێگایـان دەرنەئەبـرد و تـێ ئەگـلان، جـڵەوی ئەسپسـوار تێـک دەئـاڵان و سـەدای تێخـوڕین بەکـوردی و تورکمـانی بەرز دەبۆوە، شـیوەکەی لای پیرمەسـوور وەک سـەحرای مەحشـەری لێ هـاتبوو لە زۆری کوژراوان، سـالم هێند ئەندازەیی و وردەکارییـانە باسـی کـۆڵان و کـووچە و سـەرکۆڵانی حـاجی حـان دەکـات و هەنگـاو بە هەنگـاو مـاجەرای شـەڕەکەمان پـێ دەناسـێنێت وەک خۆی لە گەرمەی شەڕەکەدا بوبێت.

لە گەرمەی شـەڕەکەدا فیـرقەیەک لای پیرمەسـوورەوە هێرشـیان هێنـا و هەنـدێکی تـریش لە نیـوەی کۆڵانەکـانی حـاجی حـانەوە، دیـارە ئەمە بەڵگەی نابەرامبەری شەڕکەرانە.

**سەر بلوكیان خاڵەكەی هەورامی بوو و قاڵەی شەریف**
**هەم ڕەفیقیان بوو (عزیز)ە حیزەكەی (چووچانیان)**
**پێشی دەمیان ئۆغلەمەی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە**
**گەییە چەرخی هەفتەمین لەو حینەدا ئاه و فیغان**
**گوێی فەلەک كەڕبوو لەبەر ناڵە و نەفیری ئەهلی شار**
**لامەكانی گرت صەدای ناڵەو فیغان و (الأمان)**

سالم دیمەنی دواكاتە تراژیدییەكانی شەڕمان پێشان دەدا و خەم و پەژارە و فرمێسكێكی زۆرمان بۆ هەڵدەڕێژێ، جەنگاوەرانی دەستوپێ پەڕیو لە كۆڵانەكانی حاجی حان و پیرمەسووردا دەناڵێنن، پاڵەوانانی جەنگ، بەشێكیان شەهید، بەشێكیان دیلكراو، بەشێكیان ڕایكردووە، شار كەوتۆتە ژێر نیڵەی پەلاماری توركی داگیركەرەوە، چرای میرنشینەكە پرتە پرتیەتی و لە كوژانەوەدایە، خەڵكەكە بێ نەواو دڵپڕ لە خەمن و چاوەڕێی تاڵان و برۆن، چاوەڕێی ڕەشبگیر و بێ سەروشوێنكردنن، شاری سلێمانی لەو ڕۆژەدا وەک حوسەینی كوڕی ئیمام عەلی بێكەس و شەهیدە، وەک كەربەلا شەلاڵی خوێنە، میر و سوارچاک و پیاوماقووڵان سەركز و پەشموردە و ئاوارەن، من لێ دەگەڕێم با سالم خۆی دەردی دڵی خۆی بكات، پریاسكەكانی دڵە غەمبارەكەی بكاتەوە وانەی مێژوویەكی لە خوێن هەڵكێشراومان بۆ بگێڕێتەوە.

**ڕۆژی قەتل ئەمڕۆیە، ئەلحەق (واحوسەین)ی پێ دەوێ**
**بۆ ئەدای قە ضیە سەراسەر نیلگوونە ئاسمان**
**یادگاری حاكمان و جانشینی سیلسیلە**
**نامو‌راد و نەورەس و مە قصە د نەدیوو و نەوجەوان**
**سافەلەک! كەیخەسرەوی خوێن سیاوەش گوم مەكە**
**ڕۆستەمی پانی (عەزیز)ە و موددەعی تۆرانیان**

**گولله وەک تەرزە دەبارێ، ئەهلی لەشکر کەوتنە باڵ**
**بەعزێ کوژران، جوملەتێ گیران و چەندێ ڕووت کران**
**ئەم لە غەمدا هاتە جۆش، ئەو سێرو ئەمیان بوغەنی**
**سەگ لەلاک، عەسکەر لەماڵ و دڵ لەتیغی قاتیلان**
**شێری بێشەی مولکی بابان بوو (عەزیز) ئەمما درێغ!**
**وەک گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان**

چاوی کامێرای سالم هەر بەتەنیا بەند نەبووە بە تیشکخستنە سەر لایەنێکی یان سوچێکی شەڕەکەوە و ئەوەی بەدڵی نەبوبێت لای بردبێت، بەڵکوو زۆر هونەرمەندانە پانۆرامای تەواوی مەشهەدەکەی نمایش کردووە بە سەرکەوتن و شکستەوە، ئازایەتی و ترسنۆکییەوە، خۆشی و نا خۆشیەوە، تەنانەت زۆر جار دیمەنی کۆمیدی ئاسای لەگەرمەی شەڕ و پێکدادانەکاندا پیشان داوین.

یەکێک لە قارەمانانی شەڕەکە کە میری سورداشە خۆی و ئەمینەی پیاوی شەهید کراون بە دەستی داگیرکەر، سالم داوا لە عەشرەت دەکات کە با تا لە ژیاندان فرمێسکیان بۆ بڕێژن و شەپۆڕیان بۆ بکەن، لەم چرکەساتە خەمناکەدا چەرخی چەپگەردی ڕۆژگار فوی لە بەختی مۆمی بابانەکان کردووە و کوژاندویەتییەوە، سالم ئەو ڕۆژە ڕەشەی لێک چواندووە بە ڕۆژی شەهیدکردنی حوسەینی عەلی ئەبوتالیب لە دووڕووەوە، یەکێکیان بەرگری لە حەق و خەڵک و نیشتیمان دژی داگیرکەر و زاڵم کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مافێکی خۆڕسک و شەرعی هەموو میللەتێکە، دووەمیان مەزلومیەتی کوردە کە تورک لە ماڵی خۆیدا هاتۆتەسەری و قەتڵوعامی دەکات و پشتوپەنایەکی نییە لەم دنیایەدا، میری سورداشیش وەک سالم دەڵێت لە بنەچەی بابانەکانە و لاوێکی ئازا و بەهەڵمەت و خێرلەخۆنەدیوو بوو، بە ئاواتی دنیا شاد نەبوو، وە لە بەهاری تەمەنیا سەری بە مەردی نایەوە، دیارە سالم ئەم میرە و حەزرەتی حوسەینی چوون

یەک نەخشـــاندووە، چ وەک تەمەن و خێـــر لەخـــۆنەبینین، چ وەک بـــنەچەی نەجـــابەت و جەوانـــمەردی، چ وەک عەدالەتـــی کێشـــەکەی هەردووکیـان، سـالم لەم دۆخە مـۆلەقەییە پـڕلەخەم و تـاریکییەدا، لەم چرکەساتە خەتەرناکەدا، هانا دەباتەبەر عەزیز بەگ بۆ تۆڵەسەندن، بۆ هەڵمەتـی بەزەبـر و کوشـندە لە داگیـرکەر و ئاوڕێـک لە مێـژووی هاوشـــێوە دەداتەوە و دەڵێـــت، هەر وەک چـــۆن ڕۆســـتەم خـــوێنی سیاوەشـی سـەند و تـۆڵەی کـردەوە، دەبێت عەزیـز بەگیش ڕۆسـتەم ئاسا نەهێڵێت ئەم خوێنەی میری سورداش وشک بێتەوە و هەڵمەت بەرێ، مەخـابن لە گەرمەی شـەڕدا لەم ئـان و سـاتەدا میرێکـی تـری بابـان کە قـادر بەگە ئەویـش بەدیـل دەگیـرێ و کـۆت و کەلەپـچە دەکرێت، دیارە لە وەها دۆخێکی حەماسەتئامێزدا شەڕ گەرمتر دەبێت، گـولله وەک تەرزە دەبارێـت، مـردن و خـوێن بـاڵی کێشـاوە بەسـەر مەیدانی شـەڕ و سلێمانیدا، سـوپای داگیـرکەر بـاڵی لـێ پەیـدا بـووە، سـوارەکانیان قاچیـان لە ئـاوزەنگی ئەسـپەکانیاندا لە ترسـا خـۆی ناگرێت، دەسـیان قـوورس بـووە و بـواری ڕاوەشـاندنی سسـت بـووە، هەڵمەت و هێرشـی سـوپاکەی عەزیـز بەگ بـۆ تـۆڵە و زەبروەشـاندن سـەربازە تورکەکانی خزاندۆتە نێو چەپەرێکەوە و ئـابلۆقەی داون و سەریان لێ شێواوە، بەشێکیان کوژراون، بەشێکی تـر دیـل کـراون و بەشێکی تریان ڕووت کراونەتەوە، سەگ لە کەلاکی کوژراو تێر بووە، عەسکەر لە تالان و بڕۆ دەوڵەمەند بووە، دڵی خەڵکە بەشـمەینەتەکەی شاریش لە داخی داگیرکەر و ستەمەکانیان قوڵپ ئەدا و نـازانن سـەر بەکوێـووە بنـێن، سـالم لە نمایشـکردنی ئەم دیـمەنە جۆربەجـۆرانەدا وەک پەیـــامنێرێکی بەرەی جەنـــگ ســـەرکەوتوو دەردەکەوێـــت، بە نەفەسێکی درامی زاڵ بەسەر مەشهەدەکاندا دیمەنی ترسناکی ئەوتۆی بـۆ کێشـاوین، وەک ئەوەی خۆمـان جەنگـاوەر بـین و شـەڕەکە چـێ بکەین و دەستمان لەسەر دڵمان بێت، دیمەنە ترسناکەکانی ئەم شـەڕە هیچـی کەم نییە لە دیمەنـی پێکدادانەکانی نێو شـانامەی فیردەوسـی،

ئەوەی کە لێــــرەدا دەیبیـــــنم، ئەو تـــــابلۆیەم بیـــــر دەخـــــاتەوە کە هونەرمەندێکی ئێرانی وێنەی شـەڕی چاڵدێرانی (١٥١٤) کێشاوە و لە کڵێسەیەک لە ئێراندا نمایش کراوە و وێنەگرتنی ئەو تابلۆ گەورەیەش قەدەغەیە.

سالم هەر بەتەنیا وێنەی لایەن و توخمە مادییەکانی شـەڕەکەی نەکێشـــاوە بە پێکهـــاتە مرۆیـــی و ئامرازەکـــانی شـــەڕەوە، بەڵکـــوو شـۆڕبۆتەوە بەنێو قووڵاییەکانی ڕۆحدا، وێنەی هەست و نەست و خەم و ئازایەتی و دڵە گورپە و ترس و سۆز و هەڵچوون و هەموو ختورەکـــانی ڕۆح و دەروون بکێشـــێ و بەرجەســـتە بکـــات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی شاعیرییەتێکی باڵا و توانایەکی لەبن نەهاتووە، ئەگەر فارسەکان لەمەڕ شانامە و یۆنانییەکان لەمەڕ ئەلیازە شانازی بە فیردەوسی و هۆمیرۆسەوە بکەن، دەشێت کوردیش شانازی نەک بەتەنیا و هەر لەم بوارەدا بەسالمەوە بکات، بەڵکوو بەو بەیتە داستان ئاســـایانەوەش بکـــات کە باســـی شـــەڕەکانی قەڵای دمـــدم دەکەن، بە هەموو تراژیدییەکانیەوە.

ئەو نەفەســـە درامـــیەی کە ســـالم لە چـــامەکەدا نەخشـــاندویێتی بەرجەستەی ڕۆحی مێژووی زەمین و زەمانێکی تایبەتە، تۆمارکردنی قۆنـــاغێکی مێـــژووی شـــاری ســـلێمانییە، گەیانـــدنی دیمەنەکـــانی ڕووداوگەلـێکە بە خـوێنەر کە ئەهمیەتێکـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و نەتەوەیـــی خـــۆی هەیە، ئەو ڕۆحە داســـتان ئاســـایەی کە چـــامەکە نەخشاندویێتی ئەڵقەیەکی گرنگ و خەتەرناکی مێژووی میللەتەکەمان بەرجەسـتە دەکـات، گیـانی بەزەیـی و سـۆز بـۆ دانیشـتوانی سـلێمانی دەبزوێنێ، هەستی حەماسەت ئامێز بۆ ئازایەتی و پاڵەوانێتی عەزیز بەگ و جەنگاورەکـــانی لە دڵ و دەروونـــدا بەرجەســـتە دەکـــات، هەڵوێستی جانەوەرانە و زاڵمانەی داگیرکەرە تورکەکان پیشان دەدات کە چـۆن بە نـاوی ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامەوە شـەرعیەتیان داوە بەخۆیان کە قەتلوعامی دانیشتوانی سلێمانی بکەن، هەر لەبەر ئەوەی

کە کوردن و ستەم قبووڵ ناکەن و داوای سەربەخۆی و ڕزگار بوون دەکەن.

سالم لە کۆتاییدا بەشێک لە شکستەکە لەسەر عەزیز بەگ لا دەبا و دەیخاتە سەر قەومەکەی، کە یەکڕیز و یەکدڵ نەبوون، هەر بەدوای لەناوچونی میرنشینەکەدا، سالم بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە فاتیحا لەسەر کڵکۆی بێ نازی میرنشینەکە دەخوێنێ و خواحافیزی لێ دەکات:

**الوداع ئەی موڵکی بابان الوداع**
**الوداع ئەی جایی جانان الوداع**
**ئەشکی دیدەم ڕنگی گوڵناری هەیە**
**الوداع ئەی ناری پوستان الوداع**

سالم سەری خۆی هەڵدەگرێ و نازانێت ڕوو بەکوێوە بنێت، بۆ هەرلا مل بنێت هەر داگیرکەر و هۆکاری شکستەکەیە، بە ناچاری جارێک دەڕوات بۆ ئێران و جارێک بۆ حللە و بە ئامان و زەمان ڕۆحی داناکاسێ، لێرەدا بەیتە شیعرێکی موتەنەبیم دێتەوە بیرکە دەڵێت:

**ومن نكد الدنيا على الحر أن يرى**
**عدوا ما من صداقته بد**

واتە یەکێک لە نەگبەتێکانی دنیا بۆ پیاوی ئازاد ئەوەیە کە ناچاربیت هاوڕێیەتی دوژمنکەت بکەیت و لەگەڵیشیا بژیت، دیارە مەبەست لە ئێران و عێراق و تورکیایە.

سالم و کوردیش بەجووتە بەشێک لە سەبەبکاری شکستەکە دەست نیشان دەکەن و شفت و شۆیان لێ دەبڕن و دەیانکەنە پەنی زەمانە:

**تابەکەی دەبنە فتیلە و ژێلەمۆی بن کای وڵات**
**سوودی ئەغیار و زیانی خۆیە، خۆ تەفرەو بەڵێن**
**جووتە مام و برازا شیر لەیەکدی ساو دەدەن**
**جارێ دەرباری (ئەمان) و گا لەوێ باری لەمین**

واتە مام و برازا خوێنی یەکدی حەڵاڵ دەکەن، مەبەستی لە میرەکانی بابانە، یەکێکیان پیاوی ئێرانە، واتە مەبەستی لە (ئەمان اللە) خانی ئەردەڵانی و ئەوی دیش پیاوی تورکەکانە، سالم میرەکانی بابان بە ئاگری بن کا و فتیلە هەژمار دەکات، چونکە ئاگر لە میرنشینەکە بەردەدەن و وڵات کاول دەکەن، ئاکاری ئەم میرە خۆ خۆر و ناحاڵیانە هەمیشە لە سوودی داگیرکەر و زیانی کوردەواری بووە، لە شوێنێکی دیدا تانە لە عبداللە پاشای بابان دەدا کەهەر جارەی پیاوی لایەک بووە و دەسکێشی بێگانەی کردووە:

**لە جێگەی شێر کرۆژان و دلێرانی بەبەی دوێنێ**
**(شوغاڵ) سەردارە، ئەمما گورگ بەدوو گوێیدا دەلورێنێ**

پاڵەوانی نمونەیی یان جەنگاوەری نەتەوەیی، لە هەلومەرجی ئەرێنی لەباردا سەردەردێنێ، ئەو هەلومەرجانە هەندێکیان پەیوەندییان بەخودی جەستە و دەست و بازوئیمان و بوێری جەنگاوەرەکەوە هەیە، وەک توخمێکی فیزیکی، کە لە شەڕی سەردەمە دێرینەکاندا باشتر دەردەکەوێت، وەک هەرقل و سپارتاکوس و هانیپاڵ و ڕۆستەم، ئەمە جگە لەوەی کە ئەرکی چینایەتی و ئینسانی

سپارتاکوس بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی ئێجگار مەزن بووە، هەندێکی تر پەیوەندیی بەو کێشەو پرسەوە هەیە کە لە پێناویا دەجەنگێت، یەکێکی وەک جیڤارا بۆتە جەنگاوەرێکی جیهانی، جگە لە ئازایەتیەکەی، ڕەفزکردنی سامان و دەسەڵات بووە، ئەو نەیویست وڵاتەکەی کۆڵۆن بێت و خۆیشی لە خۆشترین ژیاندا بێت، لە ئەلیازەی هومیروس و ئەنیازەی فرجیلدا، کۆمەڵێک پاڵەوانی نەتەوەیی وەک ئەخیل و ئەجامەمنون و هیکتۆر دەردەکەون، لە ئودیسادا یۆلسیس وەک پاڵەوانی نەتەوەیی و نموونەیی بەرچاو دەکەوێت، هۆمیروس شاعیری گەورەی یۆنان بەشان و باڵی ئەمانەدا هەڵئەدا و ئەیانکاتە ڕەمز و کاریزمای یۆنانێکان، لە شانامەدا فیردەوسی ڕۆستەم و گەلێکی دی دەباتە ئاسمان، بەناوبانگبوونی ئەمانە پەیوەندیی بە گەورەیی نەتەوە و سوپاکانیانەوە هەیە، کە نەخشەی جوگرافیای دنیایان گۆڕیووە، ئەمە جگە لە داهێنانی فیردەوسی و هۆمیرۆس کە دوو شاعیری گەورەی جیهانی سەردەمی خۆیان بوون، عەرەبەکان لە سەردەمی ئیسلامدا، خالیدی کوری وەلیدیان کردە پاڵەوانی عەرەب و ئیسلام، دەمەوێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە بوونی شاعیر بۆ ئەو مەبەستە یەکێکە لە زەرورەتەکان، موتەنەبیی (سيف الدولة الحمداني) کردۆتە پاڵەوانێکی ئیسلامی نەتەوەیی و ئەو شەڕانەی کە لەگەڵ ڕۆمەکاندا ئەنجامی داوە کردۆێتییە داستان و چامەی دوورودرێژی بۆ هۆنیونەتەوە وەک چامەی:

**على قدر أهل العزم تأتي عرائم**
**وتأتي على قدر الكرام المكارم**

ئەبو تەمام خەلیفە (معتصم)ی کردۆتە پاڵەوانی عەرەب و ئیسلام، لە کاتی گرتنی شاری (عەموریەدا)، دوای ئەوەی کە ژنێک زوڵمی لێکراو هاواری کرد (وامعتصماه!) ئەویش بە سوپایەکی قەبەوە

ڕووەو عمورية ڕۆشت و داگیری کرد ئەبو تەمام بۆ باسی ئەم شەڕە جوانترین چامەی هۆنیوەتەوە:

**السيف أصدق أنباء من الكتب    في حده الحد بين جد واللعب**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕێگای نەداوە، پاڵەوانی نەتەوەیی بە چەمکە فراوانەکەیەوە لە نێو کورددا سەردەربێنێ، ئەوەیە کە ڕاپەرین و شۆڕشەکانمان دژی داگیرکەران بەکۆ نەبووە، هەر جارە و لە پارچەیەکی کوردستانەوە، ڕاپەرینێ یان شۆڕشێکی لۆکاڵی و ناوچەیی کراوە بە قەبارەیەکی بچووک و هەندێک داواکاری کەمەوە، ئەمە جگە لە هەستنەکردنی یان پشتگوێخستنی شاعیر و ڕووناکبیرەکان بە دروستکردنی ڕەمزی جەنگاوەرێکی نەتەوەیی، تا ئێستا لە نێو هەرچوار پارچەکەدا کاوە وەک ڕمزێکی ئەفسانەیی نمایش کراوە، قازی محمد و شێخ محموودیش لەبەر کۆمەڵێک هۆی خودی و بابەتی بە پاڵەوانی نەتەوەیی ناسراون، بۆ شێخ محمود هەندێک شیعر نوسراوە، بەڵام دوای لە دنیا دەرچوونەکەی لە بابەتی شیوەندا، حەمەصالح دیلان و شێخ نوری شێخ صالح و بێخود و حاجی تۆفیقی بەنگینە، ئەمە جگە لە شانۆنامە بەبایەخەکەی شێرکۆ بێکەس کە باس لە شەڕەکەی دەربەندی بازیان و دیلکردنی شیخ محموود بە برینداری دەکات، هەروەها لاوکەکەی کاویس ئاغاش کە بۆ شیخ محموودی گوتوە پڕە لە گیانی حەماسەت ئامێز و پێویستی میللەتی کورد بەسەرکردەیەکی لەوجۆرە.

بائەوەشم لەیاد نەچێت کە لە سەردەمی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا و ئەنتەرنێت و زانستە سەربازێکاندا، پاڵەوانی نەتەوەیی و نیشتیمانی کەم دەبێتەوە، یان هەر بزر دەبێت، چونکە ئامێرەکانی جەنگ ڕۆڵ دەبینین و ئەهەمیەتی تاک پاشەکشە دەکات واتە دەست نان بەدوگمەی ئاڕاستەکردنی ڕۆکێتێکدا هیچ ئازایەتییەکی تیا نییە، هەر

لەم هەلومەرجی پێشکەوتنی زانستەدا دیاردەی سەربازی نەناسراو دێتە گۆڕێ و ئیتر چ سەرکەوتن یان دۆڕاندن بەر هەموو دەکەوێت، بەدرێژایی دەیان ساڵ شەڕی ڤێتنامییەکان لەگەڵ فەڕەنسا و ئەمریکادا، جەنراڵ جەیابێک دەردەکەوێت کە چۆن لە شەڕی دان بیان ڤۆدا فەڕەنسییەکانی تێک شکاند، بەدرێژای شەڕی جیهانی دووەم ڕۆمڵ و مۆنتگۆمری و ژوکوف دەردەکەون. لای فلیپینێکانیش (لاپۆ لاپۆ) کراوە بە پاڵەوانی نەتەوەیی، چونکە بە تەورەکەی دەستی ماجەلانی کوشتووە، جگە لەمەش کورد وەک ئەو نەتەوانە شانامە و ئەلیازەی نەبووە، هەتا بەشان و باڵی خەڵکا هەڵدات و پاڵەوان چێ بکات، لای ئێمەی کورد جەنگاوەری پاڵەوان و ئازامان هەیە کە ڕۆڵیان هەبووە لە شەڕی ڕزگاری میللەتەکەماندا و شەهیدیش بوون، بەڵام بەداخەوە شاعیرەکانمان نمایشیان نەکردوون و بە نەناسراوی ماونەتەوە، جەنگاوەرێکی وەک مامە ڕیشە هێندەی لە نێو خەڵکا بەناوبانگ و خۆشەویستە هێندە لە نێو لاپەڕەکانی ئەدەب و شیعرا جێی خۆی نەکردۆتەوە، دەتوانم بڵێم، چەندان ئازا و جەنگاوەر و پێشمەرگەی گومناو لە گەرمەی ڕووداوەکاندا بێ ناونیشان ماونەتەوە، وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد، گەورەیی پرس و سوپا لە جوگرافیایەکی فراواندا، ڕۆڵی دیاری دەبێت لە دەستنیشانکردنی پاڵەواندا، ئەمە جگە لە بوونی شاعیری بەتوانا و حەماسەت ئامێز. بەدرێژای شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد، هەر دەڤەر و ناوچەیەک پاڵەوانی ئازا و چاونەترسی لۆکاڵی خۆی هەیە و شانازیشی پێوە دەکرێت، بەڵام ئەمانە سنووری ناوچەیەتیان نەبەزاندووە و نەبونەتە پاڵەوانی نەتەوەیی. پاڵەوانی ئەرێنی و بەناوبانگ دەبێت لە بارودۆخی نموونەییدا توانا و وزەکانی بخاتە گەڕ و لەگەڵ دەورووبەردا کارلێکی ئەرێنی بکات و بەرگری لە مافی ڕەوای میللەتەکەی بکات و لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و

عەدالەتی ئیجتیماعیدا سەر بنێتەوە، بەتەنیا ئازایەتی و سوارچاکی ناکاتە بوون بە پاڵەوانی نەتەوە.

ئەگەر سالمی ساحێبقران نەبوایە عەزیز بەگ کەس نەیدەناسی و پاڵەوانیەتێکەی ون دەبوو، ئەوە سالمی ساحێبقرانە کە ئەو پاڵەوانە لە مێژوودا بەزیندووی دەهێڵێتەوە، وەک ڕەمزێکی موقاوەمەی میللەتی کورد لە قۆناغێکی سەختدا لەونبوون ڕزگاری دەکات. سالم لەپەنای عەزیز بەگدا لاپەرەکانی ئەو مێژووەوە بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکییەوە بەزیندووی دەهێڵێتەوە، چامەکەی سالم ئەوەمان پیشان دەدات، کە شێوازی شەڕی ئەو سەردەمە چۆن بووە، چەکی جەنگاوەران کامە بووە، ئەو تۆپی دوژمنەی کە لەسەرای سلێمانییەوە گرتۆییتییە جەنگاوەرە کوردەکان لە مەڵکەندی و حاجی حان چ ڕۆڵێکی هەبووە، پێکهاتەی کۆمەڵگەی سلێمانی لەڕووی پیشەییەوە چۆن بووە، تەنانەت تیشکی خستۆتە سەر ناو و نازناوی خەڵکەکانیش، نالی و سالم و کوردی، ئەو ڕووناکبیرە نیشتیمانپەروەرانە بوون کە تا سەرئێسقان بەرگریان لە گیانی نەتەوەیی کردووە و شیعرەکانیان ئاوێنەی بالانمای سەردەمەکەیان بووە، ئەمان بانگی کوردایەتی و دژایەتی بێگانە و خۆشەویستی نیشتمانیان لە نێو مێژووی کوردا چڕیووە، نەک هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکوو وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانی (المثقف العضوي) ڕەخنەی بونیات نەرانەیشیان ئاڕاستەی دەسەڵات و کەموکوڕییەکانی کردووە و هەمیشە لەبەرەی دژە بێگانە و عەدالەتخوازیدا بوون.

ئەگەر ئەمان نەبوونایە بەو شێوە ڕاستەوخۆ و ڕوونە، جانەوەری و زوڵم و زۆری داگیرکەرە تورکەکانمان نەدەزانی و بەشێکی زۆری ئەو مێژووەش لە تاریکیدا دەمایەوە، دیارە ئەمانە لە بواری هۆشیاری و دەستنیشانکردنی هەلومەرجەکاندا زۆر پێش سەردەمەکەیان کەوتوون و هەر ئەمەشە کە تووشی جۆرێک، لە نامۆبوونی کردوون، لە نێو ئەو کۆمەڵگە ناحاڵی و هەژار و نەخوێندەوارەدا، دیاردەی ئەو

نامۆبوونەش لە نێو دیوانەکانیانەوە بەڕوونی خۆی دەنوێنێت. ئەوەی کە جێی خۆشحاڵیمە ئەم سێ کوچکەیە هەرگیز بەدەوروخولی میر و دەوڵەمەند و دەستڕۆشتوەکاندا نەچوون و دیاردەی شاعیری دەربار و بێگانەخواز لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئێجگار دەگمەنە، یەکێکی وەک نالی لەجیاتی ستایشی میر، ستایشی سەربازەکانی ئەخمەد پاشای بابان دەکات.

**ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصصەي شاهن**
**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپا هن**

نالی ئەم سەربازانە بەڕەمزی بەرگریکەر لە سەربەخۆیی میرنشینەکە دەناسێنێت، سالم هێرشی زۆر توند و کەمەرشکێن دەکاتە سەر عەبدالله پاشای بابان چونکە پێیەکی دڵ و هەڵوێستی لە ئێران و ئەوی دیش لە ئیستەنبووڵە! سێ کوچکەی بابان ئەوەیان زانیووە، کە میر و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار لە دواکاتدا دەبنە ژێر دەست و پێی ڕووداوەکانەوە و حەقیقەتی تاقیکردنەوەکانی مێژوو بەپێی لەقەیەک دووریان دەخاتەوە لەنەمری و پیرۆزی. لە نێو ئەو مێژووە بەربڵاوەی ئینگلتەرەدا لە نێو ئەو هەموو لۆرد و سیاسەتوان و میر و کەسایەتیانەدا، ئێمە هەر شکسپیر دەناسین! شاعیری نابینا (ملتۆن) دەناسین کە بە گۆچانێکەوە پێش جەنگاوەرانی وڵاتەکەی کەوت بۆ بەرگری و مقاوەمەت، مێژووی ڕاستەقینە نەک دەوڵەمەند و خاوەن سامانە قەبە و دزەکان پشتگوێ دەخات، بەڵکوو دەیانکاتە پەندی زەمانە، ئەگەر سالمێکی دی لەم سەروبەندەدا گوزەرێک بە کوردستانی باشووردا بکات، دەبێ چی بڵێت؟

# چارەنووسی عەزیز بەگ

شەڕی عەزیز بەگ لەگەڵ سوپاکەی ئیسماعیل پاشای ڕۆمیدا واتە (تورکەکان) بوو کە نامیق پاشا والی بەغدا کردیە سەر سلێمانی، چونکە میرنشینەکە لە گیانەڵادا بوو، دوای سەرکەوتنی ئیسماعیل پاشا، عەبدوڵاپاشای بابان هێند بچوک و ڕسوا کرا، کە بە پلە و پۆستی قایمقام ڕازی بوو! وە میرنشینەکەش لە ساڵی (١٨٥٠)دا کۆتایی پێهێنرا، تا ئێستا بۆمان ساغنەبۆتەوە، دوای شکستی شەڕەکە چارەنووسی عەزیز بەگی جوامێر و ئازا و نیشتیمانپەروەر چی لێ هاتووە و بە چی گەیشتووە، مرۆڤی وەکوو ئەم لای میللەتە بەئەمەک و خودا پێداوەکان پەیکەری بۆ دەکرێت، دەلاوێنرێتەوە و جێگای شایستەی خۆی لە مێژووی نەتەوەدا دیاری دەکرێت، بەلایەنی کەمەوە یەکەی سەربازی (فوج، لیوا... هتد) بەناوەوە دەنرێت، ئاخر ئەگەر سالمی ساحێبقران نەبوایە، ئەمیش وەک سەدان جەنگاوەری قارەمان گومناو دەبوو.

سەبارەت بە چارەنوسی عەزیز بەگ، دوای ئەوەی کە لە شەڕەکەدا شکستی هێنا و سوپاکەی تارومار کرا بیروڕای جیاواز هەیە، دیارە کۆمەڵێک هۆکار وەک لە چامەکەدا هێمای بۆ کراوە شکستیان بە هێزەکە هێناوە، هەر چەندە لە سەرەتای شەڕەکەدا سوپاکەی عەزیز بەگ لە سەرکەوتن و بردنەوەی شەڕەکەدا بوون، هۆکارە دیارەکانی شکستەکە، خیانەتی ناوخۆی هێزەکە، کەمی ژمارەی جەنگاوەرە کوردەکان بەرێژەی هێزە داگیرکەرەکەی تورکەکان، دڵسافی بەشێک لە جەنگاوەرەکان کە بە پیلانی (کەهیە) هەندێکیان هەڵخەڵەتێنران و پاشەکشەیان کرد، بەتایبەتی سەربازەکانی ئەحمەد پاشا، کە دوودڵبوون لە هاوبەشیکردنی

شــەڕەکە، ئەمە جــگە لە جــۆری چەک و ئــازوقە، دیــارە هێــزەکەی ئیســماعیل پاشــا وەک ســالم دەڵێــت تــۆپی زۆریــان بەکــار هێنــا و سلێمانیش کرایە پێ خوسی شەڕەکە.

بەشــێک لە مێژوونووســان دەڵــێن مەیــدانی شــەڕەکە گەڕەکــی مەڵکەنـدی و حـاجی حـان بـووە، هەنـدێکی کە دەڵـێن چواربـاخ بـووە، دەشـێت شـەڕەکە هەردوو شـوێنەکەی گـرتبێتەوە و فـراوان بوبێـت، چونکە سلێمانی ئەوکات بچوک بوە، بەڵام گەرمەی شـەڕەکە وەک لە بەیتەکاندا دەردەکەوێت لە مەڵکەندی و حاجی حان بووە.

سالم وەسفی دڵساردی و پاشەکشـەی بەشێک لە جەنگاوەرەکان دەکات:

**دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەوبیدعەتە**
**حەسرەتا یەک دڵ نەگەینە شیوەکەی (گردی گوڵان)**
**مەیلی لانیان بوو وەکوو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە**
**دەرنەچون، چابوو بە حەملەی دێڵە (کەهیا) کەوڵ کران**
**بەختی سوتێ، سا لەڕێی حەق، حەق، حەقی لێوەرگرێ**
**بەد نمەک گیری نمەک بێ وەک ئەوان دایان بەمان**
**بۆمەداری نان عەشیرەت، قەت مەدارێکی نەبوو**
**ئاشەکەی تەبعی بە ئاوی کەیدی ڕۆمێ هاتەدان**

ســەبارەت بە چارەنوســی عەزیــز بەگ دوای شــەڕەکە هەنــدێک دەڵێن:

١. هەر چەنـدە عەزیـز بەگـی بابـان ملـی بـۆ ئەم بـارودۆخە نـوێیە نەدابوو وە

بەرهەڵســـتییەکی شـــێرانەی کـــرد لەگەڵ نیشـــتیمانپەروەر و دڵسـۆزەکانی تـری سـلێمانی، بەڵام لە ئەنجامـدا ئەویـش هیچـی پـێ نەکـراو شـەهید کـرا، هەنـدێکی تـر دەڵـێن (لەم هەرایەدا عەزیـز بەگ دەربەدەر بووە و چووە بۆ زەهاو و لەوێوە بۆ ناو عەرەبەکان).

٢. هەندێکی تر دەڵێن (عەزیز بەگ ماوەیەک بەسەرگەردانی لە خاکی

ئێران و عوسمانیدا دەژیا، پاش ئەوەی لە هیچ لایەکەوە ڕووناکی نەدی، دیسان پەنای بۆ دەوڵەتی عوسمانی بردەوە و بەتەنیایی ڕێگای قوستەنتەنیەی گرتەبەر، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی ئاگادار بوون لە هاتنی، لە شارێک دایان ناو مانگانەیەکیان بۆ بڕییەوە).

بەهەر حاڵ! مەرج نییە هەمیشە ئەنجامی شەڕ دەستنیشانی ئازایەتی و جوامێری یان ترسنۆکی و بێورەیی شەڕکەرەکان بکات، جار بووە ئازاترین پێشمەرگە بە دەستی ترسنۆکترین و ڕیسواترین بەکرێگیراو شەهید کراوە، شێخ مەحمود لە سەنگەری موقاوەمەتدا بە برینداری لە پەنای بەردەقارەماندا بە چاوساغیی ناپاکێک دەستگیر کرا، لە قەڵای دمدمدا دەیان کەس شەهید و بریندار و بێ سەروشوێن کران. هەر چەندە لە شەڕەکەشدا سەرکەوتن بەواتا جەستەیی و مادی و سەربازییەکەی لە لایەن بەرگریکارانی قەڵاکە بەدەست نەهات، بەڵام پیرۆزترین و ئازاترین لاپەڕەیان لە مێژووی کوردا تۆمار کرد.

دیارە عەزیز بەگیش لەم شەڕەدا هەر چەندە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام بۆتە سومبلی ئازایەتی و قارەمانێتی و لەپێناوی پارێزگاری لە شاری سلێمانی و خەڵکەکەی، لە پێناوی پاراستنی میرنشینەکەی بابان بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە خوێنی ڕژا.

ئەوەتا شێخ سەلامی عازەبانی دەڵێت:

**سەر لەخاک بێنە دەر تاکەی ئەسیری خاک ئەبیت**
**ئەی عەزیز بەگ شۆڕەسواری گەورەی قەومی بەبان**
**وەک هەڵۆهەڵمەت بەرە بۆ دوژمنی ڕێوی سیفەت**

**چەشنی کەوباڕە لەعاستی هەڵمەتت شێری ژیان**
**تۆ لە ئێمە عاجزی ئەی گیان شیرینی عەزیز**
**ڕاپەڕە قوربانی تۆ بێت کوردی سۆران و بەبان**

سالمیش لە چامەیەکی تردا دەڵێت:

**لە دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگی گەرنمایان بێت**
**لە ناو ئۆردویی تورکانا دەبێ شین و سەدا پەیدا**
**(عەزیزە) وا لە ناو چاهە، خوداوەندا نەجاتی دە**
**لە چیهرەی ئەو بکا یەعقوب، دڵی شێوەی سەفا پەیدا**

ئـازایەتی جەنگـاوەر ئەگەر هەر زۆر بـاڵاش بێـت، بەڵام ئەگەر لە پێنـاوی ئـازادی و عەدالەت و مەسـەلە نەتەوەیـی و ئینسـانییەکاندا نەبێت، ئەگەر لە پێناوی بەرگری لە خەڵک و مافە خوراوەکانیا نەبێت هـیچ ئەرزشـی نیـیە و بەهەوا دەڕوا و لاپەڕەکـانی مێـژوو و ژیـان پشـتگوێی دەخـات، هەر ئەمەشـە وای لە سـالمی سـاحێبقران کـردووە، کە ئـاواتی شـارێک و خەڵـکەکەی دەبەسـتێتەوە بە هەڵمەتەکـانی، بە ئـازایەتی و کـۆنەکردنی عەزیـز بەگ لە داگیـرکەرە شـەرمەزار و بـێ ئابڕووەکان.

# چارەنوسی میرنشینی بابانەکان

ناکرێت شکستی بابانەکان لە درێژەدان بە تەمەنی میرنشینەکەیاندا بەتەنیا بخرێتە سەر کێشە ناوخۆییەکانی ئەو زەمین و زەمانە، وەک گەندەڵی کاربەدەستان، لاوازی بەڕێوەبردن، زیهنیەتی خۆزاڵکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات، ناکۆکی نێو میرەکانی بابان، مام و برازا، برا و برای خودی ماڵباتەکە، دیارە ئەمە دەردە کوردە و هەر لەدێر زەمانەوە پشتاوپشت لەگەڵمان هاتۆتە خوارەوە .

کۆکردنەوەی شکست یان سەرکەوتن لە تاکەکەسدا مەنهەجێکی لێکدانەوەی لاواز و بێ ئەرزشە، من وای بۆ دەچم خەدەم و حەشەم و خەڵکە نزیکەکانی سەرکردە و ڕاوێژکار و حاشیە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوبێت لە بەلاڕێدابردن و دەست لە پشتدان و بە پیرۆزکردنی هەموو جووڵەیەکی سەرکردە، نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە خودی میر و سەرۆکەکانیش ئامادەگیان تیا بووە بۆ خۆزاڵکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات و گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک تەنانەت ئەگەر خیانەتیش بێت بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتەکەیان، ئەمە جگە لە هۆکارە بابەتییەکان کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە چارەنووسی تاقیکردنەوەکاندا. لەو زەمین و زەمانەدا بابانەکان و میرنشینەکەیان لەژێر هەژمونی سەختی ئێران و تورکیادا بوون، ئێرانییەکان هەمیشە چاوی تەماعیان لەسەر میرنشینەکە بووە و گێچەڵیان پێ کردوون و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیان پیادە کردووە، زۆر جاریش لە ڕێگەی میرنشینی ئەردەڵانێکانەوە دژایەتی بابانیەکانیان کردووە بە جۆرها ڕێگە، نەک هەر ئەمانەش بە تەنیا، بەڵکوو ترسی ئەوە شیان هەبووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دوو میرنشینە تەبابن و لێک نزیک ببنەوە، دیارە تورکەکانیش هەمان ڕۆڵی تێکدەر و دوژمنانەی

ئێرانییەکانیـان پیادە کـردووە و برەویـان پـێ داوە و داهێنانیـان تیـا کردووە، بائەوەش لە بیر نەکرێت کە هەردوو لا، لە کێبڕکێدابوون بۆ دەستگرتن بەسـەر نـاوچەکەدا، ئەنجامی ئەم کێبـڕکێیە بەسـوود بینـین لەسـەر ڕێکەوتننـامەی ئەرزەڕوم سـاڵ (١٦٣٩)ز کۆتـایی هـاتووە، ئەم ڕێکەوتنەش شەرعیەتدانە بەهێز و هەژمونی هەردوو لا، واتە ئێران و تورکیا لە ناوچەکەدا، دیارە پەیمانی سـەعد ئاباد و سـەنتۆ و بەغدا و ڕێکەوتنـامەی جەزائیـریش بەتێکڕایـی بەشـێک لە ئەرکەکانیـان کـار لەسـەر هەمـان لاوازکـردن و بەهـیچ نەگەیانـدنی خواسـتی کـوردە لە هەرچـوار پـارچەکەدا و مـانەوەیەتی لە جێی خۆیـدا، جمـال بابـان لەم بۆنەیەدا نمـوونە بە قسـەیەکی لۆنگریکی خۆرهەلاتنـاس دهێنێتەوە کە گوتوویەتی:

"شوێنی جوگرافی کورد لەبەینی چەند دەوڵەتێکدا دابەش بووە، نە ئەو دەوڵەتـانەش لە نـاو خۆیانـدا یەکـن و نە بە گشـتیانیش لەگەڵ کورددا یەکن، زیاتریش لێدانی وەتەری ڕگەزپەرستی ئەمـانە و کـورد لەیەک دوور دەخـاتەوە، بە پـێچەوانەی وڵاتە پێشـکەوتووەکانەوە کە شوێنی وایان هەیە زیاتر لە بیست نەتەوەی تێدایە، بەڵام هەموو وەک بـرا دەژیـن). دیـارە بنەمـا و سـەرچاوە و مـاکی ڕەگەزپەرسـتێکە لای نەتەوەی سەردەسـتەوەیە و ئەوەی لای کـوردە کـاردانەوەیە و خۆدەربازکردنە لە چنگی داگیرکەر،

کەواتە هۆکـاری داڕمـانی میرنشـینەکە بـریتییە لەم ڕەهەنـدانە بەڕێـژەی جیاجیـا و گۆڕانکـاری لە کـاریگەری ڕەهەندەکانـدا بەپێـی زەمین و زەمان.

ڕەهەندەکان بریتین لە ناکۆکی نێوان میرەکان، مـام و بـرازا، بـرا و بـرا، بـاوک و کـوڕ، ئـامۆزا و ئـامۆزا ئامـادەگی ئەمـانەش لە هەمـوو کاتێکـدا بـۆ دەسـت یەکەلاوکـردن لەگەڵ دوژمـن، گەنـدەڵی ئیـداری، زیهنیەتـی قـۆرخکردنی دەسـەلات، زوڵـم و چەوسـاندنەوەی خەڵـک و

هەژارکردنیان، سەرلەقاندنی ڕاویژکار و خەدەم و حەشەم و بنەماڵە بۆ کارەکانی دەسەلاتداران، هەژموونی ئێران و تورکیا بۆ سەر میرنشینەکە و تەماعکردن لە دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە، دیارە ئەم ڕەهەندانە هەریەکە و بە قەبارەی خۆی پاچکاری کردووە لە ڕووخانی میرنشینەکە بەتایبەت هەژموونی داگیرکەر و پیلانە دوژمنکاری و ستەمگەرانەکەیان، ئەمە جگە لە هەڵنەکەوتنی سەرکردەی مێژوویی کە جێ دەستی دیار بێت وەک بسمارک و گاریباڵدی کە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە یەکگرتنەوەی بەشەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا.

مەخابن هەموو ئەو ڕەهەندە نالەبارانەش تا ئێستاکە ئامادەگی تۆخ و بەرچاویان ماوە و کاڵ نەبوونەتەوە چونکە دوژمن هەمان دوژمن وەک خۆیەتی، جوگرافیا هەمان جوگرافیا، سەرانی ئێستای کوردیش هەر وەک دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا هەموو دەست تێکەڵاوکردنێک دەکەن لەگەڵ دوژمندا لە پێناو مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.

# کۆتاییەکان

هەندێک دیمەن و دیاردەی هاوشێوە و نالەبار، بەڵام بە شێوازی جیاواز لە مێژووی کورددا بەرچاو دەکەون و تەنانەت دووبارەش دەبنەوە و پێویستیان بە لەسەروەستان هەیە، چونکە زیانی گەورەیان پێ گەیاندوین، ئایا پەیوەندیی کاراکتەرە گەورە و ناودارەکانی کورد لە نێو دنیای عەرەب و تورک و فارسدا بە چ ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتووە و چۆن خۆی گونجاندوە؟

ئەم کاراکتەرانە لەپانتایی کوردستاندا توانا سیاسی و ئیداری و عیلمییەکانیان بەربەستی لەبەردەمدا دانراوە و سنووردار کراوە و نەهێڵراوە بەهرە و وزەکانیان لە وڵاتەکەی خۆیاندا بدرەوشێتەوە و بچێتە خزمەتی کۆمەڵگاکەمان، لەژێر پەردەی چەندان دەست هەڵبەست و بۆ هۆنینەوەدا، بەڵام کاتێک کە کوردستانیان بەجێ هێشتووە و چونەتە وڵاتانی دراوسێ کەسایەتێکانیان جوانتر و باڵاتر و ئاساییتر گەشەیان کردووە و بوونەتە ژمارەی دیار و بەرچاو.

یەکێکی وەک ئەحمەد پاشای بابان کەسایەتیەکی لێهاتوو قەدرگران و خاوەن توانای باڵا بووە لە ئیدارەدان و سیاسەتدا. تا لە سلێمانیدا بوو، ئەو خواستەی کە هەیبو بۆی جێبەجێ نەکراو هەر خەریکی دامرکاندنەوەی کێشە و ئاژاوە و ململانێکان بوو، تەنانەت زۆر جاریش خۆیشی بەشێک بوو لە ململانێکان، بەڵام کە کوردستانی بەجێ هێشتوو چوە ئیستەنبووڵ کەسایەتیەکەی درەوشایەوە و بووە ژمارە لە بانکی سیاسی و ئیداری دەوڵەتی عوسمانیدا، لە پێشدا بە پلەی (بەگلەربەگ) لە یەمەن دامەزرا. لە ساڵی (١٨٥٥) هەتا (١٨٦٣) کرایە والی بە پلەی وەزیر لە یەمەن، لە ساڵی (١٨٦٧)دا بوو بە والی ئەرزەڕوم، لە ساڵی (١٨٧٥)دا کرا بە والی أطنە، عەبدوڵا پاشای برا بچوکی ئەحمەد پاشا تا لە سلێمانی بوو بە فیتی ئێرانی و

عوسمانێکان هەر خەریکی ئاژاوەنانەوە بوو لە میرنشینەکە و دوژمنایەتی ئەحمەد پاشای برای دەکرد، ئەو کەسایەتییەکی بێزراو و بێگانەخواز بوو، بەڵام کاتێک کە چووە ئیستەنبووڵ کرا بە قایمقام و موتەسەریف لە چڵدر، وان، مەرعەش، بەنغازی، خەربوت.

لەوە دەچێت ئەم جووتە برایە وەک سەعدی شیرازی دەڵێت:

**گەهێ بەرتاریمی أعلی نشینم**
**گەهێ بەرپشت پای خود نەبینم**

واتە کە لە کورستاندا فەرمانڕەوا بوون وەک ئەوە وا بووە، لە (نەگبەتی کورد) پشتی پێی خۆیان نەبینی بێت! بەڵام کە چوونەتە ئیستەنبووڵ لە شانسی بێگانەدا فەزا هەرە بەرزەکانیان بینی بێت.

مەولانا خالیدی شارەزووری، لە سلێمانی لییان هەڵپێچا و ناچار کرا کە بچێتە بەغدا و لەوێندەرێ بە پێچەوانەی سلێمانی، ڕێزی زۆری لێگیراو تەکیەیەکیان بۆ کردەوە و بە ناوی (التکیة الخالدیة) و دواجار لەوێشەوە هەڵیان بڕی بۆ شام و لەوێ ئەستێرەی زانست و خواناسی و کەسایەتی بە ئاڕاستەیەک درەوشایەوە کە پتر لە (٦٠٠) خەلیفەی لە کەسایەتی دیار و بەرچاوی هەبوو لە هەرچوار پارچەکەی کوردستاندا و تا ئێستاکەش ڕێبازکەی ماوەتەوە و خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبۆتەوە بە ناوی ڕێبازی نەقشبەندییەوە.

محمد فیض الزهاوي کە لە بنەچەدا دەچێتەوە سەر فەقێ ئەحمدی دارشمانە، لە کوردستان ئەوەی دەیویست بۆی جێبەجێ نە ئەکرا، ئەویش ڕێگای بەغدای گرتەبەر و لەوێ ئەستێرەی زانست و کەسایەتێکەی بە جۆرێک درەوشایەوە کە کرایە موفتی هەموو عێراق و هەمیشە شانازیشی بە کوردایەتێکەی خۆیەوە دەکرد و لە بەغدا

بووه پشت و پەنا بۆ کورد و یارمەتی دەدان، شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت:

**ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستا نەزاوی**
**زاتێکی وەکوو موفتی ئەفەنی زەهاوی**
**مومکن نییە ئیدراکی حەقایق بەتەواوی**
**مومکین نییە ئیدراکی نەکا عەقڵی زەهاوی**

فیض الزهاوي دوای خۆی کوڕەکەی محمد سعید الزهاوي و دوای ئەویش کوڕەزاکەی أمجد الزهاوي لەبەر توانا و لێهاتووییان کرانە موفتی هەموو عێراق.

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە سەرەتادا لەبیارە تەدریسی دەکرد، ئەوەبوو ئاویان کردە ژێری و لێیان هەڵپێچا و هێنایانە هەڵەبجە، لەوێووە هەڵیان بڕی بۆ سلێمانی، لەوێشەوە بۆ کەرکوک، لەوێشەوە جارێکی دی بۆ بەغدا، لە پایتەختا لەبەر زیرەکی و لێوەشاوەیی و توانا بالاکەی کرایە موفتی هەموو عێراق و لە حەزرەتی قادریدا مایەوە تا لە دنیا دەرچوونی ئەو هەموو خزمەتە گەورەیەشی بە ئەدەب و مێژووی کورد کرد، ناوەکان ئێجگار زۆرن و ئەم چەردەیەش نموونەی خەروارێکە. ئەم کەسایەتییە سیاسی و ئیداری و زانستیانە، ئەگەر لە کوردستاندا ڕێگایان پێ بدرایە تا توانا و بەهرەکانیان بخەنە گەر بۆ خزمەتی دۆزە ڕەواکەمان باشتر نەبوو؟ سەیرە! بۆ لای خۆمان ئەم ئەستێرانە ڕاودەنرێن و تۆمەتیان بۆ ڕیز دەکرێت، بەڵام لای نەیارەکانمان سوودیان لێ دەبینرێت بۆ ولاتەکانی خۆیان و باوەشیان بۆ دەکرێتەوە تا دەبنە خەڵکی بالا و توانا و بەهرەکانیان دەگەشێتەوە و خەرمانە ئەدات و دەچێتە خزمەتی ئەو ولاتانە!

هەندێک جار نەمامێک لە خاکێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ خاکێکی تر، سەیر دەکرێت لە خاکە نوێکەدا دەگەشێتەوە و دێتە بەر، بەڵام لە کۆنەکەدا لاوازو ڕەنگ پەڕیووە، ئایا هۆکارەکە خودی نەمامەکەیە؟ یا خاک و ئاوەکەیە، یان هەردووکیانن یان هیچیان نین و دەرد و نەخۆشی لە نەمامەکەی داوە؟

قسەکە ئەوەیە، مادام ئەم نەمامە لەم خاکەدا سەر دەردێنێت دەبێت بواری بە خۆداهاتن و گەورەبوونی هەر لەم خاکەدا بۆ بڕەخسێنرێت.

ئایا ئەم دیاردە خەماوییە بەڵگەی خۆخۆری و پەرتبوون و بێگانەپەرستی و عەشیرەتگەری و بنەماڵە چێتی نییە؟ ئایا پەیوەندی بە لاوازی لە ئیدارەداندا نییە؟

وەک هیگڵ دەڵێت مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە خیانەت و چاڵ بۆ یەکتر هەڵکەندن و پاکتاوکردن و زوڵم و زۆر، هەرگیز وانە و عیبرەتیش وەرناگیرێ و ئەم دیاردانە لەگەڵ ڕەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا درێژەی دەبێت و ناوەستێت.

ئەگەر سەرنج لە دیمەنێکی تری هاوشێوە بدەین، بەڵام بەبارە پێچەوانەکەیدا، پیرەمێرد و موستەفا پاشای یا موڵکی بە نموونە.

گەڕانەوەی ئەم دووانە لە تورکیاوە بۆ کوردستان ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و بەرچاوی دی لە بوژانەوە و بە خۆداهاتنی هەست و بیری نەتەوەییما.

بەهرە خوڕ و ڕووناکبیرییە مەودا فراوانەکەی پیرەمێرد لە سلێمانیدا تەقیەوە و شۆڕشێکی لە بواری وەرگێڕان و ڕۆژنامەگەری و مێژوو و شیعر و دنیای ئەدەبدا بەرپا کرد، موستەفا پاشای یاموڵکی بە و گوڕ و تینە نەتەوەییە پاکەوە، بەو ڕۆحە بێگەرد و ماندووەوە، هەر کە لە تورکیا گەڕایەوە شێخ مەحمود کردیتە وەزیری

مه عـاریف له حکومەتەکەیـدا، جـگه لەوەش کـۆمەڵێکی زۆر ئەرکـی سیاسی و ڕوناکبیری و ئیداری بەجێهێنا و بووه ڕەمز و سـومبولێکی دیار و بەرچـاو دەتـوانم گەڕانەوەی ئەم دوو جوامێره بـۆ کوردسـتان بەتایبەت پیرەمێرد به سـەرەتای ڕینیسانسێکی ئەدەبی و ڕوونـاکبیری له قەڵەم بدەم لەو زەمین و زەمانەدا.

چەنـده مـانەوەی ئەم دووانه له تورکیـا و نەگەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتان زیـان دەبـوو له نەتەوەکەمـان، بەقەدەر ئەوەش کـۆچی کاراکتەره سیاسی و زانستی و ڕووناکبیرییەکانمان له کوردستانەوه بـۆ دەرەوەی وڵات زیـانی خـۆی داوه، دیـاره ڕەهەنـد و ئاسـتەکانی هەردوو بەری هاوکێشـەکه (هـاتوو، ڕۆیشـتو) ڕێـژەیین و مێـژووش حوکمی خۆی ئەدات.

## سەرچاوەکان


١. تأريخ الأمارة البابانية، حسين ناظم بيك، ترجمة شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس، الطبعة الأولى ٢٠٠١

٢. دیوانی سالم، لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان چاپ کراوە ١٩٧٢، چاپی دووەم.

3. شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، جمال بابان ١٩٩٨، دەزگای ئاراس.

٤. دیوانی سالم، بەرگی یەکەم، ساغ کردنەوە و لێکدانەوە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، موحەمەد مەلا کەریم، ئامادەکرنی سدیق سالْح، ٢٠١٥.

٥. دیوانی سالم، ڕێککردن و لێکدانەوە ئیسماعیل کەسنەزانی، پێداچوونەوە، کامیل کەسنەزانی.

٦. دور الفرد في التأريخ، بليخانوف.

٧. بابان لە مێژوودا و گەورەپیاوانی بابان، جمال بابان چاپی یەکەم، ٢٠١٨، چاپخانەی ئەندێشە.

٨. بەشێک لە دیوانی سالم ساغکردنەوەی، کاروان عوسمان خەیات

(ڕێبین)، پێداچونەوە و پێشەکی، د. عەبدوڵا ئاگرین،٢٠١٢، چاپی یەکەم.

٩. گۆڤاری بابان، ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١٦

١٠. مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی ١٣٧١– ١٩٥٣.

١١. دیوانی شێخ سەلام.

١٢. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی – ١٩٨٨.

١٣. گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٢،١١،١٠)، محمد مستەفا کوردی ١٩٦٩–١٩٧٠.

١٤. دياری كوردستان، ژمـاره (٧) – ١٩٢٥ – ئامـادەكردنی ڕەفيـق صالح ليكۆڵينەوەی، نەوشيروان مستەفا ئەمين، سديق صالح.
١٥. مێژووی ئەدەبی كوردی مارف خەزنەدار.

## -١٩- (*)

## (در وصف عزیز بگ بابان)

دەکا دونیایی پڕشۆڕش، بە دایم، فیتنەها پەیدا
بە نەیڕەنگ و فسوونی ئەو، لە هەر سوویێ وەغا پەیدا (١)
عەجەب ماخۆلیایێ بۆ دڵی دونیا موسەللەط بوو
لە سەودای موقتەضای طەبعی، بە موختەص، ماجەرا پەیدا (٢)
تەماشای جەوری کەن دونیا، چ ظوڵمێکی لە خوسرەو کرد
نە بۆ تاجی نیشانێ ما، نە بۆ تەختی نییا پەیدا! (٣)

(*) ئەم پارچەشیعرە لە (مان، ن، غ، کم، نم، پ، گم)دا هەیە. ئەم ناوونیشانە فارسییە هیی (مان)ـە، واتە (لە ستایشی عەزیز بەگی باباندا).

کێشی عەرووز: هەزەجی هەشتیی تەواو.

(١) شۆڕش: هەرا و ئاژاوە. فیتنەها: ئاژاوەی زۆر. نەیڕەنگ: فێڵ و جادوو. فسوون: حیلە و تەڵەکە و ساختەبازی. سوو: لا. وەغا: جەنگ.

واتە: ئەم جیهانە پڕ لە هەرا و ئاژاوەیە هەمیشە چەندین جۆر فیتنە بەرپا دەکا. بە فرووفێڵ و ساختەکاریی ئەو لە هەر لایێ شەڕێ بەرپا دەبێ.

دەکا (کم، نم): ئەکا. فسوونی ئەو (کم، نم، گم): فسوون هەردەم.

(٢) ئەم بەیتە هەر لە (مان، ن)دا هەیە.

ماخۆلیا: ماخۆلان، تێکچوونی مێشك و سەوداسەری. موسەللەط: زاڵ، باڵادەست. سەودا: خولیا، مامەڵە. موقتەضای طەبعی: ئەو خووەی کە لەگەڵ سروشتی مرۆیە. موختەص: تایبەت. ماجەرا: ڕووداو، کارەسات. یانێ ئەوەی ڕووی دا، چاك بێ یا خراپ.

واتە: چ ماخۆلانێك بەسەر دڵی دنیادا زاڵ بوو کە بە خولیای شێتانەی خۆی، ئەم هەموو کارەساتانەی بە تایبەتی هێنایە ڕووی کار؟

(٣) جەور: ستەم. کەن: بکەن. خوسرەو: هەر پادشایەکی دادپەروەر، ناوی پادشایەکی کەیانیان بووە. نییا: نەوە، بە تایبەتی کوڕەزا، مەبەست جێنشینە، بە واتای گەورەییش هاتووە.

واتە: ئێوە سەرتان سوور نەمێنێ لە ستەمی ڕۆم و داگیرکردنی خاکی بابان کە ئەمڕۆ ڕوودەدا. بڕوانە مێژوو، گەردوون هەر وەها ستەمکار بووە؛ خوسرەو بەو گەورەیی و ناودارییە کە بووی، نە

**به میثلی خوویی دڵبەرمە، دڵی دونیا لەگەڵ مەردوم**
**بە دوشمن نیعمەت و لوطف و جەفای بۆ ئاشنا پەیدا (٤)**
**خوداوەند چادری دونیای بە دوونیییەت سەراپا کرد**
**بیرون سوو سوور و ئایینە، دەروون ڕەنگی عەزا پەیدا (٥)**
**جیهان گەر ڕووبەڕووی من بێ، بە خوونڕێزی ظەفەر نابا**
**دەکەم بۆ حیرزی جان و دڵ بە چالاکی پەنا پەیدا (٦)**

نیشـانەی تاجی ما و نە نەوەیەك شوێنی بگرێتەوە! دوور نییـە مەبەسـت لـە خوسـرەو، خوسـرەوی پەرویز بێ کە لە سەرەتای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بـە دەسـتی شـێرۆیەی کـوڕی کـوژرا و ڕەچەڵەکیان بڕایەوە!

کەن دونیا (کم، نم، گم): دونیا کەن. ظوڵمێکی (غ، کم، نم، گم): قەهرێکی. کـرد (کـم، نم، گم) گرت. (نە)ی دووەم (ن): بە. هەڵەی نووسینە.

(٤) واتە: خووی دونیا لەگەڵ خەڵك وەك خووی یارمە لەگەڵیان؛ لەگەڵ دوژمنانی نەوازشـی هەیە و لەگەڵ دۆست و ئاشنا جەفا و دڵشکاندن.

دڵبەرمە (کم، نم، گم): مەعشووقە. مـەردوم (کـم، نم، گـم): خـەڵکی. دوشمـن (کـم، گـم): دوژمن. لوطف و (کم، نم، گم): لوطفی.

(٥) ئەم بەیتە هەر لـە (مان، ن)دا هەیە.

دوونییەت: پەستی و بێباری، یا دوو نییەت، واتە: دوو نیاز، دوو ئامانج. سەراپا: هەموو: کرد: دروست کرد. بیروون: دەر، دیوی دەر. سوو: لا. میثل: وێنە، وەك. سوور: شـایی. ئـایین: جـەژن. دەروون: ناو، دیوی ناوەوە. عەزا: ماتەم.

واتە: خودای گەورە چادری ئەم دنیایەی سەرتاخوار بە نزم و بێبار دروست کرد؛ دیوی دەری -ڕواڵەتەکەی- شایی و خۆشییە، دیوی ناوەوەی -ناوەڕۆکەکەی و ئەنجامەکەی- شین و ماتەمە. یا بە دوو نیاز دروستی کرد، بۆ خۆشی و ناخۆشـی. یـان: لـە دەرەوە لای عوسمانییـەکان ئاهـەنگ و شادیی نەمانی میرنشینی بابانە و لەناو وڵاتی بابانیشدا کە ڕووخاوە، ماتەم و شینە.

دونیای (غ): چەرخی.

(٦) جیهان: عالەم، دنیا. خوونڕێزی: خوێنڕێژی. ظەفەر: سەرکەوتن. حیرز: پاراستن، پەنا. جان: گیان.

واتە: ئەگەر هەموو جیهان ڕووبـەڕووم ببێتـەوە بـە نیـازی کوشـتنم ، دەسـتی لـێم گـیر نـابێ و سەرناکەوێ، پەنایەکی ئازا و لێهاتوو بۆ پاراسـتنی خۆم پەیدا دەکەم. مەبەستی عەزیز بەگی بابانە.

پەناهم شەهْسەوارێکە، گوزەر کا گەر بە ئەلبورزا
دەکا ضەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتْیا پەیدا (٧)
ئەگەر خورشیدی تیغی بێ، بەسەر شەودا شەبەیخوون کا
دەکا بەرقی بە یەك پەرتەو لە یەلدادا ضیا پەیدا (٨)
بە هەر لادا بکا جەولان، لە بادی سممی ڕەهواری
چرای عومری عەدوو، وەك صوبحْدەم، وەضعی فەنا پەیدا (٩)

خوونڕێژی (کم، گم) خوێن ڕێژی. دەکەم (کم، نم): ئەکەم. پەنا (کم، نم، گم): نیا.

(٧) شەهسەوار: سوارچاك و چالاك و ئازا. ئەلبورز: زنجیرەکێوێکی باکووری ئێرانە، لە بەری ڕۆژاوای دەریای خەزەرەوە کەوانئاسا بە دەوری کەنارەکانی باشوور و باشووری ڕۆژاوای دەریاکەدا پێچ دەکاتەوە و لە باکووری ڕۆژاوای ئوستانی خوراساندا دەگاتەوە بە کێوەکانی لای باکووری.

ضەرب: لێدان. خارا: سەنگی سەخت. تووتیا: کل. جۆرە بەردێکە وەك کلی هاڕراوە بۆ چاوپێڕشتن.

واتە: پشت و پەنام سوارچاکێکی تا ئەو ڕادەیە ئازا و بەهێزە، ئەگەر بە کێوی ئەلبورزدا تێپەڕێ، سمی ئەسپەکەی ئەوەندە بە توندی لە زەوی دەدا، ئەگەر سەنگی سەخت بکەوێتە ژێر پێی، وەك تووتیا وردوخاشی دەکا؛ یا تووتیای بەنرخ لە بەردێکی ڕەقی بێبایەخ دروست دەکا.

گوزەر کا گەر (ن): کە دەرکا گەر ڕەه. لەنگە. دەکا (کم): ئەکا.

(٨) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی هەر لە (مان، ن)دا هەن.

خورشید: خۆر. تیغ: شمشێر، خەنجەر، قەمە. شەبەیخوون: هێرشی غافڵگیرانە بۆ سەر دوژمن.

پەرتەو: ڕووناکییەکی تیژ. یەلدا: شەوی تاریك و نوتەك. ضیا: ڕووناکی.

واتە: ئەگەر تیغی وەك خۆری دەستی عەزیز لەپڕ بەسەر هێزی شەودا بدا، چەخماخەیەکی ئەو تیغەی، شەوەزەنگ دەکاتە چرا و چراخان.

(٩) جەولان: جموجووڵ و بە گورجی هاتوچۆی بەملاوبەولادا. باد: با. ڕەهوار: ئەسپی خۆشڕەوت و هەنگاو گەورە. وەك صوبحدەم: چرای ڕۆنی یا نەوتی لە بەرەبەیاندا هەم ڕۆن و نەوتی کەم دەبێتەوە و هەم لە ڕووناکیی بەرەبەیاندا ئەوەندە نانوێنێ و وەك نەبووی لێ دێ، یا مەبەست ماوەی بەرەبەیانە کە کورتە و هەر کاتێکی کەم دەخایێنێ. وەضع: حاڵ، بار. فەنا: نەمان.

واتە: بە هەر لایەکدا سوارچاکی بنوێنێ و هەڵمەت بەرێ، تەمەنی دوژمنەکەی بە هۆی توندیی بای ژێرسمی ئەسپە خۆشڕەوەکەیەوە، وەك چرای بەرەبەیانی لێ دێ، یا وەك بەربەیان ماوەکەی کورت دەبێ و بەرەو نەمان دەچێ.

٦٥

به حوججەت نێزە گەر لێ‌دا، سیپەر وەك كاغەزی قەندە
به هەر وەضعێ لەگەڵ بازوویی ئەو حوكمی قەضا پەیدا (١٠)
هەماوەردی عەرووسی قەبر و تیغی ماشیطەی مەرگە
له زەخمی موردەگان، بۆ دەست و پا، ڕەنگی حەنا پەیدا (١١)
له مەیدانا بە ڕەسمی ڕەزم، ئەگەر مەركەب بدا جەولان
له ناڵەی گاوو ماهی، دێ لە ژێر خاكا صەدا پەیدا (١٢)

(١٠) به حوججەت: به هێز و توند. سیپەر: قەڵغان. كاغەزی قەند: ئەو كاغەزەیە كە لە كەللەی شەكر دەپێچرێ، مەبەستی سووكی و بەرگەنەگرتنە. بازوو: قۆڵ، باسك. حوكمی قەضا: كاری قەزا و قەدەر، مەبەستی مەرگە.

واتە: ئەگەر بە توندی نێزە بخاتە كار، قەڵغانی لە ئاسن دروستكراوی دوژمن وەك كاغەزی شەكر بە ئاسانی لەت دەكا و مەرگ بە هەموو بارێكدا لەگەڵ بازووی ئەو یەخەی دوژمن دەگرێ.

سیپەر (ن): بەسەر. كاغەزی (كم، گم): قاقەزی. وەضعێ (غ، كم، نم، گم): ضەربێ، جوانە.

(١١) ئەم بەیتە و سێ بەیتی پاشەوەی هەر لە (مان، ن)دا هەن.

هەماوەرد: هەمئاوەرد، هەر یەكە لەو دوو كەسەی وا بەرامبەر بە یەك دەجەنگن، پێی دەوترێ هەماوەردی ئەوی‌تریان. عەرووس: بووك. ماشیطە: ئارایشتكەر. موردەگان: مردووان. حەنا: خەنە.

واتە: بەرامبەرەكەی، لەجیاتیی ئەوەی سەركەوتن بەدەست بهێنێ، ئەم دەیكا بە بووك و دەیگوێزێتەوە. تیغی عەزیز ئارایشكەری بووكە، واتە برینی زۆر دەكاتە جەستەی دوژمن و بەو برینانەوە بۆ مەرگی دەڕازێنێتەوە. دیارە خەنەیش لە كاتی ئارایشتی بووكدا پێویستە بۆ بووك و بەربووك و دەستەوبەستە، ڕەنگی خەنەی خوێنی زامی مردووانی بەرەی دوژمنیش بۆ ئەم مەبەستە زۆرە.

حەنا (غ): خەنا.

(١٢) ڕەسم: نەریت و شێوە. ڕەزم: جەنگ. مەركەب: ئەسپ. گاو و ماهی: گا و ماسی، كە وتوویانە: دونیا لەسەر شاخی گایەكە و گاكەیش لەسەر پشتی ماسییەكە!

واتە: ئەگەر بە پێی شێوەی باوی جەنگ، ئەسپی لە مەیداندا تاو بدا، زەوی دێنێتە لەرزە و گا و ماسی لە ژێرەوە دێنە ناڵەناڵ و خەڵك ناڵەیان دەبیستن.

به ڕەسمی ڕەزم ئەگەر مەركەب بدا جەولان (پ): مەگەر ئەسپی گرانمایەی دەئاخێوێ. دێ (پ): بوو.

غوباری سممی ئەسپی ئەو، مەگەر ئەجزایی ئیکسیرە
لە چیهرەی دوشمنی ئەودا هەموو ڕەنگی طەلاّ پەیدا؟ (١٣)
بەرابەر ڕوویی ئەو ڕەنگی عەدوو سیمابْگوون سیمە
دەکا ئەجزایی تیغی ئەو لە قەلبا کیمْیا پەیدا (١٤)
سفیدە چاوی بەدخواهی لە حەسرەت حەلقەیی دیرعی
دەکا بەرقی سینانی بۆ عەدوو ڕۆژی سْیا پەیدا (١٥)

(١٣) غوبار: تۆز. ئیکسیر: ماددەیەکە مەعدەنیتر دەکاتە ئالّتوون. چیهرە: ڕوخساری بنیادەم.

واتە: بۆچی تۆزێك کە بە هۆی سمی ئەسپەکەیەوە بەرز دەبێتەوە، ئیکسیرە وا ڕوخساری دوژمنی وەك ئالّتوون زەرد کردووە؟!

ئیکسیرە (ن): ئیکثیرە. هەڵەیە. دوشمنی ئەودا هەموو ڕەنگی (پ): دوژمنی بێخود صەف ئەندەر صەف.

(١٤) عەدوو: دوژمن. سیماب: جیوە. گوون: جۆر. سیمابگوون: وەك جیوە، کینایەیە لە پەشۆکان و ڕەنگپەڕین. سیم: زیو، مەبەست سپێتییە. قەڵب: سککەی بێڕەواج، هەڵیشدەگرێ (قەلب بێ بە واتای دڵ یا ناوەڕاستی سوپا.

واتە: ڕەنگی ڕوخساری دوژمن بەرامبەر بە ڕووی عەزیز، لەبەر شڵەژان و پەشۆکان، وەك زیو سپی هەڵگەڕاوە، تنۆکێك خوێنی لە ترساندا تێدا نەماوە. دیارە ئەجزای تیغی عەزیز کیمیا لە ماددەی قەڵبی وەك ڕووی دوژمن پەیدا دەکا و کاری کیمیا دەکا.

شایانی باسە، (عەدوو) لە (مان، ن)دا ئەگەر (عەدووی) بووایە، لەبارتر دەبوو. ڕەنگە هەڵەی نووسینەوە بێ.

بەرابەر ڕوویی ئەو (پ): بە پیشاپیشی ئەو. سیمابگوون (غ): سیمابنیگوون.

(١٥) سفیدە: سپییە. بەدخواه: ناحەز. حەلقە: ئەڵقە. دیرع: کراسی زرێی جەنگ. بەرق: چەخماخە. سینان: سەری ڕم. سیا: ڕەش.

واتە: چاوی دوژمن، لە داخی جوانی و پتەویی ئەڵقەی کراسزرێیەکەی عەزیز، سپی بووە و مردووە. چەخماخەی سەرەڕمەکانی، ڕۆژی دوژمنان تاریك و ڕەش دەکا.

سفیدە (کم، گم): سفیدەی. حەلقەیی دیرعی (کم، نم، گم): نێزە و دەستی. دەکا بەرقی سینانی بۆ عەدوو (کم، نم، گم): ضیای درعی ئەکا بۆ دوژمنان.

نەھەنگ‌ئاسا، لە دەریای خاطرا، قەهری کە گەردش کا
لە کەشتیی عومری بەدخواهی، سەراسەر ڕەخنەها پەیدا (١٦)
لە گەرمیی ڕۆژی مەیدانا، عەدوو لەب‌تیشنە، سێراون
لە ئاوی تیغی جەوهەرداری ئەو، کاری سەقا پەیدا (١٧)
بە تیغی ئەو لە خوێنی ڕوومییان شەططێ بە ڕووما دێ
تەنی ئوفتادە زەورەق، سەر لە جێگەی ناخودا پەیدا (١٨)

(١٦) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی هەر لە (مان، ن)دا هەن.

نەهەنگ: ماسیی هەرە گەورە، حووت. خاطر: دڵ. گەردش: جمەوجووڵ. سەراسەر: هەموو. ڕەخنە: کون و کەلەبەر و شکست.

واتە: کە ڕق و قینی گەورەی وەك نەهەنگی عەزیز لە دەریای دەروونیدا بێتە جۆش و خورۆش، کەشتیی تەمەنی دوژمنەکەی هەمووی دەبێتە کون و کەلەبەر و لە ئاودا نوقم دەبێ. ڕق خووی خۆیەتی و دوژمنەکەیشی کە مەبەستیەتی بیفەوتێنێ، هەمیشە لە دەروونیدایە تا لەناوی دەبا.

(١٧) لەب: لێو. تیشنە: تینوو. سێراو: تێراو. سەقا: ئاوگێڕ.

واتە: دوژمنی لێو وشك و تینوو، بە هۆی گەرمیی ڕۆژی جەنگەوە، یا لە گەرمەی جەنگدا، تێراو دەبێ و ئاوی تیغی شەپۆلداری عەزیز دەوری ئاوگێڕ دەبینێ، لەباتیی ئاو خوێنیان پێ دەخواتەوە.

(عەدوو) ئەگەر (عەدووی) بووایە، بەیتەکە لەبارتر دەبوو. وا دەزانین بە هۆی ناوردیی نووسینەوەوە وا نووسراوەتەوە. (گەرمیی)ی (مان، ن)، کە بە (گرمی) نووسراوە، (گەرمەی)ش هەڵدەگرێ. لە گەرمیی ڕۆژی مەیدانا (پ): بە گەرمیی ڕۆژی مەیدانی. سێراون (پ): نایێڵێ. ئاوی (غ): ئابی. کاری (پ): داری.

(١٨) ڕوومییان: ڕۆمییەکان، تورکان. بە ڕووما دێ: ڕووبەڕووم دێ. تەن: لاشە. ئوفتادە: کەوتوو. زەورەق: کەشتیی بچووك. ناخودا: کەشتییەوان.

واتە: تیغی تیژی عەزیز ئەوەندەی لە سوپای تورکان کوشتووە و خوێنیان هێندە ڕژاوە، چەمێکی گەورەی پێك‌هێناوە، لە بەرچاومە و ڕووبەڕووم دێ. لاشەی کەوتووان، لە کوژراو و بریندار، دەڵێی کەشتین و سەری کوژراو و بریندار بووەتە کەشتییەوان!

بە تیغی ئەو (غ): بە تیغ. لەنگە. لە خوێنی: (کم، گم): بە خوێنی. تەنی (نم): انی. هەڵەیە.

**له بەحری ڕۆژی ڕەزما گەر نەهەنگی تیغی سەر هەڵدا**
**لەناو کەشتییی ئەتراکا، دەبێ شین و صەدا پەیدا (١٩)**
**لە سەهمی حەملەیی ئەو بۆ عەدوو، هەر جا حەذەر لازم**
**لەدەست ئەو بۆ کراسی ڕۆمییان، شێوەی قەبا پەیدا (٢٠)**
**دەبێ، گەر بێتە ڕووی مەیدان، وەکوو بەبری بەیان یەکدەم**
**لیباسی ڕووبەهی دەردەم لە ئەندامی کییا پەیدا (٢١)**
**ئەگەر ئاوی بەقای نۆشیبێ دوشمن، فایدە نادا**
**لە مەوجی جەوهەری تیغی، حورووفی لابەقا پەیدا (٢٢)**

(١٩) ڕەزم: جەنگ و هەرا. صەدا: هاوار.

سالم ڕۆژی جەنگی لەم بەیتەدا کردووە بە دەریا، تیغی عەزیزی کردووە بە نەهەنگ و دانیشتووانی کەشتییەکەیش سوپای تورکن. واتە: ئەگەر تیغی وەك نەهەنگی دەستی عەزیز لە دەریای ڕۆژی جەنگدا لەناو دەریاوە سەر هەڵبدا و بێتە جووڵە و خورۆش، دەبێتە هاوار و ناڵە لەناو دانیشتووانی کەشتیی تورکاندا، چونکە نەهەنگ مایەی مەترسییە بۆ کەشتی.

نیوە بەیتی یەکەم لە (کم، نم، گم)دا بەم جۆرەیە: لە دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگی گەر نومایان بێ. کەشتیی ئەتراکا (کم، گم): ئۆردووی تورکانا.

(٢٠) سەهم: سام، ترس. حەملە: هێرش و هەڵمەت. جا: جێ. حەذەر: خۆپاراستن. قەبا: کەوا.

واتە: پێویستە دوژمن، لە ترسی هێرشی عەزیز، لە هەموو جێیەك بترسێ. کراسی تورکان لە ترسی دەستوەشاندنی ئەو دادڕاوە و وەك کەوای لێهاتووە، کە لە ڕاکردندا با لێی بدا و باڵی پێ بگرێتەوە!

سەهمی (کم، نم، گم): سامی. دەست (کم، گم): دەس. حەذەر (گم): حەزم. لازم (غ): واجیب. بۆ کراسی (گم): بوو کراسی. قەبا (نم، گم): کەوا.

(٢١) ئەم بەیتە هەر لە (مان، ن)دا هەیە.

بەبری بەیان: گیانلەبەرێکی دڕندەی چابوکە، دەڵێن دوژمنی شێرە. ڕووبەهی: ڕێوییەتی. دەردەم: گورج، دەمودەست. کییا: گەورەپیاو.

واتە: ئەگەر عەزیز وەك بەبری بەیان بێتە ڕووی مەیدان، یەکسەر بەرگی ڕێوییەتی بە بەر سەرکردەی سوپای تورکاندا دەکێشرێ، شێوەیان دەگۆڕێ و وەك ڕێوییان لێ دێ!

دەبێ (پ): دەمێ. دروستترە. وەکوو بەبری بەیان یەکدەم (غ): وەکو شێری شکارئەفگەن.

(٢٢) ئاوی بەقا: ئاوی زیندەگانی، کە دەڵێن هەر کەس بیخواتەوە نامرێ! مەوج: شەپۆل. لێرەدا

به پەستی، دوشمنی سەرکەش عەجایب سەرفەرازێکە
بەسەر هەر گەردەنە و شاخا، لە پێتا وەك لیوا پەیدا (٢٣)
ئەگەر وەك کێوی قاف مەحکەم بێ، دوشمن گاهی حەملەی ئەو
لە مەیدانی گورێزا دێتەوە ڕووبەرقەفا پەیدا (٢٤)

مەبەستی شەپۆلی گۆلی تیغی جەنگاوەرانی عەزیز بەگی بابانە.

واتە: دوژمن ئەگەر ئاوی زیندەگانیشی خواردبێتەوە، فریای ناکەوێ و هەر دەمرێ. ئەگەر لە شەپۆلی گۆلی تێغی دەستی عەزیز ورد ببێتەوە، پیتەکانی وشەی (لابەقا)، نەمان، دەخوێنێتەوە، یانێ دوژمن لەناودەبا.

دوشمن (گم): دوژمن. فائیدە (غ، گم): فائیدەی، جوانە. لامان وایە شاعیریش هەر ئەوەی مەبەست بووە، بەلام ناتەواویی شێوەنووسینی ئەو سەردەمەی کوردی تێکیداوە. (نۆشیبێ) لەبەرئەوەی کورتە، بە (نوشیبی) دەخوێنرێتەوە.

(٢٣) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی هەر لە (مان، ن)دا هەن.

پەستی: زەلیلی، خواردەستی. سەرکەش: سەرکێش، یاخی. سەرفەراز: بەختیار، ڕزگاربوو. گەردەنە: ملە. لە پێتا: لە بەرپێتا. لیوا: ئالا.

واتە: دوژمنی یاخی چەند بەختیارە کە لە مەرگ ڕزگار بووە و دیلی ژێردەستتە، لە هەر ملە و شاخێکدا لە بەرپێتدا وەك ئالا چەقیوە.

دوشمنی سەرکەش (پ): موددەعیی بەدخوو. (دوشمنی) لە (غ)دا کەوتووە. گەردەنە (پ): گەردەن. لە پێتا (ن): لە پێدا. (غ، پ): لە تیپا.

(٢٤) کێوی قاف: ئەفسانە دەڵێ- کێوێکە دەوراندەوری جیهانی داوە. گاه: کات. حەملە: هێرش. گورێز: هەڵاتن. قەفا: پشت. ڕووبەرقەفا: ڕوو بۆ پشتەوە وەرگەڕاو!

واتە: ئەگەر دوژمن لە کاتی هێرشی عەزیزدا وەك کێوی قاف ئەستوور و لەجێنەجووڵاو بێ، ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی لە مەیدان هەڵبێ و ڕووی لەپێشەوە بێ، بەڵکوو ناچارە لە ترسی پێکران ڕووی لەپشتەوە بێ، ئەمجا ڕابکا.

گاهی (پ): تاوی. لە مەیدانی گورێزا (پ): لە مەیدانا گورێزان. (بێ)، لەبەرئەوەی کورتە، بە (بی) دەخوێنرێتەوە.

**له خاکا خوێنی مەرجانی دەبێ مەخلووط و بێحورمەت**
**دەکا ئەڵماسی دەشنەی ئەو، لە گەردندا سەنا پەیدا (٢٥)**
**له ضەربی زەرگی ئەو، دوشمن وەکوو پووشە بەدەم باوە**
**له میقناطیسی زووپینی فونوونی کەهرِوبا پەیدا (٢٦)**
**چ حاصڵ دوشمنی، وەختی هەزیمەت، گەر موحصەصەن بێ؟**
**له فەتحی هیممەتی ئەودا کلیدی دەرگوشا پەیدا (٢٧)**
**له بەحری جەنگی مەغلووبا کە تیغی مەوجی خوێن بێنێ**
**دەبێ بۆ دەست و پای ئوفتادەگان، هەر سوو شەنا پەیدا (٢٨)**

(٢٥) ئەم بەیتە هەر لـە (پ)دا هەیە.

مەرجانی: سوور. مەخڵووط: تێکەڵ. دیشنە: خەنجەر. سەنا: ڕۆشنایی، بریقە.

واتە: کاتی شەڕ خوێنی سوور دەڕژێ و بە بێبابەخی تێکەڵ بە خـاك دەبـێ. خەنجـەری وەك ئـەڵماس بڕندەی ئەو، لـە کاتی دەستبەکاربووندا بریقە و ڕۆشنایی لـە گەردندا پەیدا دەکا.

(٢٦) ضـەرب: لـێدان. میـقناطیس: ئـاسـنڕاکێـش، وەك کـارەبای تـەزبیح و مـلوانـکە کە پووش ڕادەکێشێ. فونوون: جۆراوجۆر. زووپین: نێزەی بچووکی دوودەم، کۆن لـە جەنگدا بەکارهێنراوە.

واتە: کە عەزیز نێزە دەوەشێنێ، دوژمن بە دەمی نێزەکەیەوە وەك پووشە بەدەم باوە! کاری تەزبیحی کارەبا دەکا کە دەنکەکانی پووش ڕادەکێشن.

لـە ضەربی (کم، پ، نم، گم): بە ضەربی. دوشمن (کم، نم، گـم): دوژمـن. زووپینـی (کـم، نم، گم): دووربینی. کەهرِوبا (نم، گم): کارەبا.

(٢٧) ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی هەر لە (مان، ن، پ)دا هەن.

چ حاصڵ: چ سوودێکی هەیە، چیی دەست دەکەوێ؟ هەزیمەت: هەڵاتن. موحەصەصەن: پارێزراو، شوێنقایم. فەتح: گرتن، داگیرکردن. کلید: کلیل. دەرگوشا: دەرگاکەرەوە.

واتە: دوژمن چیی دەست دەکەوێ ئەگەر شوێنەکەی سەخت بێ، لـەناوچوونی هەر مـسۆگەرە. بەڵام ئەگەر عەزیز بە ئازایەتیی خۆی بیگرێ، دوژمن کلیلی ئەوەی دەبێ دەرگا بکرێتەوە و هەڵبێ! یا: دوژمن کاتی هەڵاتن سەختیی شوێن فریای ناکەوێ و لـەناوچوونی مسۆگەرە، عەزیز دەیگـرێ و دەرگا دەکرێتەوە و قەڵاچۆ دەکرێن.

وەختی (پ): وەقتی. موحەصەصەن (ن): موشەخخەص.

(٢٨) ئوفتادەگان: لـەپێکەوتووان، کوژراو و بریندار. هەر سوو: هەر لا. شەنا: مەلـە.

ئەگەر یەك لەمحە طووڵی بێ، لە قەلبی لەشکرا قەهری
لە صەحرادا، دەبێ بۆ جانەوەر سوور و غەزا پەیدا (۲۹)
عەصای مووسایە مەر نێزەی لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی
بە بەرقی ئاتەش‌ئەفشان و بە شەکڵی ئەژدەها پەیدا (۳۰)
وەلێ طالیع نەبوو، پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا
بە مەردانی دلاوەر، حاصڵی کۆشش، جەفا پەیدا (۳۱)

واتە: کە دوژمن لە دەریای جەنگدا بەزیوە، ئەگەر گوڵی تیغی عەزیز شەپۆلی خوێن بهێنێ، دەست و پێی لەبێ‌کەوتووان، کوژراوان و برینداران، دەکەونە مەلە.

(۲۹) لەمحە: چاوبەیەکدادانێك، چاوترووکاندنێك. قەلبی لەشکر: ناوەڕاستی سوپا. قەهر: ڕق و قین. جانەوەر: گیانلەبەر. سوور: شایی. غەزا: بە فارسی وا دەبێژرێ، غەذا، خواردەمەنی.

واتە: ڕق و قینی عەزیز لە ناوەڕاستی سوپای خۆیدا هەر ئەوەندەی چاوترووکاندنێك درێژە بکێشێ، لەو دەشتەدا دەبێتە شایی و گۆشت و خواردەمەنی بۆ جۆروجانەوەر زۆر دەبن.

غەزا (پ): غەذا. (غ): عەزا.

(۳۰) مەر: مەگەر. مشتی فیرعەونی: چنگی زۆردار و ستەمکار. ئاتەش‌ئەفشان: ئاگرپڕژێن. شەکڵ: ڕواڵەت و شێوە.

واتە: مەگەر نێزەی دەستی عەزیز عاساکەی مووسایە، کە سەرباری زۆر و دەسەڵاتی ڕۆمییانی ستەمکار، لە داخی ئەو بە چەخماخەکەی ئاگری لێ دەبێتەوە و بە شێوە و ڕەنگیشی دەڵێی ئەژدەهایە و جادووی جادووگەرانی فیرعەون پووچ دەکاتەوە؟ ئاماژەیە بە ئایەتی ژمارە ۱۰٤ی سوورەتی (أعراف): ((فألقى عصاه، فاذا هي ثعبان مبين))، کە مووسا عاساکەیی فڕێدایە سەر زەوی و بوو بە ئەژدەها و ماری جادووگەرانی قووت دا.

مەر (گم): سەر.

(۳۱) وەلێ: بەڵام. طالیع: بەخت. پۆشیدە: داپۆشراو. دلاوەر: ئازا و لێهاتوو.

واتە: لەگەڵ ئەم هەموو ئازایەتییەیشدا کە بەخت و ناوچاو نەیهێنا، گەوهەر و جوامێری لە دنیادا بە شاراوەیی دەمێننەوە و ئەنجامی تەقەلای پیاوی ئازا و دڵسۆز هەر سزا و ئازارە. سالم هەر ئەوەندەی ویستووە بیڵێ، ئەگینا دەبێ زۆر چاکی زانیبێ هۆی شکستی عەزیز و بابانەکان بەدبەختی نەبووە!

نەبوو (کم، نم): نەبێ.

"عەزیز"ە وا لەناو چاهە، خوداوەندا! نەجاتی دە
لە چیهرەی ئەو بکا "یەعقووب" دڵی شێوەی صەفا پەیدا (٣٢)
خودایە! موڵکی (بابان) بێڕەواج و قەڵبە، سا لوطفێ
بە ئیکسیری وجوودی ئەو بکا وەك موو بەها پەیدا (٣٣)

(٣٢) ئەم بەیتە و بەیتی پاشـەوەی لە (مان، ن، غ)دا نین، تەنیا لە (کـم، نم، گـم)دا هــەن و جێـی خۆیشیانە بن، چونکە هەر لە سەرەتای پارچەشیعرەکەوە تا دوایی هەمووی هـەر باسـی سەرلەشکریی عەزیزە، بەڵام بە داخەوە ناسناوی "سالم" نە لە (مان) و نە لە (کم، گم)دا نییە.

چاه: چاڵ، بیر، مەبەست زیندانە. چیهرە: ڕوخسار.

واتە: عەزیز خۆشەویستە و دیلە و لەناو چاڵدایە، وەك حەزرەتی یووسف کە خرایە بیر یا بەندیخانە. خودایە ڕزگاری بکە، بەڵکوو یەعقووبی دڵی دۆستانی خۆشی و ڕووناکی بە بینینی ڕوخساری پەیدا بکا. جا ئەگەرچی یووسف عەزیزی میسر نەبوو، یەکێکی‌تـر عەزیز بوو کە لە بیر و زینداندا نەبوو، بەڵام لــە نیگای دڵی حەزرەتی یەعقووبەوە (د. خ) عەزیز و خۆشەویست بووە. هەرچۆنێك بێ، سالم لێـرەدا وای داناوە دڵی دۆستانی عەزیز بەگی بابان، وەك یـەعقووبی بـاوکی یووسـف خـەمبارە و چـاویان لێڵاییـی داهاتووە، بە دەرچوونی لە دیلی و بینینی، دڵیان خۆش و چاویان ڕوون دەبێتەوە.

(٣٣) واتە: موڵکی بابان بەبێ عەزیز سکەی قەڵب و بێڕەواجە. سا خودایـە! لوتفێکمـان لــەگەڵ بنوێنە و ڕزگاری بکە، بەڵکوو ئەم موڵکە بەهۆی بوونی ئەوەوە کە وەك ئیکسیرە، ڕەواج پەیدا بکاتەوە.

لە (نم)دا، لـە جێی (موو)ی نیوەدێڕی دووەم (مس) هـاتووە، کـە دروسـتترە و تـەواوە، چـونکە ئیکسیر مس دەکا بە ئاڵتوون و زیو، نەك موو.

دوو سەرنجیتریش پێویستە بخرێنە بەرچاو:

ئـ. ناسناوی "سالم" لە پارچەشیعرەکەدا نییە، کە لـەوانەیە لەبەر خۆپاراستن و ناو نەکەوتنـە نـاو ناوان و دوچاری سەرئێشەنەبوون وای کردبێ.

ب. ڕەنگە سالم ئەم پارچەشیعرەی دوابەدوای شەڕەکەی عەزیز بەگی بابان و ئیـسماعیل پاشـای ڕۆمی، کە عەزیز بەگی تێدا گیراوە، وتبێ.

٧٣

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان (۱)
(شارەزوور) بەحر و (سولەیمانی) لەسەر ئاو، گەمیەڕەنگ
بۆ شکستی وەك نەهەنگ بوو، فیتنەیی ئاخرزەمان (۲)
کێ دوعای کردبێ بە سۆز ئەمساڵ لە کشتی (شەهرەزوور)
دا ببارێنێ لە تەنخوای تەرزە ڕۆمی، ئاسمان؟! (۳)

ژمارەیەکی تایبەتی و کەم بوون و لە کاتی شەڕەکەدا پاڵپشتیان لەناو شاردا کەم بووە، بەڵام تێکڕا شەڕێکی مەردانەیان کردووە و پیاوانە گیانی خۆیان لە پێناوی دەرکردنی تورکەکاندا بەخت کردووە. دیارە کە بارودۆخ نالەبار بوو، شێری بێشەیش هیچی پێناکرێ. جگە لەمانە، وەك دەردەکەوێ "سالم"، ئەگەرچی لە تێکڕای شیعرەکەیدا باسی بابان دەکا، بەڵام لەگەڵ بەرەی عەبدوڵڵا پاشا بووە، ئەگینا بۆچی دەربارەی هەرای کۆیە هیچی نەوتووە. کەچی پارچەشیعرێکی دوورودرێژی هەیە دەربارەی بەرەڵابوونی عەبدوڵڵا پاشا و هاتنەوەی بۆ سلێمانی، کە لە پیتی (هـ)دا بەرچاوتان دەکەوێ.

با بگەڕێینەوە سەر شیعرەکە کە: یەکەم ناسناوی "سالم"ی تێدا نییە، ئەگەرچی بێگومان هیی ئەوە. دووەم پاش و پێش و ڕیزی بەیتەکان لەسەر هیی نوسخەکەی (مان) دانرا، چونکە زۆربەی زۆری بەیتەکان لەوێدا هەیە.

کێشی عەرووز: ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور.

(۱) کەفزەنان: دەستبەدەستدادان لە خەمباریدا. نەدامەت: نەگبەتی. تار: تاریك.

واتە: وازم لێ بێنن، با دەستەوئەژنۆ دەست لەسەر دەست دابنێم و گۆشەیەك بگرم، چونکە گێژەڵووکەی نەگبەتی لاپەڕەی جیهانی ڕەش کردەوە و تاریك بوو.

گێژەڵووکە (گم): گەردەلوول.

(۲) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین، لە (حا)یشدا دەیەم بەیتە.

گەمیە: کەشتی.

واتە: شارەزوور وەك دەریایە و سلێمانی وەك کەشتی کەوتووەتە سەر ئاو، فیتنەی ئاخرزەمانیش بووەتە نەهەنگ لەم کەشتییە و هەڵیدەگەڕێنێتەوە.

(۳) ئەم بەیتە لە (حا)دا شەشەمە.

دا: تا. تەنخوا: لەباتی.

واتە: ئەمساڵ کێ دوعای بەسۆزی لە کشتوکاڵی شارەزوور کرد، هەتا ئاسمان لەباتی تەرزە تورکی

ڕاسته گەردوون چابوکه بۆ ڕەنگی بەد ڕیتن، وەلێ
نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگه به موددەی صەد قیران (٤)
بەزمی صەیدی ئێمه صەییادی فەلەك کارێکی کرد
ڕەنگه باڵای تیرقەددان بێته تەرکیبی کەمان (٥)
ضیعفی طالیع جازیبه، وەك کەهرەبا، بۆ خوێن و دەم
سەیری چیهرەی بەختی من کەن، بوو به ڕەنگی زەعفەران (٦)
نەوبەهاری من خەزان و فێنکیی صوبحم تەمووز
پەرتەوی ماهه غەم و چاکی دەروونم وەك کەتان (٧)

عوسمانیی بەسەردا بارێنێ؟ (شارەزوور)ی بەیتی دووەم لێرە (شەهرەزوور)ە، ئەویان کوردی و ئـەمیان فارسییه.

دا (ن): تا. تەرزه (مان، ن): طەرزه. هەڵەیه.

(٤) ئەم بەیته لـه (حا، گم)دا حەوتەمە.

چابوك: گورجوگۆڵ. ڕیتن: ڕشتن. قیران: کۆی قەرنه، سەدساڵ.

واته: ڕاسته گەردوون لـه ڕشتنی ڕەنگی بەددا گورجوگۆڵه، بەڵام ڕەنگی وا تاڵ لـه ماوەی سـەد قەرنیتردا نارژێنێ.

(٥) ئەم بەیته لـه (حا)دا دووەمە.

تیرقەددان: باڵا وەك تیر ڕێك و ڕاستەکان.

واته: لـەوانەیه گەردوونی ڕاوچی بۆ بەزمی ڕاوکردنی ئێمه، باڵای ڕاستی تیرباڵاکـان بـچەمێنێتەوه و بیکاته کەوان.

بێته (حا): بێ به.

(٦) کەهرەبا: کارەبا. چیهرە: ڕوخسار. کەن: بکەن.

واته: بێبەختی خوێن وەك کارەبا ڕادەکێشێ، سەیری ڕوخساری بەختی من بکەن، چۆن بووەتـه زەعفەرانی زەرد.

جازیبه (گم): جاذیبه. ئەمیان ڕاسته. وەك کەهرەبا (گم): بۆ کارەبا. هەڵەیه.

(٧) واته: تازه بەهاری من خەزانه، فێنکیی بەیانیانم تـەمووزه، خـەم و پـەژارە تیـشکی مانگـه و دەروونم وەك کەتان لـه بەر ئەو تیشکەدا لەتلەت بووه.

نەوبەهاری (ن): بەوبەهاری. هەڵەیه. خەزان و فێنکی. (گـم): خەزانه و وەقتەکەی. هەڵەیه.

تورکی قورصی خۆر کە طالیع بوو، طـولووعی کرد بە ڕەقص
کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی (بابان) بوو نیهان (٨)
ئاگری نەگبەت لە خەرمەنهایی طالیع کەوتەوە
شەمعی دەوڵەت هەر طەرەف دەگرا، هەموو خامۆش کران (٩)
حەلقە دەین یاران! بلا، ئاشوفتەبەخت و تیرەڕۆژ
ڕۆزگار دونیای لە ئێمە کردە گێسووی دڵبەران! (١٠)
هەوری بەدبەختی کە هاتە ڕووی فەلەك، وەك ڕەنگی قیر
کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی بابان بوو نیهان (١١)
صاعیقە و بەرقی نەدامەت ظولْمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بە مەخصووصی لەسەر موڵکی بەبان (١٢)

(٨) ئەم بەیتە لە (مان، ن، حا)دا نییە.

نیوە بەیتی یەکەم دەبوو وا دەستی پێ بکردایە: قورصی خۆری تورك .. تاد.

واتە: کە خۆری تورك بە سەما و شادییەوە هەڵات، دەبدەبەی مانگی هیوای بابـان ون بـوو. بـە کورتی، خۆری تورك هەڵات و مانگی بابان ئاوا بوو.

(٩) ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین.

خەرمەنها: کۆمەڵە خەرمان. طالیع: بەخت و ناوچاوان.

واتە: ئاگری نەگبەتی بەربووە خەرمانەکانی بەخت و سووتاندنی. شەمعی دەوڵەتی بابـان کـە لـە هەموو لایەکەوە دەگرا، هەمووی کوژانەوە. "سالم" کـە وشـەی (دەوڵـەت)ی بـەکارهێناوە، هەسـتی نەتەوەییی خۆی لە قووڵاییی دڵیەوە دەربڕیوە.

(١٠) بلا: لێگەڕێن. ئاشوفتەبەخت: بەختئاڵۆز. تیرەڕۆژ: ڕۆژتاریك. گێسوو: زوڵف.

واتە: یاران، با گرد ببینەوە و بازنەیێ ببەسـتین بـۆ بـەختی تێکـچوو و ڕۆژی ڕەش و تاریکمـان. چەرخی ڕۆژگار دنیای وەك ئەگریجەی دڵبەر، لە ئێمەیش شێواند.

حەلقە دەین (حا): حەلقە دەن. کردە (حا): کرد بە.

(١١) واتە: هەر کە هەوری بەدبەختی وەك قیر ئاسمانی گرت، درەوشانەوەی مانگی ئاواتی ئەهلی بابان ئاوا بوو.

(١٢) نەدامەت: نەگبەتی.

**چاوی عیبرەت هەڵبڕە، ئەی دڵ! لە وەضعی دەهری دوون**
**سەیر کە سا تورکی فەلەك چیی کرد بە زومرەی کوردزوبان (١٣)**
**چارەسەر کەن ئەهلی دەروێش! نانی مفتیمان بڕا**
**لوولە بوو سفرە و نەواڵە، ون کراوە ظەرف و خوان (١٤)**
**ئەهلی سادات و مەلا و حاجی، بڵا شین کەن بە سۆز**
**دەفتەری ئەهلی وەظایف، دیم -عومووم‌مەن- حەك کران! (١٥)**
**عەرصەیی مەیدانی چەرخە، ئێستە جەولانگاهی بووم**
**بوو بە لانەی زاغی بەدخوو، ئاشیانەی باڵەبان (١٦)**

واتە: تریشقە و برووسکەی نەگبەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تاریك کرد، بەتایبەتی بەردەبارانی موڵکی بابانە.

"سالم" لەم بەیتەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، عەجەم و ڕۆم، دەستیان لەم کارەساتەدا هەیە. بێ‌گومان ئەمە زیرەکیی سیاسییە.

نەدامەت (گم): نحووسەت.

(١٣) ئەم بەیتە لە (گم)دا نۆیەمە.

دەهر: ڕۆژگار. دوون: هیچ‌وپووچ، سووك و بێ‌بەها.

واتە: ئەی دڵ، چاو هەڵبڕە و پەند لە بارودۆخی دنیای بێ‌نرخ وەربگرە، سەیر بکە تورکی بەدکاری وەك فەلەك چیی بە خەڵکی کوردزمان کرد. وشەی (کوردزوبان) هەستی قووڵی نەتەوەیی سالم دەردەخا.

سەیرکە سا تورکی فەلەك (گم): سەیری کە ڕۆمیی دەڵەك.

(١٤) ئەم بەیتە و دوو بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین.

نانی مفتی: نانی خۆڕایی.

واتە: ئەی دەروێشان و بێ‌کەسان مشووری خۆتان بخۆن، بە نەمانی بابان نانی خۆڕاییمان بڕا، سفرەی نان و بابۆڵە پێچرایەوە و زەرف و خوان نەما.

نانی مفتیمان (حا): نان و نیعمەتتان. ظەرف (حا): ضەرف. هەڵەیە.

(١٥) واتە: لێ‌گەڕێ با سەییدەکان و مەلا و حاجییەکان بە گەرمی بگرین، دەفتەری مووچەخۆرەکان هەموو کوژێندرایەوە.

وەظایف (مان، ن، حا): وەضایف. هەڵەیە.

(١٦) مەیدانی چەرخە: دەبێ مەیدانێکی دیاری بووبێ، وەختی خۆی دەسەڵاتی بابانەکانی تێدا

**دڵ لە میحنەت کەیلە، تابی سەیری ناوشارم نییە**
**عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لە داغی مەردومان (١٧)**
**بێزوبان، کووکووزەنان، هەر خانەدان تێدەفکرم**
**عەنکەبووت خواجانشینە و جفت جوغدن دیدەبان (١٨)**
**حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی «سولەیمانی»، دریغ!**
**کەوتە دەستی دێوی دوون، موهری سولەیمان، «الأمان» (١٩)**

دەرکەوتبێ. یاخود سەردەمی بابانەکانی شووبهاندووە بە مەیدانێکی هێز تێدا نواندن. جەولانگاه: جێگەی جەوجووڵ. بووم: کوندەپەپوو. زاغ: قەلەڕەش. ئاشیانە: هێلانە. باڵەبان: مەلێکی گۆشتخۆری خێرای ڕاوکەری لە باز گەورەترە.

واتە: ئێستا کونەپەپوو لە مەیدانی چەرخەدا هاتوچۆ دەکا، هێلانەی باڵەبانیش کە مەلێکی ڕاوکەرە، بووەتە هێلانەی قەلەڕەش.

(١٧) ئەم بەیتە لە (حا)دا نییە و لە (گم)دا شەشەمە.

کەیل: پڕ و لێوان. تاب: تاو، توانایی. عەین: سەرچاوە.

واتە: دڵم لە خەم لێوانە و توانایی تەماشای ناوشاری نییە و دڵم نایێ سەیری بکەم. سەرچاوەی چاوم لە داخی ئەو ستەمەی وا لە مەردوم دەکرێ، خوێنی تێزاوە.

تابی (گم): مەیلی.

(١٨) ئەم بەیتە و (٤٣) بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین.

کووکووزەنان: کووکووکەران، کووکوو دەنگی کۆترەباریکەیە، کینایەیە لە چۆڵەوانی. خواجانشین: ڕاڕەوی دەروازەی خانووی کۆن کە بانی کەوانەیی و خوارەوەی چەند پلەیەکی پێپیلکەیە بە نێوان دوو سەکۆی ئەملاوئەولادا بۆ سەرەوە. جوغد: بایەقوش، باڵندەیەکە بە نەگبەتی مەشهوورە. جفت: جووت. دیدەبان: ئەو کەسەیە کە لەسەر بەرزییەك دادەنیشێ و هەر کەسێکی بێگانە بێتە ئەو شوێنە، خەبەر دەدا.

واتە: هەر خانەدانێ کە بیری لێ دەکەمەوە، بێزمانانە هەر کووکوو دەڵێ. ماڵی جاڵجاڵۆکە خواجەنشینە و جووتە بایەقوش چاودێر و پاسەوانن.

خواجانشینە (حا): خواجەنشینە. جوغدن (حا): جوغدان.

(١٩) موهری سولەیمان: ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سولەیمان. ئاماژەیشە بۆ سلێمان پاشای بابان، کە پێشتر سەردەمێ حاکمی بابان بووە.

واتە: داخی گرانم ڕۆمی (تورك) ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولەیمانی دەستکەوتووە و لە شاری

مەجلیسێ وا بێ، موشەخخەص، دوودی گۆگرد عوودە بۆی
"دەروێش ئاغا" بوو لە جێی "مستۆ" هەموو شەو نەغمەخوان! (٢٠)
عەزل و نەصبی کرد بە تەدبیری (کیا)، مەنصووبی ڕۆم
قاوەچی "ئەوضایی قاپی" بێت و "سووران" پاڵەوان؟! (٢١)
کێ دەکا تەقسیمی مەنصەب، وا موقابیل شانی شەخص؟
بۆ عەزیز سەرواز یەکوم و حاجی قادر ئاشەوان (٢٢)

سلێمانی حوکم دەکا.

(٢٠) موشەخخەص: وەك بلێی (بالتأکید)، بە دڵنیاییەوە. مستۆ: سووککراوی ناوی مستەفایە، "کوردی"ی شاعیریش لە پارچەشیعرێکیدا وەك مەقامبێژ ناویی هێناوە: (("مستۆ" ئیبراهیمی، "ئەورەحمان" نەوا و "فەتحی" حەزین .. تاد)).

واتە: مەجلیسێ بەم جۆرە بێ، بێگومان دووکەڵی گۆگردی بۆنناخۆشی تێدا دەبێتە عوودی بۆنخۆش! دەروێش ئاغای دەنگناخۆش، لەباتیی مستۆی دەنگخۆش گۆرانی دەڵێ. لەوانەیە ئەم دووانە بەناووبانگ بوون: یەکیان بە دەنگناخۆشی و ئەویتریان بە دەنگخۆشی. دەشێ دەنگناخۆشەکە نەیار و دەنگخۆشەکە دۆستی بابان بووبێ. زۆر بەداخەوە ئەم ناوانەی ناو ئەم قەسیدە گرنگە، هەموویان ناناسین و هیچ زانیارییەکمان لەسەریان نییە، هەروەك دەورووبەری کارەساتەکەیش بە تەواوی ڕوون نییە.

مستۆ (حا): مسطــۆ.

(٢١) کیا یا کەهیا: لە (کەتخودا)وە هاتووە، بەگشتی بە کاربەدەستی گەورە وتراوە. پاشان بۆ وەزیری یەکەم لە حکوومەتی ویلایەتدا کە پاشایەك حوکمی کردووە، بەکارهێنراوە. ئەوضا: عەولا "عەبدوڵڵا"، ئەم ناوە لە کاتی عوسمانیدا وا وتراوە و نووسراوە. مەنصووب: دانراو و دیاریکراو.

واتە: فەرمانی دەستلەکارکێشانەوە و دیاریکردنی مووچەخۆر بە ڕاوێژی (کەهیا)ی کاربەدەستی تورك دەردەچوو؛ لە لایەك ئەولای قاپییەوان کرا بە قاوەچی و لە لایێ سوورانی ناتوانا کرا بە پاڵەوان. ئەڵبەت هیچ کامیان شیاوی ئەو کارەیان نەبوون، بۆیە وا دەردەکەوێ ئەوانە لەو وەزیفانەدا دانراون.

مەنصووبی (ن): مەنسووبی، واتە لایەنگر و پیاوی لەسەر وەزیفە دانراوی ڕۆم. دەشێ بەو شێوەیە بووبێ.

(٢٢) واتە: کێ بەپێی شان و شەوکەت پلە و پایە دابەش دەکا، ئەوەتا "عەزیز" پلەی سەربازی

ئاڵوگۆڕی مەنصەبی دوو شەخصی عالیجاه کرا:
"مەحموود ئاغا"ی زل حەکیمباشی، حەمامچی "بابەجان" (٢٣)
کۆڵبەدۆش با خەرقەپۆش بن، تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن
ڕوو کەنە ئەملاکی (پیتر) و بچنە شاری خامۆشان! (٢٤)
ئەسکەمل بێنن، قەراریان دەن لە جێی ئاغالەران
مەجلیسی شوورا ئەمێستە خاصصە بۆ ئەصنافەکان (٢٥)

یەکەمی دراوەتێ و حاجی قادریش کراوەتە ئاشەوان.

سەرواز یەکوم (مان، ن): سەروازیی کوم. دەبێ بەو شێوەیە بێ کە نووسراوە. (حا): سەربازە کوم. (و)ی پێوەندی نێوان (یەکوم) و (حاجی) لەوێدا زیادە.

(٢٣) واتە: ئاڵوگۆڕی جێگەی دوو پیاوی گەورە کرا: "بابەجان"ی سەرحەکیم کرا بە حەمامچی و مەحموود ئاغای زل یا زەل کرا بە حەکیمباشی!

زل (حا): ذل. هەڵەیە.

(٢٤) ئەم بەیتە لە (حا)دا نییە.

کۆڵبەدۆش: کۆڵبەکۆڵ. خەرقەپۆش: دەروێش و عەوداڵ. تاج: کڵاوی کووزکووزی دەروێشی. کەشکۆڵ: توورەکەی تایبەتی دەروێش کە لە ملی دەکا و دەسکەوتی سواڵی تێدەکا، لە کۆندا قەپیلکی گوێزی هیندی بووە کە هێلکەیی و قوولە، دەروێش زنجیری تێخستووە و سواڵی پێوە کردووە. ئەملاکی پیتر: ناوچەکانی قەڵەمڕەوی سەردەمی ئیمپراتۆر "پیتری گەورە"ی تزار کە دامەزرێنی ڕووسیای نوێیە و چاکسازییەکی زۆری کارگێڕی و ڕۆشنبیریی کرد. پاش داگیرکردنی کەنارەکانی دەریای باڵتیك شاری (پیترسبۆرگ)ی ساڵی ١٧٠٣ بنیات نا و پایتەختی لە مۆسکۆوە بۆ گواستەوە، کە دووسەد ساڵ زیاتر بە پایتەخت مایەوە.

واتە: با خەڵك کۆڵبەکۆڵ و دەروێشڕەنگ بن و تەرکی دنیا بکەن، عاسا و تاج و کەشکۆڵی نامۆیی هەڵگرن و ڕوو بکەنە وڵاتی ڕووس و بچنە شاری بێدەنگان کە کەس ورتەی تێدا لێوە نایێ.

(٢٥) ئاغالەر: ئاغاکان، بنەماڵەیەکی دیاری سلێمانی بووە. شوورا: ڕاوێژ. ئەمێستە: ئێستا.

واتە: خەڵکتان بۆچییە؟ ئەندامتان بۆچییە؟ هەر ئەسکەملە ڕەقوتەقەکە بێنن لەباتیی گەورەپیاوان یا بنەماڵەی ئاغالەرانی شار، چونکە ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەمڕۆ هیی ئەسنافەکانە. مەبەستی ئەو کۆمەڵە پیشەوەر و سنعاتکارانەیە کە دژی بابانەکان بوون. دیارە سالم داکۆکیی لە بابان کردووە.

ئاغالەران (ن): ئاغەلەران.

وا "کەریم ئاغای نەنێ" تەدبیری: هەستە جاف دەکا
"خاڵە هۆمەر" داروغەی شارە و مودیر "حاجی ئەحان" (٢٦)
کەس نەچێتە پێشەوە، "حاجی غەنی" تەدبیرییە!
مەئموری ڤەبتی نوفووسە و شاغیلی باجی دوکان! (٢٧)
"حاجی میرزا" کەوتە ناو کار و ترازووی شاردەوە
"مەصرەف"ئاسا حاسیبە بۆ خاصەجاتی (ماڵوان) (٢٨)
میری (خوڵمار) و (دەڵێن) ئەمساڵ، مەظەننە، "صالح"ە
باز بە "جەببار"یان سپەرد، باقڵ، ئوموری (دۆمەکان) (٢٩)

(٢٦) لەوە دەچێ ئەم سێ کەسە دژی بابانەکان بووبن، بە هاتنی تورکەکان نانیان کەوتبێتە ڕۆنەوە.

واتە: کەریم ئاغای نەنێ خەریکی ڕاوێژی ئەوەیە جاف هەستێنێ! چۆن؟ نازانرێ. هەروەها خاڵە هۆمەر داروغەی سەرۆکی پاسەوانانە و چاودێریی ناوشار دەکا، حاجی ئەحانیش بەڕێوەبەرە.

هەستە (حا): هەستەی. شارە (حا): شار. (و)ی نێوان (شارە) و (مودیر) لە (ن)دا نییە.

(٢٧) واتە: کەس نەچێتە پێشەوە: حاجی غەنی کاری هەیە و خەریکی ڕاوێژ و تەگبیرە، سەری لێ تێك مەدەن، سەرقاڵی جێگیرکردنی نوفووسە و باجی دووکانەکان ڕێكدەخا!

تەدبیرییە (ن): تەدبیرە. هەڵەی نووسینە.

(٢٨) واتە: حاجی میرزای پیاوی تورکەکان کەوتە ناو ئیش و بازاڕ و ترازووی شاردەوە (ڕۆژی دزییە!) و وەك "هەمزاغای مەصرەف"ی بەرپرسی دارایی بابانەکان، حیسابی دەرامەتی جۆگای ماڵوان دەکا. ماڵوان کەوتووەتە نێوان عەربەت و سەییدصادق لە پارێزگای سلێمانیی ئێستا.

حاسیبە (ن): حاشیبە. هەڵەی نووسینە.

(٢٩) خوڵمار: خورماڵ: ناحیەیەکی سەر بە قەزای هەڵەبجەیە لە پارێزگای سلێمانی. باز: دووبارە.

باقڵ: بە عەقڵم، پێم وایە. دۆم: تیرەیەکی کوردی خەریکی کڵاش دروستکردنە.

واتە: میراو و کاربەدەستی (خورماڵ) و جۆگەی (دەڵێن) "صالح"ە، کاروباری دۆمەکانیش بە "جەببار" سپێردراوە.

(سیری) لە (مان، ن)دا بێمەعنایە! خورماڵ و بەر (دەڵێن) بە دەغڵۆدان و مەرەزە بەناووبانگ بوون، نەك سیر. مادەم "صالح" ناویشی بەدوادا هاتووە، دەبێ وشەکە (میری) بووبێ، واتە صالح میری خوڵمار و دەڵێنە. نوسخەی (حا) بە (میری) نووسیویە.

سپەرد (حا): سپارد.

"ئاغه طاها" مەشوەرەتجۆیە لەگەڵ سەرکاتبی
وا دەزانم وەرگرێ حوکمی (چیاسەوز و (شوان)! (٣٠)
بۆ گەڕانی دەوری شار، ئەمشەو "مەلا یوونس" دەچێ
مشتەکەی گورز و کەمەندی کشتەك و دەرزیی سینان!! (٣١)
"حامید" و "وەستا حسێنی کۆڵ" لە شارا گەزمەچین
هەردو بۆ خوێنڕیتنی دز کۆ بە کۆ تیشنەن بە جان (٣٢)
شیری قەیچی، تیری دەرزی، زەرگی نیوگەز، دیرعی ڕم!
نەخ کەمەند، ئیسپەر (دتو؟)، جەوشەن بەتێ، بەنبڕ ددان؟ (٣٣)

(٣٠) ئاغا طاها: گەورەی بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی کە سەر بە تورکان بووە. سەرکاتب: رئیس الکتاب، سەرۆکی میرزاکان. فەرمانێکی دیاری کاربەدەستانی تورك بووە. مەشوەرەتجۆ: خەریکی پرس و ڕاوێژ. چیاسەوز: دێیەکی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەرە. شوان: ناوچەیەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کرکووکە.

واتە: ئاغا تاها لەگەڵ سەرکاتب خەریکی ڕاوێژە و دەیەوێ نەرمی بکا کە کاروباری (چیاسەوز) و (شوان) بگرێتە دەست.

(٣١) لەوە دەچێ ئەم مەلا یوونسە تورکخوایە دژم بووبێ، چونکە ئامرازەکانی نیوەی دووەمی بەیتەکە تایبەت بە دژمن.

واتە: ئەمشەو مەلا یوونس نۆبەچییە بۆ پاسەوانیی دەوروبەری شار، گورز و گۆپاڵی مشتەی پەڕۆکوتین و کەمەندی لە کشتەکی کلاش‌دوورینە و نووکەتیریشی دەرزییە.

(٣٢) گەزمەچی: شەوگەرد، حەسحەس.

واتە: حامید و وەستا حسێنی کۆڵ، کە لەوە دەچێ تەنها وەستا حسێن یا هەردووکیان بەرگدروو بووبن، لە شاردا حەسحەسن. ئەم دوانە، بە گیان تینوون بە خوێنی دزان و شاخ بە شاخ بە دوایاندا دەگەڕێن. دیارە سالم پلاریان تێدەگرێ، ناحەقی نییە، کۆڵ چۆن کاری حەسحەسی و شەڕەشەوی پێ دەکرێ؟!

(٣٣) سالم لەم بەیتەدا بە تەوسەوە ناوی چەکی ئەو دوو حەسحەسەی هێناوە.

قەیچی: مەقەست. زەرگ: نێزەی سێ‌سووچی باریکی کورت. نیوگەز: پێوانیەکی قوماش و شاڵ. دیرع: زرێ. نەخ: تاڵی دەزوو. کەمەند: پەتی سەرقوڵفەدار بۆ بەستنەوە. ئیسپەر: قەڵغان. دتو؟: ڕەنگە (وتد- وەتەد) بێ بە مانای پواز، یان (وتر- وەتەر) بە مانای ژێ. جەوشەن: کراسی زرێ. بەتێ: بطی، بەتیە، عابای هاوینە. بەنبڕ: تیغ.

**غەڵبەغەڵبی «هەی بکوژ» هەڵسا لە دەشتی «چوارباغ»**
**"قادری دەللاکە"، هەر شەو تا سەحەرگەهـ، پاسەبان! (٣٤)**
**سەتڵی سەرخووسێنی تەپڵ و ئەسپی قاپقاپی حەمام!**
**لۆنگی جەوشەن، شیری کزلك، تۆپزی کاری ددان! (٣٥)**
**وا موسەللەح بوون بە ئەسبابی یەلی نەجاری شار**
**بۆ کەمینگاهی گوزەر وەك شێری بەندی بەردران (٣٦)**

واتە: مەقەست شمشێری دەستی، دەرزی تیریەتی، نیوگەزەکە زەرگە، گەزی ڕمە، دەزووی کەمەنـدە، قەڵغانی پواز یان ژێیە، عابا کراسی زرێیەتی، ددانی خۆی تیغیەتی.

زەرگی (حا): خرکی. دیرعی (حا): زەرعی. «ین‌بی» لـە «مـان، ن»دا دەبـێ «یـەنبێ» بووبـێ، وەك لـە «حا»دا نووسراوە. ددان (مان، ن): دوان. هەڵەیە. مادام ناوی چەند ئامرازێکی وەك مەقەست و دەرزی و قەڵغان و شتیوا هێنراوە، دەبێ «بەنبێ» بێ کە ئامـرازێکی لـەو بابەتەیـە بـە مانـای تیـغ و لـەگـەڵ «ددان» دەگونجێ، نەك «دەوان» کە بۆ ئێرە نابێ.

(٣٤) واتە: غەڵبەغەڵبی بگرە و بەریمەدە و بیکوژە لە دەشتی چوارباغ بەرز دەبووەوە. قادری ناتری حەمام شەو تا بەیانی پاسەوانە!

(٣٥) لۆنگ: فۆتەی حەمام، پەشتەماڵ. کزلك: قەڵەمبڕی بچووك.

واتە: ئەم قادری دەللاکە کە کراوەتە پاسـەوان، تەپلەکـەی بریتییـە لـەو سـەتڵەی کـە سـەری کڕیارەکانی خۆی تێدا دەخووسێنێ بۆ تاشین. قاپقاپی حەمام ئەسـپیەتی. پەشـتەماڵی حـەمام کراسـی زرێیینیەتی. چەقۆی بچووکی قەڵەمبڕ شمشێریەتی. کاری تۆپزی بە ددانی جێبەجێ دەکا.

سەتڵی (مان، ن، حا): سەطلی. تەپڵی (مان، ن، حا): طەپڵی. تۆپزی (مان، ن، حا): طـۆپزی.

(٣٦) یەل: پاڵەوان. کەمینگاه: حەشار، شوێنی خۆشاردنەوە بۆ ڕاو یا بۆسە بۆ کوشتنی خـەڵك. شێری بەند: شێری بەندکراو.

واتە: وا کۆمەڵی دارتاشانی شار پڕچەك بوون بە ئامێری پاڵەوانی بۆ ڕێگەگرتن، وەك شێری نـاو قەفەزی بەردراو هاتنە مەیدان.

خوێندەوار کە ئەم بەیتانەی بەرچاو دەکەوێ، عەقڵی بۆ ئەوە دەچێ کـە کاسـبکاران و بازرگـان و ئەم کەسانە لـەتەك حوکمی بابان ناتەبا بوون و بەرژەوەندیان لـەگەڵیان جووت نەهاتووەتەوە.

**ناچەخ و تیر و کەمان و زەرگ و دەشنە و دەهرە بوو**
**ئەسکەنە و تێشە و مشار و لێسك و مەنگەنە و کەوان (٣٧)**
**چاکی کرد "میرزا سلێمان" پاسی دەککەی زیندروو**
**سەنگەری دەستگایە بۆ شەڕ، شەو هەتا وەختی بەیان! (٣٨)**
**مشتەیی نایە هەمانە و دەیوەشێنێ میثلی گورز!**
**گازنی تیژی نەجەخ، زووپین درەفش، ئیسپەر هەسان! (٣٩)**
**موونیسی خاصص و ئەدەبئامووزی پاشایە "بزە"**
**بۆ نەدیمی چوون "وزە"ش بێنن لە (تیمان) و (کچان) (٤٠)**

(٣٧) ناجەخ: ناچەخ ڕاستە، تەورزین، تیرێکە سواری جەنگی بە پاڵی زینی ئەسپەکەیەوە دەیبەستێ. دەشنە: کێرد یا خەنجەرێکی چکۆلەی نووكتیژی دەمی تیغ بەرزی دەسكکورتە. دەهرە: قەمەیەکی سەر وەك داسی مشتووئاسنە. ئەسکەنە: ئامرازی دارکۆڵینی دارتاش. تێشە: تەشوێ. لێسك: تیغی دەمخواری کەوچكتاشین.

واتە: تیر و کەوان و زەرگ و خەنجەر و قەمەی ئەم دارتاشانە، بریتی بوون لە ئامێرەکانی دارتاشیی وەك ئەسکەنە و تەشوێ و مشار و لێسك و مەنگەنە و کەوانی مەتێ کە داری پێ کون دەکرێ. سالم گاڵتەیان پێدەکا.

(٣٨) دەککە: دووکانی بچووك.

واتە: میرزا سلێمانی زیندروو چاك پاسی دووکانەکەیی دەکرد، چونکە دەستگای زیندروونەکەیی شەو تا بەیانی بۆ شەڕ کردبووە قەڵغان!

(٣٩) مشتە: ئامرازی چەرمکوتانی دۆم و کەوشدروو و زیندروو. گازن: پارچە پۆڵایەکی تیژی سەر وەك دەمە تەورە و بۆ بڕین و ڕێکخستنی چەرم بەکار دێ. نەجەخ: ناچەخ، تەورزین. زووپین: نێزەیەکی بچووکی سەر دووفلیقانەیە. ئیسپەر: قەڵغان.

واتە: ئەم میرزا سلێمانە زیندرووە، کە یەکێکە لەوانەی هێنراونەتە مەیدانی پاڵەوانی، مشتەکەی خستووەتە ناو هەمانە و وەك گورز دەیوەشێنێ، لەباتیی تەورزین گازن، لەباتیی نێزەی سەر دووفلیقان درەوش و لەباتیی قەڵغان هەسان بەکاردەهێنێ. دوور نییە سالم (مشتە و هەمانە)ی بە ڕەمز بەکارهێنابێ و مەبەستی پێ سیخوڕی بێ.

مشتەیی نایە (حا): مشتەی نایە ناو.

(٤٠) پاشا: مەبەست موتەسەڕیفی سلێمانییە، دیارە کە تورك بووە! موونیس: هاودەم و خەمڕەوێن.

باشخەیاطی خەرقەیی (کەهیا) "ئەلە کۆپاندروو"!!
"ئەحمەد ئاغای دەرزیباشی" بوو بە قاترچیی خەران!! (٤١)
هەی پەنا بە خوا لەدەست ئێڵی غەوارەی دەوری شار:
کافرۆشی و چنگنی و چووچانیی و جافی تەلان! (٤٢)
عەزمی هەر کارێ بکا، -فەرضەن- ئەگەر "کاکئەحمەد"ە
وای دەماڵن سێ کەڕەت تا دێتە (کانیی ئاسکان)! (٤٣)

نەدیم: هاومەجلیس و قسەخۆش. تیمار: دێیەکی بەری ناوچەی (قەرەداخ)ە لە پارێزگای سلێمانی.
کچان: دێیەکی ناوچەی (سەنگاو)ە. "بزە" و "وزە"یش، لەوە دەچێ دوو زەلامی لۆتیمەشرەب بووبن.

واتە: ئەدەبفێرکەر و خەمڕەوێنی تایبەتیی پاشا "بزە" بوو، چوون "وزە"یش بۆ هاودەمیی بزە، یا بۆ هاودەمیی پاشا، بێنن. ئەم دوو نموونەیە لە دێی تیمار و کچان بوون.

(٤١) دەرزیباشی یا تەرزیباشی: باشخەیات، سەروەستای بەرگدرووەکان.

واتە: هەموو شتێك لەم وڵاتەدا هەڵگەڕاوە و پێچەوانەیە؛ ئەوەتە بەرگدروو و خەرقەدرووی (کەهیا) "ئەلەی کۆپاندروو" بوو، دیارە کورتاندروو و بەرگدروو کوجا مەرحەبا؟ ئەگەرچی دەستی خۆش و کەهیا لەوە زیاتر هەڵناگرێ! کەچی ئەحمەد ئاغای سەربەرگدرووی دیاری کرا بە قەتارچیی کەران، ئەڵبەتە ئەمەیان سەر بە بابان بووە و تۆڵەیان لێ کردووەتەوە.

(٤٢) غەوارە، کافرۆشی، چووچانی و چنگنی: لە تیرەکانی هۆزی جافن، غەوارە لە نێوان پێنجوێن و سەییدصادق و کافرۆشی لە ناوچەی بازیان دادەنیشن و هەموویان لە ناوچەی سلێمانی جێگیرن. تەلان: دێیەکی ناوچەی (سووورداش)ی پارێزگای سلێمانییە.

سالم داد و هاواریەتی لەدەست کردەوەی ناپەسەندی ئەمانە، کە تێکچوونی دەسەڵاتی بابانیان بە هەڵ زانیوە و هەڵیانکوتاوەتە سەر شار! دیارە هەڵوێستیان دژی بابان بووە.

خوا (ن): خودا.

(٤٣) فەرضەن: تەنانەت، یا وای دابنێین.

واتە: ستەم و دەستدرێژی ئەوەندە زۆر بوون، لەوانەیە تەنانەت ئەگەر "کاکئەحمەدی شێخ"یش تەنها بیەوێ بە جووڵانەوەیەکی عادەتی بجووڵێتەوە، سەرباری ڕێز و پیرۆزییەکەی، سێ جار گەڕەکەکەیان دەماڵنەوە و گسکی لێ دەدەن و تاڵانی دەکەن، تا دەیگەیێننە (کانیی ئاسکان) کە گەڕەکێکی ڕۆژئاوای سلێمانییە.

بۆ نەجیبانی ویلایەت بوونە ئافەت، نانەجیب
جامەیی شەهری لەدەست صەحرانشین بەس دادڕان (٤٤)
"بانەیی" و "ئەوضا سوتەڵ"، هەردوو شەریکی قیسمەتن
ئەبتی طوغرا بوون بە حوکمی (ماوەت) و سەمتی (قەشان) (٤٥)
لوطفی ڕۆمی پەرتەوی ڕۆژە، لە نیک و بەد دەدا!!
لەقلەق و نێریش دەچن بۆ ضابطیی نەهری (مووان)! (٤٦)
کەس نەڵێ ڕۆمی لە تەسخیری مەمالیک چابوکن
سستییی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکیی ئەوان! (٤٧)

(٤٤) جامە: کراس. شەهری: شاری، خەڵکی شار.
واتە: خەڵکی نانەجیب بوونەتە ئافەتی گیانی نەجیبانی شار، کراسی شارییەکان بە دەست دێنشینەکانەوە دادڕان.

سالم لێرەیش هەموو خەڵکی دەشت بە نانەجیب دادەنێ و خەڵکی شار ئەوانەی وا سەر بە بابانن، بە نەجیب. بێ گومان نابێ مەبەستی هەموو دەشتنشینەکان بێ، بەڵکوو تەنها ئەوانەی کە دژی حوکمی بابان بوون. ئیتر سالم لەو ڕۆژەدا بیری لەوە نەکردووەتەوە کە بۆچی ئەم جۆرە خەڵکانە دوژمنی بابانن؟ تەنها ئەوەی ڕەچاو کردووە کە بابانەکە حوکم و دەسەڵاتێکی خۆماڵییە.

صەحرانشین (حا): سەحرانشین.

(٤٥) بالنی: بەپێی نوسخەی (ن) (بانەیی)یە، کە ناسناوی کەسێکی بە ئەسڵ خەڵکی (بانە)ی دیوی کوردستانی ئێران بووە. ئەوضا سوتەڵ: عەولا سووتەڵ. دەبێ ئەم جووتەیش سەر بە تورکەکان بووبن، وا بە فەرمانی پاشاکەیان کاری بەڕێوەبردنی (ماوەت) و (قەشان)ی دوو دێی ناوچەی شارباژێڕیان وەرگرتووە.

(بالنی) لە (مان)دا هەڵەی نووسینە. (و)ی نێوان (بالنی) و (ئەوضا) لە (مان)دا نییە.

(٤٦) نێری: حەیوانەکێویی شاخداری نێر.

سالم پلاری گرتووەتە دەسەڵاتی تورکەکان و بە شێوەیەکی ڕەمزی وتوویە: نەوازشی تورک وەك ڕووناکیی خۆر (!) وەهایە، چاك و خراپ دەگرێتەوە: لەقلەق و نێری، لێهاتوو و لێنەهاتوو دەچن بۆ ڕێکخستن و میراویی جۆگەی (مووان) لە ناوچەی شارەزوور!

ضابیطی (مان، ن، حا): ظابیطی. هەڵەیە.

(٤٧) چابوك: چالاك.

واتە: کەس نەڵێ تورکەکان ئازان و وڵاتان دەهێننە ژێر دەستیان، چونکە سستی و بەدیی بەختی

**وەر نە ڕۆستەم وەك ئەمان كەی دێتە دەست بۆ چابوكی؟**
**وا بە جورئەت، وا بە غیرەت، وا یەل و صاحێبسینان! (٤٨)**
**وەختی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی وا پێدەكەن؛**
**دێتە لەغزش پێ و ڕیكاب و سست دەبێ دەستی عینان (٤٩)**
**شێری بێشەی موڵكی «بابان»، مەردی مەیدان ظاهیرە**
**گەر كەسێ بێنێتە خاطر دەستوبردیی گەرمیان (٥٠)**
**مەرگی توركانی جەفاجۆ صەدقەدەم پێش گوللە كەوت**
**تا پلە ئەنگوشتێ بۆسێ، ئەو گەیشتە سەر نیشان (٥١)**
**ئیختیراعی تورك لە دڵدا مەشقجۆی شێوەی شوغال**
**یەككەتازی كورد لە دونبالی وەكوو شێری ژیان (٥٢)**

عەشیرەتی ئێمە بووە بە مایەی چالاكیی ئەوان.

(٤٨) یەل: پاڵەوان. سینان: سەری ڕم.

واتە: ئەگەر بەدبەختی نەبێ چۆن ڕۆستەم وەك بابانەكان ئاوها چاونەترساو و بەغیرەت و پاڵەوان و تیربەدەست دێتە دەست؟

ئەمان (حا): عەزیز. ڕاسترە، چونكە باسی كەسێكی وەك ڕۆستەم كراوە.

(٤٩) لەغزش: لەرزە. ڕیكاب: ئاوزەنگی. عینان: جڵەو.

واتە: كاتی هێرشی وەها سەر لە دوژمن دەشێوێنن و وای پێ دەكەن، پێی لە ئاوزەنگیدا دێتە لەرزین و دەستی جڵەویشی سست دەبێ.

دەكەن (حا): دەكا.

(٥٠) شێری بێشە: شێری جەنگەڵ، ئازا.

واتە: ئەگەر یەكێ لە بیری بێ و شەڕی بەدەستوبردی گەرموگوڕیان بێنێتەوە بیر، بۆی دەردەكەوێ شێری بێشەی موڵكی بابان "ظاهیر بەگ"ە. لەوە دەچێ ئەم ظاهیر بەگەیش یەكێك بووبێ بۆ خۆی، یا ظاهیر ناو نییە و مەبەست ئاشكرایە.

ظاهیرە (حا): میر عەزیز.

(٥١) واتە: توركانی ستەمكار كاتی جەنگ سەد پێ پێش ئەوەی گوللەیان بگاتێ، لێی دەكەوتن و دەمردن، تا ئەنگوست پیلكەی تفەنگی ماچ دەكرد، گوللە دەیدا لە نیشان.

(٥٢) تورك داهێنانەكەی ئەوە بوو بە شێوەیەكی بێدەسەڵاتانە و سستی وەك چەقەڵ مەشقی كردبوو،

خۆ لە بیمی تیغی جانفەرسایی میر، ئەو ڕۆژە تورک
میثلی کەوباڕی هەڵۆبین شەشجیهەت لێکهەڵوەشان (٥٣)
هەر کە شوعلەی ماهیچەی تیغی بوڕەهنە، بوو ظوهوور
وەك قوڵنگی شەوچرابین تێکەڵاو بوون، ڕۆمییان (٥٤)
گوللەتۆپ وەك تۆپی قایش بوو لە ئاقار غیرەتی
طەبعی جۆیای بەزمی شێلگ بوو لە جێی سینەی کەمان (٥٥)
بۆ قوماری مەعرەکە تیغی بە ڕووتی نابەزێ
بۆ جەلای جەوهەر لە خوێنی موددەعی وەردەگرێ، قان (٥٦)

لە کاتێکدا تانجیی کورد وەك شێری ڕاستەقینە بەدوایدا ڕایدەکرد.

(٥٣) بیم: ترس. جانفەرسا: گیانئازاردەر. میر: مەبەستی عەزیز بەگە. کەوباڕ: بێچووەکەو. هەڵۆبین: چاوی بە هەڵۆ کەوتبێ.

واتە: سوپای تورك لە ترسی تیغی گیانئازاردەری عەزیز بەگ، وەك بێچووە کەوێك کە هەڵۆ ببینێ، سەری لێ شێوا، ڕاست و چەپ و سەر و خواری لێ تێکچووبوو.

لێکهەڵوەشان (حا): لێکدابڕان.

(٥٤) ماهیچە: مانگە بچکۆلە، وێنەی مانگی یەكشەوە کە لە ئاڵتوون و زیو و جەواهێرات دروست دەکرا و لەسەر ئاڵای پادشاهان دادەنرا، بەڵام سالم لێرەدا بۆ ئەو تیغە بریقەدارەی بەکارهێناوە کە نیمچە کەوانەییە. بوڕەهنە: ڕووت.

واتە: هەر کە تیشکی تیغی ڕووتی بابانیان دەرکەوت، ڕۆمییان وەك قاز و قوڵنگ کە بە شەو چرا ببینن و بە شەوارە بکەون، بەیەکدا دێن.

(٥٥) جۆیا: بەدواداگەڕاو. بەزم: کەیف و شادی. شێلگ: دەسترێژی تفەنگ و ڕیزی گوللە. سینەی کەمان: بەزەویداکەوتن و هەستانەوەی تیری کەوان، یا (سینەکەمان)ە کە ئامرازێکی کۆنی مۆسیقایە.

واتە: گوللەتۆپی تورك بەرامبەر بە مەردایەتی و غیرەتی جەنگاوەرانی بابان، وەك تۆپی لە چەرم دروستکراو وابوو، هیچ کاریگەری و زەبری نەبوو. لەباتیی بەزەویداکەوتن و هەستانەوەی تیر و نیشانەپێکانی، حەز لە دەسترێژ و ڕیزی گوللەی تفەنگ دەکرا؛ یان لە جێی ئاوازی ئامێری مۆسیقای وەك سینەکەمان، خولقی گەڕان بەدوای کەیف و شادیی دەسترێژکردن لە ئارادا بوو.

(٥٦) قوماری مەعرەکە: شەڕی بردنەوە یا دۆڕاندن. جەلا: دەرکەوتن. موددەعی: دوژمن کە تورکە. قان: خوێن.

**شۆری مەخفیی ڕۆمییان، زانیوتە بۆ ظاهیر دەبوو؟**
**نووکی نەی دەیخۆند لە دڵیانا هەموو ڕازی نیهان! (٥٧)**
**ئیسمی قابیض بوو، لە جێی جەوهەر، لە حەربەی ڕممی ئەو**
**وەك چەپەر پۆستەی ئەجەل هات و بە تورکی دا نیشان (٥٨)**
**وەختەبوو تای پیرەهەن کفنی حەیات کەن بۆ مەمات**
**هەر لەناکادا نیظام دایان لە ڕیزی باڵەبان (٥٩)**
**ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە، ئەگەر نەگرێ نیظام**
**قەومی نووحیش دەچنە جەننەت، بێ شك و شوبهە و گومان (٦٠)**
**صەرفی نەقدی ڕۆحی شیرین بوو، هەتا پەروەردە بوون**
**بەچچەگورگئاسا لە ئاخر کەوتنە کۆزی دوودمان (٦١)**

واتە: خەنجەر و شمشێری بە ڕووتی هەڵکێشراو لە شەڕی بردنەوە یا دۆڕاندا کاری خۆی دەکا و نابەزێ، چونکە خوێنی دوژمن وەردەگرێ بۆ مشتومالدانی خۆی تا گەوهەری خۆی دەربخا.

(٥٧) نووکی نەی: مەبەستی نووکی تیرە.

واتە: زانیوتە بۆچی شۆر و هەرای شاراوەی تورکان دەردەکەوێ؟ نووکی تیر لە دڵیاندا بوو بە نەی و هەموو پەنامەکییەکانی دەخوێندەوە.

(٥٨) قابیض: ئیزرائیل، گیانکێش، فریشتەی گیانکێشان. حەربە: نێزە، قەمە. چەپەر: تەتەر. نامەبەر. پۆستەچی. ئەجەل: وادەی مەرگ.

واتە: ناوی گیانکێش لە شوێنی جەوهەری نێزە و قەمەی ئەو دەهێنرا، فریشتەی گیانکێشان وەك تەتەر هات و مردنی نیشانی تورکان دا.

(٥٩) واتە: ئەوەندەی نەمابوو کراسی ڕۆمییەکان ببێتە کفن و بکوژرێن، کەچی لە ناکاودا کەوتنە لێدانی ڕیزی چەند دەهۆڵێکی گەورە (باڵەبان) کە نیشانەی سەرکەوتنی ڕۆمییان بوو.

پیرەهەن کفنی حەیات کەن بۆ مەمات (حا): پیرەهەنیان بێتە جامەی ئاخیرەت.

(٦٠) نیظام: مەبەستی سوپای تورکە.

واتە: ئەگەر ئاهی ئەم حاکمانەی بابان کە تێدا چوون، سوپای تورك نەگرێ و نەیسووتێنێ، بێگومان قەومی نووحیش دەچنە بەهەشت. یانێ سوپای ڕۆمی لە قەومی نوح ستەمکارتر بوون.

(٦١) واتە: نەختینەی گیانی شیرین لە پێناوی پەروەردەکردنی سوارەی باباندا بەخەرج درا و بە خوێنی دڵ پەروەردە کران، کەچی ئەوان وەك بەچکەگورگ کەوتنە ناو کۆزی خانەدانەکان و لەناویان بردن!

فەرقی فەخری میرئالاّ گەییبە بەهرام و ئەسەد
کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حاڵە، میری بازیان (٦٢)
باز وەکوو بازی تەوار دەورێکی کرد و هاتەوە
دەوری کەهیا و شاری دا، دیسان بڕا ڕای نۆکەران (٦٣)
ئاغەلەر، وەك گورچکی گا، هەر یەکێ فیکرێ لە دڵ
خۆ نیظامیش میثلی سەوسەن، جوملە خودڕوو، دووزوبان (٦٤)
هاتە ژێر پاساری تەنگ لەشکر، ڕیکاب ئەندەر ڕیکاب
کەوتنە سەر کۆڵان و بێڕێگە، عینان ئەندەر عینان (٦٥)

بەچچە گورگ‌ئاسا لە ئاخر (حا): عاقیبەت وەك گەڵلەگورگ ڕەو. (گم): بەچکە گورگ‌ئاسا لە ئاخر.

(٦٢) فەرق: تەپڵی سەر. بەهرام: ئەستێرەی مەریخ. ئەسەد: بورجی پێنجەمی پاش قـرژاڵ و وێنـەی پێنجەمی ناوچەی بورجەکان لە نیوەگۆی باکـووری ئاسماندا کە بە شـێوەی شـێری نێـر دەردەکـەوێ، بەرامبەر بە مانگی گەلاوێژە. قەعر: قووڵایی، بن. چاه: چاڵ.

واتە: لەوکاتەدا کە "عەزیز بەگ"ی میری بازیان کەوتە قووڵاییی چاڵی خەم و شکا، سەری میرئالاّی تورك گەییە ئاسمان، گەییە مەریخ و ئەسەد، دیارە سەرکەوتوو بووە.

میرئالاّ (گم) میملاّیی.

(٦٣) باز: دووبارە. تەوار: چابوك و تیژپەڕ، بازی مێیینە.

واتە: عەزیز کە هێشتا بە تەواوی بەیدەست نەکرابوو، وەك بازی ئـازا دەورێکـیتـری دایـەوە و هاتەوە مەیدان. وەك چۆن باز بەچـکەکانی لـە تەنگانـەدا بـەجێناهێڵـێ، دەوری "کـەهیا" و شـاری سلێمانیی دا و ڕێی نۆکەرانی تورك بڕا.

تەوار (مان، ن): طەوار. شاری دا (حا): شاری گرت. بڕا ڕای. (گم): بە ڕاڕای.

(٦٤) ئاغەلەر: ئاغاکان، بنەماڵەیەکی دەسـڕۆی شـار بـووە. گورچـك: گورچـیلە. سەوسـەن: گوڵێکە بە چەند ڕەنگ دەبێ. جوملە: هەموو. خودڕوو: کەسێ فێر و پەروەردە نەکرابێ.

واتە: ئاغاکان وەك گورچیلـەی گا بچووك بوونـەوە و هەریەکـە بیریـان لـە شـتێك دەکـردەوە. سوپای تورکیش وەك گوڵە سەوسەن بە چەند ڕەنگ و زمانێ خۆی نوواند.

ئاغالەر وەك گورچکی گا هەر یەکە (گم): وەگ گورچکی هەر یەکە. ناتەواوە. خودڕوو (گم): دووڕوو.

(٦٥) واتە: لەشکر ئاوزەنگی لەپاڵ ئاوزەنگی هاتە ژێر پاساری تەنگی دیواری خانووی گەڕەکەکان.

بوو بە جێی بەبر و غەضەنفەر، کووچە کووچە و ناو سوقاق
سەرمەحەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جانسۆتان (٦٦)
ڕەنگی صەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای (پیرمەصوور)
گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی، هەوهەوی سوارەی (بەبان) (٦٧)
پەیکی تەقدیر بوو بە سەققا، ڕاوییەی ظوڵمی بە دۆش
ئاوی ئەڵماسی بە تیزی ڕیتە حەلقی پڕدڵان (٦٨)
ئارەقی ئابی نەبوو، غەیرەز شڕەنگ، مینایی تیغ
بێخودیی نەشئەی خەمۆشی تا حەشر بوو بۆ یەلان (٦٩)

هەروەهایش، جلەو لەناو جلەو کەوتنە کۆڵان و شوێنی بێڕێگە.

بێڕێگە (گم): سەرسیلە، واتە سەرەتای کۆڵانی ڕێگە.

(٦٦) واتە: کووچە بە کووچە و کۆڵان بە کۆڵان بوو بە شوێنی بەور و شێر. سەری کۆڵان وەك بێشەی لێ هاتبوو، ئەوەندە سەرە نێزەی گیاندەرکێشی تێدا بەرز بووبووەوە، دەتوت بێشەیە.

کووچە کووچە و (حا، گم): کووچە کووچە.

(٦٧) واتە: شیوەکەی (پیرمەسوور) کە لەناو گەڕەکی (مەلکەندی)دایە و کەوتووەتە بەشی باکووری سلێمانییەوە، ڕەنگی دەشتی مەحشەری گرتبوو، لە لایەك گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی و لە لایەك هۆهۆی سوارەی بابان.

(٦٨) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین.

پەیك: نامەبەر، تەتەر. سەققا: ئاوگێڕ. ڕاویە: ئەو دەفرەی کە ئاوەکەی تێدایە. دۆش: کۆڵ. تیز: تیـژ. ڕیتە: ڕشتە. حەلق: گەروو و قورگ. پڕدڵ: دڵپڕ، جەنگاوەرانی ئازای بابان.

واتە: تەتەری قەزاوقەدەر بوو بە ئاوگێڕ و دەفری پڕستەمی بە کۆڵەوە بوو. ئەم ئاوگێڕە ئاوی بەسەر خەڵکدا دابەش نەدەکرد، بەڵکوو ئاوی ئەڵماسی تیغ و ژەهری مەرگی بە تیژی دەڕژاندە ناو قورگی جەنگاوەران.

(بوو) لە (ن)دا کەوتووە.

(٦٩) شڕەنگ: ژەهر، کاڵەکەمارانە کە زۆر تاڵە. بێخودی: بێهۆشی. یەلان: پاڵەوانان.

واتە: مینای شیر و خەنجەری جەنگاوەران ئارەقی ئاوی نەبوو، تەنها ژەهری پێوە بوو. بێهۆشی و نەشەی بێدەنگی تا حەشر بوو بە بەشی جەنگاوەران.

**بوو بە جاڕووبی مەحەللە هەر طەرەف پەنجەی پەڕیو**
**پەیکراو بێپێ لە مەیدان، پەهلەوان وەك پاڵەوان (٧٠)**
**«سەن سەن»ی سوارەی نیظام و «گێل ئۆلان»ی تورك ئوشاخ**
**بگرە بگرەی کوردزوبان و ئاخ ئاخی تورکمان! (٧١)**
**قەهرْناك و سەربوڕەهنە، ئاتەشئەفشان، حەملەوەر**
**جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەر سوو وەکوو بەبری بەیان (٧٢)**
**هەی خودا ڕۆ، لەو دەمە چیی کرد غەوی تۆپ و تفەنگ؟**
**سەرزەمین تاریك و دونیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسْمان (٧٣)**

(٧٠) جاڕووب: گسك.

واتە: پەنجەی پەڕیوی خەڵك بووە گسکی گەڕەکەکان، ئەوانەی وا لە مەیدانـدا دەستوپەل بـڕاو بوون، بێپێ بوون. پاڵەوانی ئازای نەپێکراو وەك واشەی بەهەڵمەت بوون.

بێپێ (حا): پێ بوو. هەڵەیە. (پەیکراو) شێوەی (پێکراو)یش هەڵـدەگرێ، بـە مانـای بەرکـەوتوو و کوژراو. پەهلەوان وەك (گم): پەهلەوانی. (پاڵـەوان) لـە هـەموو نوسـخەکاندا کـە هـەر (پەهلـەوان)ە، ناگونجێ بەو جۆرە دووبارە کرابێتەوە و دەبێ (باڵەوان) بێ بە مانای واشە، کە بۆ ئەم جێیە دەست دەدا.

(٧١) سەن سەن: تۆ تۆ. گێل ئۆلان: وەرە کوڕە. ئوشاخ و ئوچاق: تورکی منداڵ.

واتە: لایەك تورك سەن سەنی بوو، «کوڕە وەرە»ی بوو، لایەك بگرە بگرەی کوردزمان بـوو. لایـەك ئاخ ئاخی تورکان بوو، بگرە و بەردە و من و تۆ بوو، کوشت و هاوار و ناڵین بوو.

نیظام و (گم): نیظامی. (گێل) لە (ن)دا کەوتووە.

(٧٢) قـەهرناك: تـووڕە و ڕقهەسـتاو. سـەربوڕەهنە: سـەرپەتی، سـەرڕووت. ئاتـەشئەفـشان: ئاگرووەشێن. حەملەوەر: هەڵمەتبەر. جەنگجۆ: شەڕکەر و ئازار. بـەبری بـەیان: دڕەندەیـەکی ئـازای دوژمنی خوێنەخۆی شێرە.

بەیتەکە وەسفی جـەنگاوەرانی کـردووە و وتوویـە: ئەوانـە تـووڕە و سـەرپەتی و ئاگرووەشـێن و بەهەڵمەت و شەڕکەر و ئازا بوون، وەك بەبری بەیان.

(٧٣) غەوی: دەنگی زۆر بەرز.

واتە: ئەی هاوار لە سامی ئەو ڕۆژە، ناڵەی تۆپ و تفەنگ چیی کرد، سەرزەمین تاریك، دنیا پـڕ لە تۆز، گوێی ئاسمانیش لە بیستنی ناڵە کەڕ بوو!

خودا (گم): خوا. غەوی (گم): تەقەی.

**ماهی طالیع ڕووی میحاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوەگەر**
**خەرمەنی شادی لەبەر با، بەرقی غەم ئاتەشفشان! (٧٤)**
**لاغەریی طالیع شکاندی، حەسرەتا، بازووی قەوی**
**ئەختەری بورجی موظەففەر، خۆی لە ئێمە کرد نیهان (٧٥)**
**گەرچی پێشاپێش بە هەیبەت چوون و ئازا کەوتنە باڵ**
**حەسرەتا، باز هەم نەیانزانی نیظام وا بێحەیان (٧٦)**
**سێ بلووک لای پشتی گرت و سونگیدووران هاتنە پیش**
**فیرقەیێ لای (پیرمەصوور) و نیوی کۆڵانی (ئەحان) (٧٧)**

(٧٤) واتە: مانگی بەخت ڕووی لە (میحاق) بوو و گیرابوو، خۆری نەگبەتی جیلوەدار بوو. خەرمانی شادی لە بەر بادا بوو، لەباتیی خەمبەبادان شادی بە با درا، خەمیش ئاگری دەوەشاند. یانێ خەرمانی شادی هەم با دەیبرد و هەم ئاگر دەیسووتاند و ئاگر و با پێکەوە کاریان دەکرد.

ڕووی (مان، حا): ری. (گم) ڕێی. وا بزانین هەردووکیان هەڵەن، –وەك نووسراوە– (ڕووی) ڕاستە.

(٧٥) ئەختەر: ئەستێرە.

واتە: داخەکەم بەختی لەڕی کوردان بازووی بەهێزی شکاندن، هەروەها ئەستێرەی بورجی سەرکەوتوو خۆی لە ئێمە شاردەوە.

بازووی. (گم): بازوو و.

(٧٦) باز: دیسان. نیظام: سوپای تورك.

واتە: ئەگەرچی کوردان بە هەیبەت و سام و باڵگرتنەوە چوونە پێشەوە بۆ مەیدانی جەنگ و ئازایانە تێهەڵچوون، بەڵام داخەکەم دیسان نەیانزانی سوپای تورك وا بێشەرم و ئابڕوون.

پێشاپێش (گم): پێشاوپێش. چوون و ئازا کەوتنەباڵ (گم): بوون و ئازا چوونە پێش. (چوون) لە (ن)دا کەوتووە.

(٧٧) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (حا)دا نین.

بلووك: سریەی عەسکەری. سونگی: قەمە. سونگیدووران: ئەوانەی قەمەیان بەدەستەوە بوو دوور بوون، یا بە قەمە دروێنەی خەڵکیان دەکرد، یا سونگیدەوران: قەمەی گەمارۆدەر، یان سەنگی دەوران: بەردی قەزا و قەدەری ڕۆژگار.

هەر چۆن کۆمەڵی جەنگاوەرانی بابان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دران، سێ سریەی عەسکەری پشتیان لێ گرتن، کۆمەڵی قەمەبەدەست هاتنە پێشەوە، تیپێك هاتنە لای (پیرمەسوور) و نیوەیان بۆ کۆڵانی ئەحان.

سەربلووکیان خاڵەکەی هەورامی بوو و "قالەی شەریف"
هەم ڕەفیقیان بوو "عەزیز"ە حیزەکەی (چووچانییان) (٧٨)
پێشی دەمیان ئۆغڵەمەی تۆپ، پشتی سەر ئەو ئاگرە
گەییە چەرخی هەفتەمین لەو حینەدا ئاه و فیغان (٧٩)
غەیری تیغی تەڕ، گەرووی لەبتیشنەگان ئاوی نەدی
کوشتەگانی کوردزوبان، دەدوت شەهیدی کەربەلان (٨٠)
گوێی فەلەك کەڕ بوو لەبەر ناڵە و نەفیری ئەهلی شار
لامەکانی گرت صەدای ناڵە و فیغان و «الأمان» (٨١)

سێ بلووك (گم): سەربلۆك. سەربلۆك: سەرۆكی بلۆك. (گم) نیوەی دووەمی بەیتی پێشووی دووبارە داناوەتەوە.

(٧٨) ئەم بەیتە لە (مان، ن)یشدا نییە.

واتە: فەرماندەی سریەکەیان خاڵەی هەورامی و "قالەی شەریف" بوون، عەزیزە نامەردەکەی چووچانییەکانیش هاوڕێیان بوو. ئەم زەلامانە سوارە و نۆکەری تورکەکان بوون.

هەورامی بوو و (گم): هەورامی بوو.

(٧٩) ئۆغڵەمە: گرمەگرم.

واتە: بەردەمی جەنگاوەرە کوردەکان گرمەگرم و تۆپ بوو و پشتیان ئاگری بلووکەکان بوو، ئەو کاتە ئاه و ناڵە و هاوار گەیشتە ئاسمانی حەوتەم.

ئوغڵەمە (گم) شێلکی. هەفتەمین لەو حینەدا (گم): حەوتەمین لەو عانەدا.

(٨٠) ئەم بەیتە لە (حا، گم)دا نییە.

گەروو: قوڕگ. لەبتیشنەگان: لێوتینووەکان.

واتە: قوڕگی بریندارانی تینوو، جگە لە تیغی تەڕ، دڵۆپی ئاوی نەدی. کوژراوانی کوردزوبان دەتوت شەهیدەکانی کەربەلان، کە بە تینوویەتی سەریان نایەوە.

دەدوت (ن): دەدگوت.

(٨١) لامەکان: دنیای نامادی کە شوێنێکی دیاریکراوی نییە.

واتە: گوێی ئاسمان لە بیستنی ناڵە و هاواری ئەهلی شار کەڕ بووبوو، ئەو هەموو ستەمەی نەدەبیست. دەنگی ناڵەناڵ نەك تەنها هەموو جێ (مکان)ێکی گرتەوە، کەوتە (لامەکان)یش.

(ناڵە و)ی یەکەم (گم): ناڵەی. (ناڵە و)ی دووەم (گم): ئاه و.

موددەعی کوێر بێ، نیظام ئیفلیج، مەکان زیروزەبەر
میری (سووورداش) و "ئەمینە"ی پیاوی، هەردوو ئەنگووان (٨٢)
گەر عەشیرەت گریە کەن هەریەك، هەتا دەمرن، کەمە
کوشتنی ئەو بای موخالیف بوو لە شەمعی دوودمان (٨٣)
ڕۆژی قەتڵ ئەمڕۆیە، ئەلحەق ((وا حوسەین))ی پێ دەوێ
بۆ ئەدای قەضیە سەراسەر نیلْگوونە ئاسمان (٨٤)
یادگاری حاکمان و جانشینی سیلسیلە،
ناموراد و نەوڕەس و مەقصەدنەدیو و نەوجەوان (٨٥)
سا فەلەك! کەیخوسرەوی خوێنی سیاوەش گوم مەکە
ڕۆستەمی ثانی "عەزیز"ە و موددەعیی تووورانییان (٨٦)

(٨٢) سووورداش: ناوچەیەکی بەری ڕۆژاوای پارێزگای سلێمانییە.

واتە: چاوی بەدکار و ناحەز کوێر بێ، سوپای تورك ئیفلیج بێ، شوێن سەرەوژێر و کاول بێ، میری سووورداش و ئەمینەی خزمەتکاری هەردوو پێکران و کوژران. دیارە ئەم میرە یەکێك بووە لە ناودارەکانی بابان.

(٨٣) واتە: ئەگەر هەموو عەشیرەتی بابان تا ئەندازەی مردن بۆ ئەم کارەساتە بگرین، هێشتا کەمە. کوشتنی میری سووورداش بایەکی خراپ و پێچەوانەی ڕووی ڕاستەقینە بوو بۆ مۆمی خانەدان و کوژاندیەوە.

دەمرن (گم): ئەمرن. کوشتنی ئەو (حا): کوشتنی میر. (گم): کوژتنی میر. لە (گم): بە.

(٨٤) نیلگوون: شین.

واتە: ئەمڕۆ ڕۆژی کوشتارەکەی کەربەلایە، تەنها حوسەین ڕۆ ((وا حوسەین))ی پێ دەوێ. هەموو ئاسمان شین بووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەسەلەیە کە پرسە و ماتەمە.

قەضیە (گم): تازییە. وا بووایە جوانتر دەبوو.

(٨٥) نەوڕەس: نۆبەرە، تازە پێگەیشتوو.

سالم درێژەی بە وەسفی میری سووورداش داوە و وتوویە: یادگار و جێنشینی زنجیرەی حاکمانی بابان بوو، ئازا و نەوجەوان و تازەڕەسیو بوو کە لەکیس چوو.

نەوڕەس. (گم) نەورەسی.

(٨٦) ئەم بەیتە و پێنج بەیتی پاشەوەی لە (گم)دا نین.

قادری قودرەتنوما! تۆ قودرەتی خۆت کردە کار
"قادر"ی ئێمەت موسەلسەل خستە بەندی ڕۆمییان (٨٧)
وەر نە قادر! تۆ دەزانی قەت کەسێ قادر نەبوو
وا بە مەقهووری، بکا "قادر" ئەسیری ڕۆمییان! (٨٨)
گوللە وەك تەرزە دەباری، ئەهلی لەشکر کەوتنە باڵ
پای ڕیکابیان قورسلەنگەر بوو، سەبوك دەستی عینان (٨٩)
هاتنە ناو کۆزیلەکەوە، چەندێك سەلامەت چوونە دەر
بەعضێ کوژران، جوملەیێ گیران و چەندێ ڕووت کران (٩٠)

واتە: دە سا ئەی فەلەك! کەیخوسرەو ئاسا و ئازایانە خوێنی سیاوەش ون مەکە و تۆڵـەی بسێنە. عەزیز، ڕۆستەمی چەرخی خۆیەتی و موددەعیی تورکانە. مەبەستی ئەوەیە هەروەك سیاوەش بە دەستی ئەفراسیاب و تووورانییەکان ڕۆیشت و ڕۆستەم تۆڵـەی سـەندەوە، میری سووورداشـیش تورکـەکان کوشتیان و عەزیز ڕۆستەمی دووەمە و تۆڵەی دەستێنێ.

(٨٧) قادر: دوور نییە قادر پاشای سلێمان پاشای ئیبراهیم پاشای بابان بێ، کە ساڵی ١٢٥٨ك (١٨٤٢-١٨٤٣) محەمەدنەجیب پاشای والیی بەغدا -پاش ئەحمەد پاشا- کردیە میری بابـان، بـەڵام نەچووە سەر کار و میرایەتیی نەبینی (بڕوانە: عماد عبدالسلام رؤوف، إدارة العراق- الاسر الحاكمة ورجال الادارة ة والقضاء في العراق في القرون الوسطى، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٦١).

واتە: ئەی خودای توانای توانایینوێن، تۆ توانی خۆتت کردە کار و "قادر"ی پیاوی ئازای بابانت بە زنجیرەوە خستە بەندی ڕۆمەکان.

ئێمەت (حا): میرت.

(٨٨) واتە: ئەگینا خودایە تۆ ئاگاداری کەس نەیدەتوانی قادر ببەزێنێ و بە شکاوی دیلـی بکـا. قادری یەکەم: خودایە. قادری دووەم: هەر کەسێکی توانا. قادری سێیەم نـاوی یـەکێکی تایبەتـە لـە بابانەکان کە دەشێ قادر پاشای ناوبراو بووبێ.

(٨٩) واتە: گوللـە وەك تەرزە دەباری. سوپای ڕۆم باڵی لێ پەیدا بووبوو، پێیان لـە ئاوزەنگیـدا خۆی نەدەگرت و دەستی جڵەویان شل بووبوو.

ئەهلی لەشکر کەوتنە باڵ (حا): ئەسپی کەوتوو کەوتنە ڕەت. قورس (مان، ن): قورص.

(٩٠) کۆزیلکە: کۆز، چەپەر، کۆمەڵ و کۆبووەوە.

واتە: ڕۆمییەکان کەوتنە ناو و گەمارۆ دران، هەندێکیان بە سەلامەتی دەرچوون، هەندێکیان کوژران و

ئەم لە غەمدا هاتە جۆش، ئەو سێر و ئەمیان بوو غەنی:
سەگ لە لاك، عەسكەر لە ماڵ و دڵ لە تیغی قاتیلان (٩١)
دەرپەڕین، باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە
حەسرەتا! یەکدڵ نەگەینە شیوەکەی گردی (گولان) (٩٢)
مەیلی لانیان بوو، وەکوو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە
دەرنەچوون، چا بوو، بە حەملەی دێڵە (کەهیا) کول کران (٩٣)
گەر مەحەللی گریە بوو، ئەو وەختە من زۆر پێکەنیم
پووره "ماتان"، "ئەحمەد ئاغا"ی بردە شکڵی (دۆمەکان)! (٩٤)

کۆمەڵێکیش ڕووت کرانەوە.

(٩١) سێر: تێر.

واتە: سەگ لە ئەنجامی ئەم شەڕە خوێناوییەدا لە لاك تێر بوو، عەسکەر بە تاڵان دەوڵەمەند بوو، دڵیش لە خەمی ستەمی بکوژان هاتە جۆش.

ئەو سێر و ئەمیان (حا): ئەم سێر و ئەویان.

(٩٢) باز: دیسان. ئیقدام: دەستکردنەوە، هاتنە پێشەوە. بیدعەت: شتێکی لەوەوپێش نەبووە.
گولان: گردی (مامەیارە)ی ئێستایە، کە پێشتر لە دەرەوەی نزیکی ڕۆژهەڵاتی شار بووە و مردووانی نەخۆشیی گولیی لێ نێژراون، بۆیە ناوی (گولان)ی لێ نراوە.

واتە: ناکۆکی کەوتە ناو ڕیزی کوردان و بە هۆی ئەو قسەوقسەلۆکی بڵاوکراوەی ناڕاستانەوە، ئیتر ئارەزووی دەستکردنەوە و شەڕیان نەما. ئەوەیش کارێکی کرد هەموویان یەکدڵ نەبن و نەگەنە شیوی لای گردی (گولان)ی مەیدانی شەڕ.

(٩٣) ئەم بەیتە لە (مان، ن، حا)دا نییە.

کولکران: شەکەت و ماندوو کران، دیلکران، یا کۆڵکران: نوقسان کران.

واتە: ئەوانە وەك کەروێشکی ماندووی ڕاونراو کە خۆی دەشارێتەوە، مەیلی لانیان هەبوو و خۆیان دەشاردەوە و نەیاندەویست دەرکەون. بە هێرشی دێڵە کەهیای تورك لە لان دەرنەچوون و نەکەوتنە بەردەست، ئەوپەڕی شەکەت و ماندوو بوون یا نوقسان یان دەستگیرکران. ((چا بوو))، دەستەواژەیەکی نەگونجاوە بۆ ئێرە، ڕەنگیشە مەبەست ئەوە بێ کە هەر چاکیش بوو نەکوژران.

(٩٤) واتە: ئەگەرچی ئەو وەختە وەختی گریان بوو، من زۆر پێکەنینم بە ڕووداوە سەیرەکانی ئەم دنیایە دەهات: پووره "ماتان"م دی، ئەحمەد ئاغای بردە شکڵ و جلوبەرگی دۆمەکان، تا نەناسرێتەوە و

گەرچی میصره (شارەزوور)، ئەمما خەرابە بێ "عەزیز"
ڕوو دەدا لەم خەڵقە ئاخر، حاڵەتی کەنعانییان (٩٥)
شێری بێشەی موڵکی (بابان) بوو "عەزیز"، ئەمما دریغ
وەك گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان (٩٦)
دیدە نابینایە وەك "یەعقووب" لە هیجرانی "عەزیز"
تۆی خودا! صاحێبمەکان و تۆی خودایا! لامەکان (٩٧)
کەوکەبەی بەختی "عەزیز"م وا لە چاها بێنەدەر
شەعشەعەی ئەمری مونەووەر کا، زەمین و ئاسمان (٩٨)

بەر دەستی دوژمن نەکەوێ؛ یا ئەحمەد ئاغا سەر بە تورکەکان بووە، پوورە ماتان لێی هاتووەتە دەم و ئابڕووی بردووە!

گەر (گم): سەد. ئەو وەختە من (گم): ئەمما ئەمن. شکڵی (گم): شلی. هەڵەی چاپە.

(٩٥) واتە: ئەگەرچی شارەزوور ئاوەدانە وەك میسر، بەڵام بەبێ "عەزیز"ی بابان وەك وێرانەیە. ئاخری خەڵکی ئەم وڵاتە بەدەست دوژمنەوە، تووشی دەردی کەنعانییەکان بوون بە دەست فیرعەونەکانی میسرەوە. سالم شانازی بە وڵاتەکەی و بە عەزیز بەگی بابانەوە دەکا و وڵاتەکەی ئەوی کردووە بە وڵاتی میسر و ئەمیش بە عەزیزی میسر کە خاوەنی شکۆ و دەسەڵات بووە.

خەرابە (گم): خراپە. دەدا (گم): ئەدا. لەم خەڵقە ئاخر (ن): ئاخر لەم خەڵقە.

(٩٦) دریغ: حەیف. داموسك: مووی کلکی یەکسم.

واتە: بەداخەوە، ئەگەرچی عەزیز شێری بێشەی وڵاتی بابان بوو، بەڵام ڕیزی قەومەکەی شل و شێواو بوو، وەك گرێیەك لە مووی وڵاخی یەکسم بێ کە زوو دەکرێتەوە، وا زوو هەڵوەشان و پەرەوازە بوون.

(ئاو) لێرەدا گونجاو نییە و دەبێ بە هەڵە نووسرابێ و لە بنەڕەتدا (وا) بووبێ، یانێ وەها قەومەکەی لە بەریەك هەڵوەشان.

(٩٧) واتە: چاو، وەك چاوی یەعقووبی باوکی یووسف کە لەتاو دوورکەوتنەوەی کوڕەکەی نابینا بوو، نابینا بووە. خودایە تۆ خاوەنی هەموو شوێنێکی و شوێن و جێوڕێیشت دیار نییە.

خودا (گم): خوای. خودایا (گم): خودایی.

(٩٨) کەوکەبە: ورشەوپرشە. شەعشەعە: درەوشانەوە.

واتە: ورشەی بەختی عەزیزم لە چاڵدایە، دەری بێنە، تا گڕ و ڕووناکیی فەرمانی ئەو زەوی و ئاسمان نوورانی بکا. عەزیز و چاڵ، ئەم بەسەرهاتە لە چیرۆکەکەی حەزرەتی یووسف (د.خ) وەرگیراوە.

**چەنگڵی شەهبازی بازی (بازیان)ی باز نەدی**
**فش هەڵات کەهیا لەسەر بەیضەی طەمەع وەك ماکییان (٩٩)**
**بۆ مەداری نانی عەشرەت، قەت مەدارێکی نەبوو**
**ئاشەکەی طەبعی بە ئاوی کەیدی ڕۆمی هاتە دان (١٠٠)**
**بەختی سووتێ، سا لە ڕێی حەق، حەق حەقی لێ وەرگرێ**
**بەدنمەك گیری نمەك بێ، وەك ئەوانی دا بەمان! (١٠١)**

کەوکەبەی (گم): کەوکەبی. "عەزیز"م وا لە چاها بێنە دەر (حا): بە عیززەت وا لـە چـاها بێنـە دەر. (گم): لە چاهادا بە پڕتەو بێتە دەر.

(٩٩) چەنگڵ: چنگ، قولاپ. شەهباز: شاباز. بازیان: ناوچەیەکی باشـووری ڕۆژاوای سـلێمانییە. باز: دیسان. بەیضە: هێلکە. طەمەع: تەماع، چاوچنۆکی. ماکییان: مریشکەبەکڕ.

واتە: "کەهیا"ی پیاوی تورك ڕۆژیەتی کە چنگاڵی شابازی بازیانی دووبارە نەدی و دیل کرا، فش بووەوە و وەك مریشکەبەکڕ لەسەر هێلکەی تەماع خەوت. دیارە بازی بازیان عـەزیزە کـە حـاکمی بازیان بووە.

چنگڵی (گم) جەنگەڵی. باز (حا): ئاخ. نەدی (ن): بەدی. هەڵەی نووسینە. (گم) نەوین.

(١٠٠) (مەدار)ی یەکەم: تەوەرەی ئاش کە مایەی مانـەوە و ڕاگرتنـە. (مـەدار)ی دووەم: بـار و ڕێوشوێن. کەید: فڕوفێڵ و ساختەکاری.

واتە: یا کـەهیا بـار و ڕێوشوێنێکی نەبوو بۆ دابینکردنی بـژێوی خـەڵك، ئاشـی تەبیعەتی بە ئـاوی فڕوفێڵی تورکانە گەڕا و هاتە دان؛ یان عەشیرەت لە پێناوی ڕاگرتنی نانی خۆیـدا، ئـارامی لێ بـڕا و پشتی کردە عەزیز، ئیتر ئاشی تەبیعەتی بە ئاوی فێڵ و دەستبڕیی تورکان گەڕا و دانی دا.

بۆ مەداری .. تاد (گم): بۆ مـودارای نـانی عەشـرەت قـەت مـەدارێکی نـەبوو. عەشـرەت (گـم): عەشیرەت.

(١٠١) (حەق)ی یەکەم: ڕاستی، هەق. (حەق)ی دووەم: خودا. (حەق)ی سێیەم: مـاف و بـەش. بەدنمەك: بێوەفا. گیری نمەك: چاوشۆڕی ئەنجامی سپڵەیی و تووشی بەڵا هاتن. ئـەوان: عەشـیرەت و خەڵکی بابان. ئەمان: تورکان.

واتە: سپڵە و بێوەفا بەختی ڕەش بێ و خودا لە ڕێی ڕاستیدا هەقی لێ وەربگرێ و دوچاری بەڵا بێ، وەك خەڵکی بابانی خستە ژێر دەستی تورکان.

-١٦- (*)

(در وصف پريشانى نوكرانى بابان بعد از رفتن عبدالله پاشا به قسطنطين)

بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصەی موڵکی بابانن

لە بێدادیی فەلەك هەر یەك سەراسیمە و هەراسانن (١)

جەوانانی سەهی‌قەد بەسکی داماون لە بێچیزی

لەژێر باری غەما هەریەك، لە خەمدا میثلی چەوگانن (٢)

(*) ئەم پارچەشیعرە لە (مان، ن، عا، گم) هەیە. ناونیشانەکەی لە (مان، ن)دا یانێ: باسی ناخۆشی و پەرێشانیی نۆکەران و داردەستەی بابان، پاش ڕۆیشتنی عەبدوڵڵا پاشا بۆ ئەستەموڵ. لە (عا)دا نووسراوە: ((ذكر پريشانى نجباى بابان از گفتهٔ نالى در ولايت سليمانيه انشا شده))، واتە: ئەم پارچەشیعرە باسی بابانە نەجیبەکان دەکا و شیعری "نالی"یە و لە شاری سلێمانی وتراوە. لە کۆتاییی شیعرەکەیشدا نووسراوە: لە شاری تاران داینراوە. بەڵام دیارە شیعرەکە هیی "نالی" نییە و "نالی" ئەو وەختە هەر لە سلێمانی نەبووە. سەرەڕای ئەوە، ناسناوی سالم بە ڕێکوپێکی لە دواین‌بەیتی شیعرەکەدا هەیە و لە نوسخە تایبەتییەکەی "سالم"یشدا جێ‌کراوەتەوە. خوالێخۆشبوو "گیوی موکریانی"ش (گم) لە پێشەکیی ئەم پارچەشیعرەدا نووسیویە: ((شیوەن و هاوار و دادی سالم لەدەست زۆرداری و بێدادیی خوێنمژانەی ڕۆمان و ڕووخانی سەرای دەوڵەتی بابان. ئەم چامەی خوارەوە بە پێنووسی دوکتۆر کەمال فوئاد لە ڕۆژنامەی "ژین"ی ژمارە (٣٥) لە بەرواری ١٩٧١/٨/١٢دا بەخش کراوە)).

کێشی عەرووز: هەزەجی هەشتیی تەواو.

(١) بەدا: تەعبیرێکی فارسییە، بە کوردی یانێ ئای کە خراپە. خاصە: داردەستە و نزیکانی سەرای بابانەکان.

واتە: ئەوانەی کە نزیك و داردەستەی بابانەکانن، حاڵ و باریان لەبەر بێدادیی ڕۆژگار خراپە و پەرێشان و سەرگەردانن.

بەدا (گم): بەدە.

(٢) سەهی‌قەد: باڵاڕێك. بێچیزی: تەنگ‌دەستی و هەژاری. چەوگان: گۆجان.

واتە: جوانانی باڵاڕێك لەبەر هەژاری ئەوەندە داماون، پشتیان لەژێر باری خەمدا وەك گۆچان چەماوەتەوە.

هەر یەك (عا): هەر جا. لە خەمدا (گم): لە خەم وا.

له بابانا گرفتارن، پەرێشان‌خاطر و بێکەس
بە جەمعییەت سیەهبەختانە وەك گێسوویی خووبانن (٣)
گەدان و بۆ گەدا دەرگانە وا ناکەن لە بێچیزی!
وەکوو نەڕڕادی دانا هەر لە فیکری خانەبەندانن (٤)
لە ظوڵمی چەرخی دوونپەروەر سەخی‌طەبعانی حاتەمدڵ
بە ڕاهی کۆیی دوونانا لە هەر سوو کاسەگەردانن (٥)
بە دەستی کەشمەکەش هەر سوو دڕا بەرگی خودئارایی
قەبایی نۆکەر و ئاغا هەموو بێ چاك و دامانن (٦)
لە بابانا ئەمێستە چونکە قاوەی نۆکەری دۆغە،
لە حەلقەی ئەهلی حەسرەتدا هەموو کەمۆڵە فنجانن (٧)

(٣) سیەهبەختانە: بەخت‌ڕەشانە، بەدبەختانە.

واتە: ئەم خاصصانە لە وڵاتی بابـانـدا گـیرۆدە و دڵپەرێـشانن، لـە ڕەشـی و کۆمەڵـیـدا وەك زوڵفی جوانانن.

(٤) وا ناکەن: ناکەنەوە. نەرڕادی دانا: تاوڵەزان و نەردێنکەری زانا. خانەبەندان: یانە و کۆڕبەستن.

واتە: ئەم خاصصەی بابانانە خۆیان گەدان و دەرگا لـە گەدا ناکەنەوە و هیـچیان نییـە بیانـدەنێ، هەمیشە خەریکی دەرگاگرتنن، وەك یاریزانەکان لە یاریی تاوڵەدا کە ماوەی هاتنـەژوورەوەی داشـی بەرامبەرەکەیان نادەن. سالم لـە شوبهاندنەکەدا هەر مەبەستی خانەگرتنەکە و دەرگانەکردنەوەیە.

هەر لـە (ن): لە هەر. هەڵەی نووسینە.

(٥) کاسەگەردان: کاسەگێڕان، کاسە دەسووڕێنێتەوە و داوای شت دەکا.

واتە: حاتەمخووەکانی بابان لـە ستەمی چەرخی نامەردپەروەرەوە بە دەهەندە کاسەیان بـە ڕێگـەی دەورووبەری ماڵی نامەرداندا هەڵگرتووە و داوای خواردن دەکەن.

(٦) خودئارایی: خۆڕازاندنەوە. قەبا: کەوا.

واتە: بەرگی جوانییان بە دەستی کێشمەکێشی چەرخەوە دڕاوە و کەوای نۆکەر و ئاغا چـاك و دامێن دڕاو و پچڕاوە.

هەموو (گم): هەمووی.

(٧) ئەمێستە: ئێستە. دۆغ: دۆ. کەمۆڵە: کۆتلك، کاسەی دارینی دۆخواردنەوە.

ئەوانەی تورمەپۆش و شەهدنۆش و نازپەروەر بوون
ئەمێستە خانەبەردۆش و نەخۆش و زار و عوریانن (٨)
ئەوانەی جێنشیمەنیان لە گۆشەی تەختی حاکم بوو،
بە دەشتی شەهرەزوورا، جوملە، وەك غوولی بیابانن (٩)
دەلەرزن هەوری نەو گەر بێتە ڕووی گەردوون لە پایزدا
بە ڕووتی، کۆنە خەزپۆشان لە فیکری بەرگی زستانن (١٠)
صەفی باشانی ‹باب ئۆغلی› لە دێی ‹کۆستە› و ‹دەباشان›ا،
بە دەوری گەللەدا چۆماغدەرکەف، جوملە چۆپانن (١١)

واتە: ئێستا قاوە لەناو بابانەکاندا نەماوە، لە جێی قاوە دۆیە. کەمۆڵەی دۆ لە مەجلیسی ئەهلی خەفەت و پەژارەدا، لەباتیی فنجانی قاوە دەگێڕن.

ئەمێستە چونکە (عا): ئێستە چون. کەمۆڵە (گم): کەم و لە.

(٨) تورمەپۆش: قوماشی تورمە لەبەرکەر، تورمە شاڵێکی گرانبەهایە. شەهدنۆش: هەنگوینخۆر. نازپەروەر: بە ناز پەروەردەکراو. شەهد: هەنگوین. خانەبەردۆش: ماڵبەکۆڵ، کینایەیە لە هەژاری و سەرگەردانی. عوریان: ڕووتوقووت.

واتە: ئەوانەی کە تورمەیان دەپۆشی و هەنگوینیان دەخوارد و بە ناز و خۆشی پەروەردە کرابوون، ئێستا ماڵبەکۆڵ و دەردەدار و داماو و ڕووتوقووتن.

شەهدنۆش (گم): شەهد و نۆش. بەردۆش و (گم): بەردۆشن. ئەمێستە (عا): ئێستە.

(٩) نشیمەن: دانیشتن.

واتە: ئەوانەی کە جێی دانیشتنیان لە گۆشەیەکی تەختی پادشای حوکمداردا بوو، وەك دێوی بیابان بە دەشتی شارەزووردا بڵاوەیان لێ کردووە.

ئەوانەی (عا، گم): کەسانێ. شەهرەزوورا (گم): شارەزوورا.

(١٠) خەز: ئاوریشم.

واتە: ئاوریشمپۆشەکانی ئەوسا لە بیر و ترسی چاری بەرگی زستانیدا، هەر کە هەوری تازە لە پایزدا بێتە ڕووی ئاسمان، بە ڕووتوقووتی دەلەرزن و خەمیان لێ دێ زستان چی لەبەر بکەن؟

نەو (گم): نوو.

(١١) ئەم بەیتە لە (عا)دا نییە.

مووریدی خانەقاه زۆرن لە عەهدی عەدلی ڕۆمیدا!
لە ئاغایانی بێبەش، حوجرەها جێی تەوبەکارانن (١٢)
ئەگەرچی طاعەتی جەبرە، وەلێ عیللەت بە بێکاری
وەکوو قاری یەکایەك حافیظی سی جزمی قورئانن (١٣)
لە طوولی ڕۆژگارانا لە هەر لا خادیم و مەخدووم
وەکوو ئەصحابی پێغەمبەر -عومووممەن- ڕۆژەدارانن (١٤)
سیەهبەختانی بێدەوڵەت، لەبەر بێماڵیی و عوسرەت
گەهێ حەمماڵی ماڵانن، گەهێ عەللافی مەیدانن (١٥)

باب ئۆغلێ: ئەوانەی وا دارودەستە و کارهەڵسووڕێنی ناو بارەگای میرانی بابان بوون. کۆستە و دەباشان: ئەوسا لە دەرەوەی سلێمانی بوون. گەللە یا گەلە: مێگەل. چۆماغدەرکەف: کوتەكبەدەست. چۆپان: شوان.

واتە: ڕیزی پیاوە باشەکانی باب ئۆغلێ، ئێستا لە دێی (کۆستە) و (دەباشان) کوتەکیان بە دەستەوەیە و شوانی مەڕ و ماڵاتن.

دەباشانا (ن): دەباشانە.

(١٢) سالم بە توێکڵەوە قسەی کردووە و وتوویە: مووریدی خانەقا لە سەردەمی دادی (؟) تورکاندا زۆر بوون و حوجرەکانی خانەقا بوونەتە جێگەی ئاغایانی بێبەش.

خانەقاه (عا، ن): خانەقەه.

(١٣) واتە: ئەگەرچی ملکەچیی قورئان ئەرکە، بەبێ نرخی نایلێم، بابانەکان لەبەر بێکاری هەموو سی جزمەی قورئانیان لەبەرە و بوونەتە قورئانخوێن.

جەبرە (عا): زۆرە. هەروەها جەبرە دوور نییە (خەیرە) بووبێ. قاری (گم): قارئ.

(١٤) طوولی ڕۆژگاران: بە درێژایی ڕۆژ. ڕۆژەداران: ڕۆژووەوانان.

واتە: بابانی بە نۆکەر و گەورەی خزمەتکراوەوە، لەبەر نەبوونی خواردەمەنی، وەك هاوڕێیانی پێغەمبەر (د.خ) هەموو بە درێژایی ڕۆژان بەڕۆژوون.

طوولی (ن): توولی. هەر لا (عا): هەر جا.

(١٥) واتە: بەختڕەشانی بێسامان، لەبەر بێماڵی و دەسکورتی، جارێ کۆڵکێشی ماڵانن، جارێ دەغڵفرۆشی مەیدانن. دیارە مەبەست لە (عەللاف) بەردەستی عەلافە، ئەگینا عەلاف دەوڵەمەندە و بۆ ئەم باسە ناشێ. سالم مەبەستی هەژاربوونی بابانەکانە.

نه بانیی و نه باغی ما له فەوجی لەشکری ئیسلام
له خۆفا طیفلی مەردوم وەك عەیالی ئەهلی زەنگانن (١٦)
صەفی مەقرووضی قەرضی ئیلتیزامی حاصیڵی ڕۆمی
لەناو هەورامیی و کوردا هەموو تەبدیل و پەنهانن (١٧)
له فیکری ئیلتیزاما، شەو دەکەن شوورا لەبەر عوسرەت
سەحەر بۆ هەوڵی قووتی شەو له ناو شارا پەرێشانن (١٨)

(١٦) ئەم بەیتە لە (عا)دا نییە.

زەنگان: زەنجان ڕاستە کە شارێکی باکووری ڕۆژاوای ئێرانە.

بانی: بنیادنەری ئاژاوەکە کە کوردانی دوژمنی بابان بوون. باغی: دەسدرێژیکەران، ئەوانەی کە ئاژاوەکەیان بە هەلزانی و ڕژانە ناو شار و دەستیان کرد بە ڕاووڕووت. جەیشی ئیسلام: سوپای تورك.

واتە: فەوجی لەشکری تورك کە کاری بۆ تەخت بوو و ئیشی بە داروەدەست نەما، نە بنیادنەری ئاژاوەکەیان لە سوپادا هێشت و نە دەسدرێژیکەران، مانەوە تورك و تورك! بۆیە منداڵی خەڵك لە ترساندا وەك زنجییە قولەڕەشەکان بوون بە خزمەتکار. بەکورتی، کە تورکەکان جێی خۆیان قایم کرد، شەپێکیان لە داردەستەکانیان دا و لە سوپا دەریان کردن!

جێی باسە، (بانی) لە دوادواییی ئەم پارچەشیعرەدا، بەم مەعنایە کە ئێمە بۆی چووین، بەکار هاتووە. سالم خۆیشی دەڵێ: لە ئەصلا بانییی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون.

(گم)، لەباتیی نە بانیی و نە باغی، چەند نوختەیەکی داناوە بەم جۆرە (...).

(١٧) ئیلتیزام: ئەو ماڵ و پارەیە کە حکوومەتی تورك بەرامبەر بە زەویوزار و کشتوکاڵ لە خەڵکی سەندووە. صەف: ڕیز.

واتە: کۆمەڵی ئەوانەی کە قەرزاری حەقی ئیلتیزامی تورك بوون، خۆیان لەناو هەورامی و کورددا ون کرد لە ترسی پێبژاردن. بە دوور نازانرێ مولتەزیمەکان لەنێوان میری و فەللاحەکاندا بووبن، یانێ هەر کەس مولتەزیمی سەرانەی ناوچەیەك بووبێ.

قەرضی (گم): قەرزی. هەورامیی و (عا): هەورامییا. هەڵەیە.

(١٨) واتە: قەرزدارەکانی ئیلتیزام شەو کۆڕ دەبەستن بۆ ڕاوێژکردن، سبەی زوو هەموو بۆ هەوڵی ژیان لە ناو شاردا دەسووڕێنەوە و سەرگەردانن.

ئەوانەی بەرشکەستی ئیلتیزامی حاصیلّی ڕۆمن
لەتاو بێنە و نییە، گاگەلچەڕێنی میری جافانن (١٩)
ضەرەرکەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی
فەقیری موڵکی (هەوشار) و غەریبی شاری (تاران)ن (٢٠)
بە دیهقانی بڵاو بوون دایرەی بێکەس بە (قۆپی)دا
لە (بەڵخە) و (دۆکەرۆ) و (نەوتی) و (دەلووجە) و (سەیدوسێنان)ن (٢١)
بە کەوبازی خەریکن، دەستەیی مەعزوولی بێئاغا
موقیمی (قەهرەمان) و (مێوڵی) و (تیمار) و (باغان)ن (٢٢)
حەیادارانی بێحورمەت، لەتاو بێماڵیی و عوسرەت
فەقیری دێی (فەقیرە) و (تەکیە)وو (ئەستێڵ) و (تافان)ن (٢٣)

(١٩) بەرشکستە: تێشکاو و زیانکردوو. گاگەلچەڕێن: گالەوەڕێن، گاوان.

واتە: ئەوانەی تێشکاون و حەقی ئیلتیزامی تورکانیان پێ نادرێ، لە ترسی بێنە و نییە بوونەتە گاوانی میرانی جاف.

(٢٠) هەوشار: شاهیندژ، ناوچەیەکی نێوان بۆکان و مەراغە و میاندوواو لە کوردستانی ئێران.

واتە: ئەوانەی لە بەکرێگرتنی زەویوزاری میریدا زیانیان کردووە و بۆیان نادرێتەوە، لە وڵاتی (هەوشار) گەدان و نامۆی (تاران) و وێڵی شارانن.

چوونە (مان، ن): چۆتە. تارانن (مان، ن): طارانن. (عا): طهرانن.

(٢١) ئەم بەیتە لە (عا)دا نییە.

دیهقان: جووتیار. دایرە: دەستەودایەرە.

واتە: کۆمەڵی بێکەسان، بابانەکان، لەبەر نەبوونی بە جووتیاری بە دێهاتی (قۆپی) و (بەڵخە) و (دۆکەرۆ) و (نەوتی) و (دەلوجە) و (سەیوسێنان)دا بڵاوبوونەتەوە. ئەم دێیانە هەموویان لە ناوچەی (قەرەداخ)ی سەر بە پارێزگای سلێمانین.

سەیدوسێنانن (گم): سید سینانن.

(٢٢) واتە: ئەوانەی دەستیان لە کار کێشراوەتەوە و بێگەورەن، لە دێیەکانی (قارەمان) و (مێوڵی) و (تیمار) و (باخان)ی ناوچەی (قەرەداخ) خەریکی شەڕەکەون، کورد واتەنی: شەڕ لە بەتاڵی باشترە!

(قەهرەمان)، دێی (قارەمان)ی ئێستایە.

(٢٣) بێحورمەت: بێقەدر، بێڕێز.

گرووهێ چەمچەتاشن هەروەکوو ئوستادی خوانساری
لە دێی (تەنگی‌سەر) و (زەیدۆمەر) و (تیمار) و (دۆلان)ن (٢٤)
نەدیمانی قەدیمی موستەعیددن بۆ خەرەکداری
بە یادی توربەوو کاه و جەو و ئەفسار و پالانن (٢٥)
قەدیم تەنپەروەری نازن بە بازارا غوبارئالوود
ئەگەر گاباری کائاوەر، وەگەر هێزمفرۆشانن (٢٦)

واتە: بەشەرمەکانی سەر بە بابان، کە ئێستا قەدریان نەماوە، لەتاو بێدەستی بوونەتە فەقیر و هەژاری دێی (فەقیرە) و (تەکیە) و (ئەستێل)ی ناوچەی قەرەداخ.

لەتاو (عا): لەبەر. نوختەی (بێ)ی (بێمالیی) لە (عا)دا کەوتووە.

(٢٤) چەمچەتاش: کەوچکتاش. خوانساری: لە (خوانسالاری)یەوە هاتووە، واتە سەرپەرشتیی سفرەی مال، سەرۆکاریی چێشتخانە. ئەوی ئەو کارەیش دەکا، (خوانسار)ە.

واتە: کۆمەلێ لەوانەی وا بوونەتە کەوچکتاش وەك مامۆستای سەرپەرشتیی چێشتخانە، لە دێهاتی (تەنگی‌سەر) و (زەیۆمەر) و (دۆلان) و (تیمار)ی ناوچەی قەرەداخ دادەنیشن.

چەمچەتاشن (مان، ن، گم): چەمچەتاش. لەنگە. لە دێی تەنگی‌سەر و زەیدۆمەر و تیمار و دۆلانن (گم): لە دێی تەنگێ و ... . تەنگی‌سەر (مان، عا، ن): تەنگی‌بەر. هەلەیە، دێیەکە ناوی تەنگیسەرە. (زەیدئۆمەر) ئێستا خەلکی ناوچەکە (زەیۆمەر)ی پێ دەلێن. (عا): تەنگی‌بەر و زەیدئۆمەر و ئەستێل و تافانن.

(٢٥) نەدیم: هاودەم، نوکتەباز. خەرەکداری: کار لەسەر دەزگای لۆکەرێسی، کاه: کا. جەو: جۆ.

واتە: هاونشینە کۆنەکان ئامادەن بۆ خەرەکداری. هەروەها بە یادی توورەکەی ئەسپ و کا و جۆ و هەوسار و پالانەوە، کە ئیشی ئەوسایان بووە، کاردەکەن.

نەدیمانی (مان): نەریمانی. کاه و جەو و (عا، گم): کاوو جۆ. (جەو) ئەگەر (جۆ)ی کوردی بێ، بەیتەکە لەنگ دەبێ. سالم خۆیشی فارسییانە وتوویە: کاه و جەو و ئەفسار لەباتیی کا و جۆ و هەوساری خۆمالیی!

(٢٦) کائاوەر: ئەوی کا دەهێنێ. غوبارئالوود: تۆزاوی. هێزمفرۆش: دارفرۆش.

واتە: ئەوانەی لە پێشدا لەشپەروەردەی ناز بوون، ئێستا لە بازاردا تۆزاوین، یا بارەکا بە گا دەهێنن بۆ مەیدان، یا بارەدار دێنن بۆ فرۆشتن!

له بیمی تازییانەی مەردی ڕۆمی، سەیید و صۆفی
بە ئوممێدی گەزۆ و مازوو لەبن داری (مەریوان)ن (٢٧)
هونەرمەندانی شێرئەوژەن، قەوی‌دەستانی پیل‌ئەفگەن
لە ڕووی غەوواصی ئەتراکا وەکوو ڕووبەهـ گوریزانن (٢٨)
کوهەن‌سەوداگەری شاری لە شوورا مەصڵەحەتبینن
وەلێ نۆکەر بە بەققالی ترازووبازی دووکانن (٢٩)
کرێکارانی ناکەس بۆ بناغەی کولبەیی دیهقان
لە خانەی کاولی نۆکەر پەیاپەی خشت‌کێشانن (٣٠)

(٢٧) بیم: ترس. تازیانە: قەمچی.

واتە: سەیید و سۆفی و پیاوچاکان لە ترسی قەمچیی تورکان و ئازاریان، لەبن دارەکانی ناوچەی مەریوان بە تەمای کۆکردنەوەی گەزۆ و چنینی مازوون.

صۆفی (گم): سۆفی.

(٢٨) ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (عا)دا نین.

شێرئەوژەن: شێر بەئەرزادەر. قەوی‌دەست: دەست‌ومەچەك بەهێز. پیل‌ئەفگەن: فیل بەئەرزادەر. غەوواص: قەوواس، کەوانکێش و تیروەشێن. ڕووبەهـ: ڕێوی. گوریزان: ڕاکردوو.

واتە: هونەرمەندانی شێربەزێن و دەست‌ومەچەك بەهێزانی فیل‌بەئەرزادەر، لە ڕووی تیرهاوێژی تورکدا وەك ڕێوی هەڵاتوون.

شێرئەوژەن (گم): تیراوژەن. ڕووبەهـ (گم): ڕۆبەی.

(٢٩) کوهەن: کۆن. شوورا: ئەنجومەنی پرس و ڕاوێژ. مەصڵەحەتبین: ئەوی خێر و چاکە لە کاردا ڕەچاو بکا. وەلێ: بەڵام. ترازووباز: فێڵ‌کردوو لە کێشانەدا.

واتە: کۆنە بازرگانانی خەڵکی شار -کە دەبێ لەگەڵ بابان نەبووبن- ئەمڕۆ ئەوانن لە ئەنجومەنی شوورای تورکاندا خێر و چاکە لە کاردا دیاری دەکەن و لە بەرچاوی دەگرن! بەڵام نۆکەرەکانی بابان هیچیان بەدەست نییە، خەریکی بەقاڵی و خشت‌کێشانن!

(٣٠) کولبە: کەلاوە. دیهقان: جووتیار. پەیاپەی: سەرومڕ.

واتە: کرێکار سەرومڕ دەچن خشتی خانووی ڕووخاوی نۆکەرەکانی بابان دێنن بۆ دروست‌کردنی کۆڵیتی جووتیاران لە دەرەوەی شار. دیارە بابان و نۆکەرانی بابان کە گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی، خشتی ماڵەکانیشیان بردوون!

**به ڕێی بیم و خەطەردا یەك بە یەك بۆ قاصیدی چاكن**
**بەبێ تەكلیفی ڕەهزەن، خودبەخود بێچیز و عوریانن (٣١)**
**صەفی مەقرووضی بێتەوسەن، لە سەهمی «سەن سەن»ی ئەتراك**
**وەكوو عاشق لە هیجرانا، یەكایەك ئەشكڕێزانن (٣٢)**
**گەهێ «قلب الاسد» ئەزبەسكی بێسایەن لە وادیدا**
**وەكوو مەجنوونی صەحرایی لەبن خاری موغەیلانن (٣٣)**
**كزە و دوودی كەباب دەردێ لە مەطبەخهایی بێدوودا**
**بە یادی قووتی شامی شەو، جگەرها بەسكی بوریانن (٣٤)**

(٣١) بیم: ترس. ڕەهزەن: ڕێگر و جەردە. خودبەخود: خۆبەخۆ. عوریان: ڕووت‌وقووت.

واتە: بابانەكان و نۆكەرانیان بەبێ ڕووت‌كردنەوەی ڕێگر، ئەوەندە نەدار و ڕووت‌وقووتن، بێ‌ترس و سام بۆ تەتەری باشن، هیچیان نییە كەس لێیان بسێنێ.

ئەم بەیتە ئەوپەڕی هەژاریی بابانەكان پیشان دەدا، دیارە بە هەزارحاڵ بە سەڵتەزەلام خۆیان بۆ دەرباز كراوە.

(٣٢) صەف: ڕیز. مەقرووض: قەرزار. تەوسەن: ئەسپ. سەهم: سام و ترس. سەن سەن: تۆ كوڕە تۆ! ئەشكڕێز: فرمێسكڕێژ.

واتە: قەرزارە بێ‌ئەسپەكان، لە ترسی پرس و وەڵامی توركان، دوورەوڵاتن و وەك عاشقان فرمێسكی نامۆیی دەڕێژن.

مەقرووضی (عا): مەعزوولی.

(٣٣) ئەم بەیتە لە (عا)دا نییە.

قلب الأسد: ناوەڕاستی هاوین. ئەزبەسكی: ئەوەندە. بێسایە: بێ‌نوا، بێ‌پەنا. وادی: دۆڵ. موغەیلان: دارێكی دڕكاویی دەشتەكییە.

واتە: لە ناوەڕاستی هاوین و قرچەی گەرمادا ئەوەندە بێ‌سێبەرن، وەك شێتی دەشت لەبن دڕكی داری موغەیلاندا دەحەسێنەوە!

(٣٤) مەطبەخها: چێشتخانەكان. دوود: دووكەڵ. بەسكی: زۆر. بوریان: برژاو.

واتە: بابانەكان، لە بیری شێوی شەوانیاندا، زۆر جگەربرژاون، كزەی كەباب لە چێشتخانەی بێ‌دووكەڵیانەوە دێ!

طەڵەب ناکا گەدا قەد سوویی سفرەی صاحیبی نیعمەت
لەتاو ئەحواڵی بێنانی، لە هەر جا خوانەمیهمانن (٣٥)
بە ظاهیر خوڕڕەم و شادن لە ڕووی تورکی (ئەرۆملی)دا
لە دڵدا گەرچی دیگئاسا بە مەخفی جوملە جۆشانن (٣٦)
بە ئەحواڵی ملووکانی گەداپەروەر، دڵم سووتا
لە بابانا ئەمێستە موستەحەققی خێر و ئیحسانن (٣٧)
لە جەوری چەرخی گەردوون، بەسکی حەیرانن بە ناچاری
بە لەب خەندان و شادانن، بە دڵ غەمگین و گریانن (٣٨)
بە نامەردی سەراسەر میثلی گەرگینن لە لای ڕۆمی
ئەگەر ڕووبینتەنی عەهدن، وە گەر سامی نەریمانن (٣٩)

(٣٥) واتە: خاوەن خوان و نیعمەت گەدا بانگ ناکاتە سەر خوانی خۆی، چونکە بابانەکان –لەتاو دەردی بێنانی– هەر لایێ خوانێ هەبێ، ئەوان بەبێ بانگکردن میوان دەبن.

قەد (گم): قەت. خوانە (ن): خوارە. هەڵەی نووسینە. (گم): خانە.

(٣٦) خوڕڕەم: دڵخۆش. دیگ: مەنجەڵ. مەخفی: لە ناخەوە، ژێربەژێر. ئەرۆملی: ڕۆمەیلی، ڕۆم ئیلی، بەشی ئەورووپای تورکیا. جۆشانن: لە کوڵدان.

واتە: بە دیمەن و سەرزاری لە ڕووی تورکانی ڕۆمەیلیدا بە ناچاری ڕووخۆشن، بەڵام لە دڵدا وەك مەنجەڵ هەموو دەکوڵێن.

ئەروملیدا (عا): أورمیدا. (گم): ئەڕوومیدا.

(٣٧) ئەمێستە: ئێستا.

واتە: بەزەییم بەو پاشا و میرانەی باباندا هاتەوە کە پێشتر یارمەتیدەری هەژاران بوون، ئێستایش شایانی خێر و چاکە لەگەڵکردنن.

(٣٨) شادانن: شادمانن.

واتە: ئەوانە، لەبەر ستەمی ڕۆژگار، بە ناچاری مەست و حەیران بوون. ئەگەرچی بە ڕوخسار شادمان و لێوبەخەندەن، بەڵام لە ناخەوە گریانیان بۆ حاڵی خۆیان دێ و خەمبارن.

(٣٩) گەرگین: گەرۆڵ، گەڕ و گول، ناوی پاڵەوانێکی ئێرانیی سەردەمی کاووس و کەیخوسرەوە، لەبەرئەوەی کەیخوسرەو گوێی نەدایێ و وەك ڕێنوێن لەتەك بیژەندا ناردیە شەڕ، دوای شەڕ فریوی بیژەنی دا و ڕەوانەی تووران کرد، لەوێ گرفتاری عیشقی مەنیژە بوو. کە گەرگین بە

نیظامانی مولازیم‌مەنصەبی ماضی، ((بِحَمْدِ اللّه))
لە لادێدا بە دوو شایی هەموو جۆچێنی دیهقانن (٤٠)
خیانەتپیشەکانی فەوجی بیرئینجی لە برسانا
بە ناچاری لە دێی (صۆفی‌لەر)ا وەرزێری دۆمانن (٤١)
مەلەخ‌طەبعن لە هێشووی دەغڵی دیهقانی بە هەر لادا
لەناو جاڕی گەنم هەر یەك وەكوو داهۆڵی خەرمانن (٤٢)

ئەسپەکەی بیژەنەوە گەڕایەوە بۆ ئێران، گیو خستیە زیندان. ڕووبێن‌تەن: پۆڵابەدەن، ناساوی ئەسفەندیاریش بووە. سام: پاڵەوانێکی سیستانیی کوڕی نەریمان و نەوەی گرشاسپ بووە، یا ترس و بیم. نەریمان: باپیری ڕۆستەم و باوکی سام بووە.

واتە: بابانەکان ئەگەر جەستە پۆڵای زەمان یا سامی نەریمان بن، یان سام و ترسی نەریمانیان هەبێ، لە لای تورکان گەڕۆڵ و بێ‌نرخن.

گەرگینن (گم): گورگانین. عەهدن (عا): عەصرن.

(٤٠) شایی: شاهی، دراوێکی سەردەمی قاجاری بووە و کردوویەتیە پەنجا دینار. جۆچێن: خۆشنشین، کەسێکە لە دێدا زەویی نەبێ و بە کرێ کار بۆ ئەم و ئەو بکا.

واتە: ئەو عەسکەرانەی بابان کە لە پێشدا خاوەن پلەوپایە بوون، سوپاس بۆ خودا، ئێستا لە لادێ کرێکاری دەکەن و بە نرخێکی کەم -دوو شایی- خەریکی چاندنی جۆی جووتیارەکانن!

ئەڵبەت بۆیە دەڵێ: ((بحمد الله))، چونکە ئەمانە لەوانە بوون کە لە دوا شەڕی نێوان بابان و تورکدا لە (کۆیە) خیانەتیان لە بابانەکان کردووە و لە بەیتی دواییشدا بە ئاشکرا ئەو خیانەتەی داوەتە پاڵیان. یا ڕەنگە مەسەلەی خیانەت لە ئارادا نەبێ و بە تەوسەوە ((بحمد الله))ی بۆ حاڵ و گوزەرانیان وتبێ، کە بەس نییە ئەمانە ئەو کارەیشیان دەست کەوتووە.

دووەم نیوەی ئەم بەیتە و هیی بەیتی (٤٤)ەم لە (عا)دا جێگۆڕکێیان پێ کراوە.

(٤١) بیرئینجی: برنجی، وشەیەکی تورکییە بە مانای (یەکەم). ئەڵبەت فەوجەکە لە کاتی خۆیدا باش بووە، پاشان خیانەتیان لە بابان کردووە و بە قسەی دوژمن هەڵخەڵەتاون، دواییش تووشی ئەو نوشوستییە بوون کە بوون! صۆفی‌لەر: ساغ نەبووەوە کوێیە.

واتە: خیانەتکارەکانی فەوجی یەکەم ئێستا لە برساندا بە ناچاری لە دێی (صۆفی‌لەر) وەرزێری دۆمەکانن! دۆم کە خۆی حاڵێکی زۆر باشی نییە، ئەمان لەو نابووتتر بوون.

(٤٢) مەلەخ: کوللە.

**دریغا بۆ سواره‌ی خاصی پاته‌ختی سوله‌یمانی**
**له «قرگه» و «قزله‌ر» و «قۆرخ»، به ڕووتی جومله گاوانن (٤٣)**
**به‌سێ سه‌گمه‌رگ و بێعار و گران‌جان و سه‌بوکعه‌قڵن**
**ئه‌وانه‌ی ئه‌هلی بابانن، به‌دڵ له‌م عه‌هده خه‌ندانن (٤٤)**
**له ئه‌وضاعی سوله‌یمانی، ئه‌وانه‌ی شاد و ئاسووده‌ن**
**له فه‌رعا نوطفه‌یی حه‌یضن، له ئه‌صلا جینسی شه‌یطانن (٤٥)**
**له ئه‌صلا بانییی ئه‌م کاره کاسبهایی شه‌هری بوون**
**له ئه‌مری فیتنه‌ئه‌نگێزا، سه‌راسه‌ر، میثلی «مه‌روان»ن (٤٦)**

واته: ئه‌مانه ته‌بیعه‌تیان وه‌ك كولـله‌یه، به گوڵه‌گه‌نمی جووتیاره‌كانـه‌وه نووسـاون و لـه‌ناو جـاڕی گه‌نمدا ڕه‌ق‌وته‌ق ڕاوه‌ستاون، ده‌ڵێی داهۆڵن و پاسی خه‌رمانیان پێده‌كه‌ن!

جێی باسـه، خوێنده‌وار لـه‌م سێ به‌یته‌دا هه‌ست به‌وه ده‌كا سالم ده‌ست به سنگیدا ده‌هێنـێ و زۆری پێ خۆشه كه خیانه‌تكاره‌كان تووشی ئه‌نجامی كاری به‌دی خۆیان بوون!!

دیهقانی (عا، گم): دێهقانا. به هه‌ر (ن): له هه‌ر.

(٤٣) واته: داخی گرانم بۆ سواره‌ی تایبه‌تیی پایته‌ختی سـلێمانی كـه ئێـستا لـه‌م سـێ دێـه‌دا گاوانن: «قرگه»ی نزیكی سلێمانی، «قزله‌ر»ی لای «سووورداش»، «قۆرخ»ی ناوچه‌ی «شاره‌زوور».

پاته‌ختی (گم): پایته‌ختی. قرگه (گم): قیرگه. له قرگه.. تاد (عا): له لادێدا بـه دوو شـاهی هـه‌موو جۆچێنی دیهقانن. (گم): له قیرگه و قزله‌ر و قۆرخ به ڕووتی جومله گاوانن.

(٤٤) ئه‌م به‌یته لـه (عا)دا نییه.

واته: ئه‌وانه‌ی كه ئـه‌هلی وڵاتـی بابـانن و بـه‌دڵ ئـه‌م ڕۆژه‌یـان پـێ خۆشـه و پێده‌كـه‌نن، زۆر سه‌گمه‌رگ و بێعار و گیان‌گران و عه‌قڵسووكن!

به‌سێ سه‌گمه‌رگ و (گم): ... ... مه‌ركوو.

(٤٥) واته: ئه‌وانه‌ی كه لـه‌م بارودۆخه ناله‌باره‌ی سلێمانی‌دا دڵشادن، به ڕه‌گه‌ز ده‌چـنه‌وه سـه‌ر شه‌یتان و له لق‌وپۆپدا نوتفه‌یه‌كی ناپاكن!

ئه‌م به‌یته و به‌یتی پێشوو قووڵیی بیری سیاسیی سالم و نه‌ته‌وه‌په‌رستیی پیشان ده‌ده‌ن.

سوله‌یمانی (ن): سوله‌یمانیه. حه‌یضن (عا): حه‌یظن. هه‌ڵه‌یه. جینسی (ن): نه‌سلی.

(٤٦) بانی: بنیادنه‌ر. مه‌روان: كوڕی حه‌كه‌می چواره‌م خه‌لیفه‌ی ئومه‌وییه، كه ده‌سه‌ڵاتی لـه سـوفیانییه‌كانه‌وه برده ده‌سـتی مه‌روانییه‌كان. لـه سـه‌رده‌می خه‌لیفه عوسماندا (خ.ڕ) وه‌زیر و ڕاوێژكار

٥٨٧

گەهێ هەمدەردی ئەتراکن، گەهێ هەمعەیشی ئەکرادن
لە یەکلا مادەری بەرڕەن، لە یەکلا یاری گورگانن (٤٧)
لە ظولْمی چەرخی چەپگەردش دریْغا، حەسرەتا، دادا!
بە میثلی "سالم"ی بێکەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن (٤٨)

بوو و بەشداریی لە شەڕی (جەمەل)دا کرد. پاشان کە داوای خەلیفایەتیی کرد، سەرەتا خەڵکی ئوردون بەیعەتیان پێ کرد، ئەمجا چووە شام و لەسەر تەختی خەلیفایەتی دانیشت.

واتە: بنیادنەری ئەم ئاژاوە و شەڕە لە بنەڕەتدا کاسبەکانی شاری بوون، کە لە کاری فیتنە و ئاژاوەنانەوەدا وەك مەروانن.

شایانی وتنە، لەم بەیتەیشەوە بۆنی ئەوە دەکرێ کە بازرگان و کاسبکارانی شار، وەك توێژی تازە دەرکەوتووی کۆمەڵایەتی کە پێویستییەکانی گەشەکردنی شار هێناونیە مەیدان، جۆر نەبوون و ئەوانیش هۆیەکی ڕووخانی بابان بوون.

(٤٧) بەرڕە: بەرخ.

واتە: ئەم بیچمانە، شەریکی دز و هاوڕێی قافڵەن؛ لەگەڵ گورگ گۆشت دەخۆن و لەگەڵ مەڕیش شین دەکەن!!

گەهێ هەمدەردی.. تاد (کم، گم): گەهێ هەمدەردی ئەکرادن، گەهێ هەمعەیشی ئەتراکن. هەمرازی (گم): هەمعەیشی. بەرڕەن. (گم): بەرخن.

(٤٨) واتە: ئاخ و داخ و ئۆف لە ستەمی چەرخی چەپگەڕ، زۆر کەسی وەك سالم بێکەس و وێڵی وڵاتانن.

سالمی بێکەس گەلێ کەس (عا): نالی بێکەس کەسی! هەڵەیە، چونکە نە شێوەی شیعرەکانی شێوەی نالییە، نە نالیش ئەو کاتە لەو ناوەدا بووە. سەرەڕای ئەوە، نوسخەکەی (مان)، وەك لە پێشەکییەکەدا نووسراوە، بۆ سالم خۆی نووسراوەتەوە. ئەگەر ئەم شیعرە درێژە هیی نالی بووایە، ئەم نەیدەکرد بە شیعری خۆی!

-١٧- (*)

**ئەو کەسانە کە عەدووّی عاشقی سەرگەردانن**
**بێدڵ و بولهەوەس و کەمخێرەد و حەیوانن (١)**
**کەس بە سەرحەددی بیابانی مەحەببەت نەگەیشت**
**وەکو من سالیکی ئەم ڕاهە، هەموو حەیرانن (٢)**
**ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە، سفلّەیی دز**
**پاسەبانی سەری ئەم کۆیە جەوانمەردانن (٣)**
**ئەشکی "سالم" کە بە یادی لەبی تۆ دێتە کەنار**
**قەطرەقەطرە لە نەظەر ئەهلی بەصەر، مەرجانن (٤)**

(*) ئەم پارچەشیعرە لە (حا، کم، گم، ق)دا هەیە.

کێشی عەرووز: ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەصڵەم.

(١) بولهەوەس: بوْالهَوَس، ئارەزووباز.

واتە: ئەوانەی کە دوژمنی عاشقی سەرلێشێواون، دڵیان نییە و ئارەزووباز و کەمعەقڵ و لە ئاستی ئاژەڵدان، بۆیە ئەوە کاریانە.

ئەو کەسانە (کم، گم): ئەو کەسانەی. بوالهوس و کەمخێرەد (ق): بێخێرەد و بولهوس.

(٢) واتە: کەس نەگەیشتە سەر سنووری بیابانی خۆشەویستی و ئەوانەی کە ئەم ڕێگایەیان گرتووە، وەك من سەرگەردانن.

بە سەرحەددی (حا، کم، ق، گم): لە سەرحەددی. بەم جۆرە، یانێ: کەس تێی نەگەیشت.

(٣) واتە: مرۆی بەدئەمەکی سپڵە ڕێی ناکەوێتە خاکی حەرەمی خۆشەویستی. پاسەوانی ئەم دەوروبەرە جوامێرانن، ڕێی سپڵە و بەدئەمەك نادەن.

سفڵەیی (کم، گم): سپڵەیی. دز (حا): دڕ. (ق): دوزد.

(٤) واتە: فرمێسکی سالم کە بە یادی ماچی لێوی تۆ دەڕژێتە باوەش، دڵۆپ دڵۆپی لای بینایان و لەعیشقزانان وەك مەرجانی سووری بەنرخە.

قەطرە قەطرە (کم، گم): قەطرە قەطرەی.